# هۆشیاریی کۆمەڵایەتی

فوئادی تاهیر سادق

هەواڵنامەی کتێب

مەڵبەندی کوردۆلۆجی

## هەرێمی کوردستان

### سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

### مەڵبەندی کوردۆلۆجی


◊ ناوی کتێب: هۆشیاریی کۆمەڵایەتی
◊ بابەت : کۆمەڵایەتی
◊ نوسەر: فوئادی تاهیر سادق
◊ پیتچنین: نووسەر
◊ وردبینی و هەڵەبڕی: مینە
◊ دیزاین: بڕیار فەرەج کاکی
◊ بەرگ: رەنج شوکری
◊ ژمارەی سپاردن: ١٣٣٩، ساڵی ٢٠٠٨.
◊ چاپخانەی تیشك/چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٨
◊ سەرپەرشتیاری چاپ: بڕیار فەرەج کاکی
◊ تیراژ : ١٠٠٠ دانە .
◊ نرخ : ٢٥٠٠ دینار.
◊ زنجیرە: ١٥


هەواڵنامەی کتێب


مەڵبەندی کوردۆلۆجی

ناونیشان: سلێمانی، گردی ئەندازیاران – گەڕەك: ١٠٥، کۆڵان: ٢٥، ژ. خانوو:٤، ژ.پۆست:٩٥،

تەلەفون:٣١٩٣١٧٥ – ٣١٩٣٠٩٣

Kurdology2006@yahoo.com

# ناوەرۆك


- پێشەکی ........................................ ٧

**بەندی یەکەم** ........................................ ١١

- کۆمەڵگەو بنەماکانی پێکهاتنی ١٣
- گۆڕانی کۆمەڵایەتی ١٩
- هۆکارەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی ٢٣
- چاکسازی... شۆڕش... گۆڕانی کۆمەڵایەتی ٣٣

**بەندی دووەم** ........................................ ٣٧

- کورتەیەکی چڕی کۆمەڵزانی ٣٩
- گرنگیی کۆمەڵزانی ٤٣
- دەروونزانیی کۆمەڵایەتی ٤٦
- پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ٥٠
- کەسێتی و ژیانی کۆمەڵایەتی ٥٣

**بەندی سێیەم** ........................................ ٥٩

- برسێتی کۆمەڵگەی دواکەوتوو و ژێردەست ٦١
- پێنەگات... ناگات ٦٣
- بەرژەوەندی و بیروباوەڕ و رەوشت ٦٦
- بەرژەوەندی و هەڵوێست ٧٠
- مرۆڤی ئاسایی و مرۆڤی هەڵکەوتوو ٧٥
- ئەوانەی پشتیان پێ نابەسترێ ٧٨

**بەندی چوارەم** ........................................ ٨١

- باری کۆمەڵایەتیمان ٨٣
- دیاردە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووەکانمان ٩٦
- کوردو نووسینی کۆمەڵایەتی ١٠١
- کەسێتی کورد ١١١
- لە خۆخوازییەوە بۆ خۆو نەتەوەخوازی ١١٤

**بەندی پێنجەم** ........................................ ١١٩

- هۆشیاریی کۆمەڵایەتیمان ١٢١
- گرنگیی رەوشت لە ژیانماندا ١٢٧
- هاوچەشنیی نەتەوایەتیمان ١٣٢
- نەتەوایەتی نەك هۆزایەتی ١٣٩
- هۆکارەکانی یەکنەگرتنی کورد ١٤٩

بەندی شەشەم ........................................ ١٦٣

- رەوشی ئافرەتی کورد ١٦٥
- ئەرك و ماف ١٧٢
- کەم قسەکردن... زۆر کارکردن ١٧٩
- سەرچاوەکان ........................................ ١٨٣


هەواڵنامەی کتێب

# هۆشیاریی کۆمەڵایەتی
# بنچینەی
# هۆشیاریی نەتەوایەتییە

# پێشەکی

هۆشیاری، ناسینو زانینـە، ئاگاداریو تێگەیشتنە، پێزانینو هەستکرنەو دانـەوەی دەوروبـەری کۆمەڵایـەتیی سروشـتە لـە مێـشکی مـرۆڤ و لـە ڕێـی هەستەکانییەوە... لەو لایەنانەی، کە مرۆڤ لـە ئاژەڵ جیا دەکاتـەوە، هۆشیارییە... چەند مرۆڤ هۆشیار بێ، ئەوەندەیش لە کۆمەڵگەو دەوروبەرەکەیدا زاڵ دەبێ.

هۆشیاری وا لە مـرۆڤ دەکات تـا ڕادەیـەکی بـاش لـە خـۆیو کۆمەڵگەو سروشت بگات... لەبارەی واتاو بابەت، ڕوواڵەتو گەوهەر، کێشەو پێکهات بزانـێ... ئاگاداری بەسـەرهاتو داکـەوتو ڕووداوەکـان بـێ. ئـەو مرۆڤـەی شـارەزای ژیـانو بـاری کۆمەڵایـەتی بـێ، دەتـوانێ کـەموکورتیو گیروگرفـت دیـاری بکـاو چـارەیان بـۆ بدۆزێتەوە.

هۆشیاریی کۆمەڵایەتی، زانینو تێگەیشتنە لەبارەی بـارو پێکهاتو دیاردەو گیروگرفـتو پێوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانـەوە... ئـەم هۆشـیارییە بـە خۆناسـینەوە دەسـت پێـدەکات... هـاووڵاتی دەبـێ ئـەوە بزانـێ، کـە چـەندین مـافی لـە ژیـانی کۆمەڵایەتیدا هەیەو نابێ زەوت بکرێن... هۆشیاریی کۆمەڵایەتی ڕێزو بەهانانە لە نەتەوەو نیشتیمانی خۆ... دانەوەی بوونو پێکهاتو باری کۆمەڵایەتییە لە مێشکی هاووڵاتیـدا... نـەبوونی، یـان کـەمی هۆشـیاریی کۆمەڵایـەتی لـە نێـو ڕۆڵانـی نەتەوەیەکدا لێقەومانو دەردێکی گرانە... هۆشیاریی نەتەوایـەتی پتـەوو کاریگـەر نابێ ئەگـەر لەسـەر بنـچینەی هۆشـیاریی کۆمەڵایـەتی دانەمـەزرابێ... هاووڵاتییـان ئەگەر بەهای ژیـان نـەزانو ڕەنجی بـۆ نـەدەنو بـەختکردنیان نـەبێ بـۆی، ئەگـەر هەسـت بـە بـارخراپیو کـەموکورتی نەکـەن، هۆشـیارییان بەگـشتیو هۆشـیاریی کۆمەڵایەتییان بە تایبەتی کەموکورت دەبێ !

هەواڵنامەی کتێب

مەبەستی ئەم "نووسراوە"یە (book) پترکردنی هۆشیاریی کۆمەڵایەتییە لە نێو هاووڵاتییانماندا... بێجگە لە بابەتی "هۆشیاریی کۆمەڵایەتیمان"، کە ئاستو رادەی هۆشیاریمان لەم رووەوە دەردەخات، هەموو بابەتەکانی دی نووسراوەکە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی زۆر پێویستن.

لەم سەردەمەدا بەهۆی زۆربوونی ژمارەی دانیشتووانو فراوانبوونو ئاڵۆزبوونی ژیانی کۆمەڵایەتی، بێ خوێندنەوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتیو کۆمەڵزانی (sociology) بە تایبەتی، مرۆڤ ناتوانێ بە چاکیو دروستی لە کۆمەڵگە بگات. بە ناسینی کۆمەڵگەو زانینی پێکهاتەکەیو تێگەیشتنی شێوەی پەرەسەندنو گۆڕانەکان، بە شارەزابوون لەبارەی رەوتی رووداوەکانو باری کۆمەڵایەتیمان، ئەوسا بە دروستی دەزانین، کە کۆمەڵگە بەپێی دواکەوت (reality)و هۆکاری بابەتیو یاسای تایبەت بەخۆی پەرەدەستێنێو دەگۆڕێو پێشدەکەوێ.

هەزارنامەی کتێب

هەموو بابەتەکانی ئەم نووسراوە ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵایەتیمان بەرز دەکەنەوە... بابەتەکانی لە شەش بەند پۆلپۆل کراون... **بەندی یەکەم** پێکهاتووە لە: کۆمەڵگەو بنەماکانی پێکهاتنی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، هۆکارەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، چاکسازی... شۆڕش... گۆڕانی کۆمەڵایەتی... **بەندی دووەم** پێکهاتووە لە: کورتەیەکی چڕی کۆمەڵزانی، گرنگی کۆمەڵزانی، دەروونزانیی کۆمەڵایەتی، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کەسێتیو ژیانی کۆمەڵایەتی... **بەندی سێیەم** بریتییە لە: برسێتی کۆمەڵگەی ژێردەست و دواکوتوو، پێنەگات... ناگات، بەرژەوەندیو بیروباوەڕو رەوشت تاکەکانی کۆمەڵگە یەکدەخەن، یان لە یەکدەکەن، بەرژەوەندیو هەڵوێست، مرۆڤی ئاساییو مرۆڤی هەڵکەوتوو، ئەوانەی پشتیان پێ نابەسترێن... **بەندی چوارەم** ئەم بابەتانە دەگرێتەوە: باری کۆمەڵایەتیمان، دیاردە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووەکانمان، کوردو نووسینی کۆمەڵایەتی، کەسێتی کورد، لە

خۆخوازییەوە بۆ خۆو نەتەوەخوازی... **بەندی پێنجەم** ئەم بابەتانەی هەیە: هۆشیاریی کۆمەڵایەتیمان، گرنگی رەوشت لە ژیانماندا، هاوچەشنیی نەتەوایەتیمان، نەتەوایەتی نەك هۆزایەتی، هۆکارەکانی یەکنەگرتنی کورد... **بەندی شەشەم**و کۆتایی ئەم بابەتانە لەخۆ دەگرێ : رەوشی ئافرەتی کورد، ئەرك‌و ماف، کەم قسەکردن... زۆر کارکردن.

دەبا بزانین ئەم نووسراوە چەند هۆشیاریی کۆمەڵایەتیمان بەرز دەکاتەوەو هۆشیاریمان لەم رووەوە لە چ ئاستێکدایە... بە هیوای ئەوەی، کە بابەتەکانی نووسراوەکە سوود بە هاووڵاتیی خوێنەر بگەیەنێ‌و کەلێنێ لە رۆشنبیریی نەتەوایەتیمان پڕ بکاتەوە.

نووسەر

٦/ گوڵان/ ٢٧٠٧

٢٦/ نیسان/ ٢٠٠٧

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# بەندی یەکەم

- کۆمەڵگەو بنەماکانی پێکهاتنی
- گۆڕانی کۆمەڵایەتی
- هۆکارەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی
- چاکسازی... شۆڕش... گۆڕانی کۆمەڵایەتی

هەواڵنامەی کتێب

# کۆمەڵگەو بنەماکانی پێکهاتنی

مـرۆڤ بـەهۆی نیـشتیمانو ژیـانی ئـابووری، کۆمەڵایـەتیو پێکهـاتی رۆشـنبیریو دەروونـی جیـا، کۆمەڵگـەی جیـای پێکهێنـاوە... کەواتـە کەسـانی هاونیشتمانو باری ئابووریو کۆمەڵایەتی خاوەن پێکهاتی رۆشنبیریو دەروونیی هاوبـەش کۆمەڵگـەی خۆیـان پێکهێنـاوە... گونـدو شارۆچکە (town) کۆمەڵگـەی بچووکن، شار (city)، گەورەترەو لەوەش گەورەتر کۆمەڵگەی وڵاتە.

لە سەردەمی کۆندا، مرۆڤ هۆبە هۆبە ژیاوەو ژمارەیان کەم بـووە... ژیـانی کۆمەڵایەتییان ساکار بووە... حەسانەوەو پاڵدانەوەیان زۆر بـووە... کارکردنیـان بـە رادەی دابینکردنـی پێویـستییە سـەرەتاییەکانی خـۆراكو بـەرگو خـانووی سـاکار بـووە... پێـشبڕکێو هەڵپـەی ماڵو مایـە پێکـەوەنانیان نـەبووە... پێوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکانیان لـە چێوەی خێـزانو خزمایـەتیو هـۆزدا بـوون... کۆمەڵگـەی ساکاریان پێکهێنابوو.

لەم سەردەمەدا، ژیانی کۆمەڵایەتی فراوانو ئاڵۆز بووە، پێکهاتو دامەزرەو دەزگایـەکانی بەیەکداچـوون... بـە پێـشکەوتنی بـاری ئـابووری – کۆمەڵایـەتی – رۆشـنبیرییەوە، کۆمەڵگـە لـە ئـابووری سروشـتییەوە "ئاژەڵـداریو کـشتوکاڵی سـەرەتاییەوە" بـۆ ئـابووری کـشتوکاڵی – بازرگـانی – دارایـی پیـشەسازی گواسـتیویەتەوە... لـە ئـامرازو کەرەسـتەی دارو گڵو دروسـتکاری سـاکارەوە، بـۆ ئاوەدانکردنـەوە بـە نەخـشەی ئەنـدازیاریو ئـامێرو بگێـڕو پیـشەسازیزانی (technology) پێـشکەوتوو... زۆربـوونی ژمـارەی دانیـشتووانو کـشانی ناوچـە ئاوەدانکراوەکان، هەمەجۆری بەیەکداچوونی بەرژەوەندیەکان، قورسی بـاری ژیـانو زۆربوونی پێویستییە کەرەستەییەکان، کـارکردنی زۆرو خـەریکبوون بـە گـوزەرانو ژیانەوە... ئەمانە هەموویان کۆمەڵگەیان ئاڵۆز کردووە.

لەبارەی ئەو بنەمایانەی، کە کۆمەڵگەی پێکهێناوەو شارستانێتی دامەزراندووە، چەند بیردۆزێك (theory) هەن، کە هەر یەکەیان هۆکارێك، یان لایەنێك بە پێکهێنەری کۆمەڵگەو دامەزراندنی شارستانێتی دادەنێ... بێگومان تاکە هۆکارێك چەند کاریگەربێ، بەتەنیا کۆمەڵگە پێکناهێنێ... سێ بیردۆز هەن، کە لە بنەماکانی پێکهاتنی کۆمەڵگەو دامەزراندنی شارستانێتی دەدوێن :

<u>بیردۆزی رەگەزی Racial Theory</u> : ئەم بیردۆزییە "یەك رەگەزی" بە بنچینەی پێکهاتنی کۆمەڵگە دادەنێ... بە رای ئەو، کۆمەڵگە بەپێی سروشتو تایبەتە (pecularity) رەچەڵەکی – رەگەزییەکەی پێکهاتووە... هەر کۆمەڵگە شارستانێتیو رۆشنبیری تایبەت بە رەگەزی خۆی هەیە، کە لە کۆمەڵگەی دی جیادەکرێتەوە... لایەنگرانی ئەم بیردۆزییە دەڵێن دروستترین رێباز بۆ پاراستنی کۆمەڵگەو شارستانێتییەکەیو مسۆگەرکردنی پێشکەوتنەکەی، پاراستنی خاوێنی خوێنی رەگەزەکەیەتی.

هەن رەگی ئەم بیردۆزییە بۆ هۆزگەری دەبەنەوە... هەشن دەیبەنەوە بۆ کۆچو داگیرکردنو خۆسەپاندن بە زەبری هێز... نەتەوەی داگیرکەر خۆشیو پێشکەوتن بۆ خۆی وەدەستدەهێنێو نەتەوەی ژێردەستیش لە ماڵو مایەو بەروبوومەکانی وڵاتەکەیو پێشکەوتن بێبەش دەکات... دەسەڵاتی نەتەوەی داگیرکەر وای دادەنێ، کە شارستانێتیو رۆشنبیرییەکەی لەوانەی نەتەوەی ژێردەست بەرزترن.

<u>بیردۆزی دەوروبەری Environmental Theory</u> : دەوروبەر، بەرو ئەنجامی چەند لایەنو هۆکاری سروشتیو شوێنە... هەن دەوروبەر بە هۆکاری سەرەکی پێکهاتنی کۆمەڵگە دادەنێن... پێکهاتنی کۆمەڵگە بە لێکدانەوەی زەویزانی (geography) بۆ سێ سەردەم دەبەنەوە:

١. سەردەمی شارستانێتییەکانی رۆخ زییەکان، کە شارستانێتییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو هیندو چین دەگرێتەوە.

٢. سەردەمی شارستانێتییەکانی رۆخی دەریای سپی ناوەڕاست ، کە شارستانێتی فنیقیاو یۆنانو رۆمانو ئیسپانیاو پورتگالن.

٣. سەردەمی شارستانێتی زەریای ئەتلەسی، کە شارستانێتییەکانی ئەم سەردەمە نوێیەن.

خاوەنی "بیردۆزی دەوروبەری" دەڵێن سروشتی دەشتو بیابانو ژیانی کۆچەری، دابو نەریتو بەهای کۆمەڵایەتی تایبەت بە خۆی پێکهێناوە... دەرچوون لە بیابانو نیشتەجێبوونی کۆچەر، ئەنجامی گۆڕانی دەوروبەر بووە... بە دوای ساڵانی بارانو سەوزایی، ساڵانی وشکانیو نەهامەتی هاتووە، کە دانیشتووانی ناچارکردووە بگوازنەوەو روو بکەنە وڵاتانی دراوسێی خۆیانو داگیری بکەن... بەو شێوەیە، عەرەب لە نیمچە دوورگەی عەرەبستان دەرچوونو وڵاتی بەپیتو ئاو زۆریان داگیر کرد... هەروەها بە هەمان شێوە، مەغۆلو تورك لە سەدەکانی، یانزەیەم – شانزەیەم لە بیابانەکانی ئاسیای ناوەندەوە دەرچوونو پەلاماری وڵاتانی چینو هیندو ئێرانو ئاسیای بچووکیان "تورکیای ئێستا" داو داگیریانکردن.

باری ژیانو کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکانی جیهان بەپێی دەوروبەرە سروشتییەکانیان جیاوازن... ژیان لە دەوروبەری ساردو چیایی سەختەو کارو رەنجی زۆری دەوێ... هەرچی دەوروبەری دەشتاییە ئاوو هەوای میانە ژیانی ئاسانترەو بواری کشتوکاڵیو چالاکی ئابووری زۆرترە... جۆری دەوروبەر باری کۆچو نیشتەجێبوون، ئاژەڵداریو کشتوکاڵی، بازرگانیو پیشەسازی پێکدەهێنێ... هەروەها جۆرو زۆریو کەمی کانزایەکان، کە پێوەندی بە دەوروبەرەوە هەیە کار لە ژیانی کۆمەڵگە دەکەن... کانزا کاریگەرییەکی زۆری لەسەر شێوەی ژیانی کۆمەڵگە هەیە، کە کەرەستەی دروستکردنی ئامرازو ئامێرو بگێڕ (engine)و دروستکاریو پیشەسازیو چەکی جەنگە... بەشێکی زۆری سەرکەوتنی نەتەوەیەك لە جەنگدا بۆ جۆری چەكو پیشەسازییەکەی دەگەڕێتەوە... بوونی ئاسنو بەردەخەڵووز هۆکارێکی پێشکەوتنی وڵاتێکی وەك بریتانیا بووە... هەروەها وڵاتی

وەك ئەڵمانیاو ئوستڕالیاو هەرێمی ئەلاسکا، بۆ نموونە، بەهۆی کانزایەکانیانەوە پێشکەوتن.

<u>**بیردۆزی ئابووری Economical Theory**</u> : ئەم بیردۆزییە، ئابووری بە هۆکارێکی سەرەکی دیاریکردنی شێوەی کۆمەڵگەو پەرەسەندنی دادەنێ... ئابووری، کە سەرجەمی چالاکییەکانی بەرهەمهێنان‌و ڕاژە (service)و دابەشبوون‌و گۆڕینەوەو لەکارهێنانی شمەکە، هاریکاری‌و ناکۆکی بەرژەوەندی‌و ئاستی ژیانی جیاوازو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پێکدەهێنێ.

مارکسییەکان باوەڕیان وایە، کە هەرچەندە هۆکارەکانی دەوروبەرو ڕۆشنبیری‌و دەسەڵاتی رامیاریی، کار لە شێوەی کۆمەڵگەو پەرەسەندنی دەکەن، بەڵام بەلایانەوە باری ئابووری هۆکارێکی بنچینەیی‌و بڕێنەرەوەی دیاریکردنی شێوەی پێکهات‌و پێڕۆی کۆمەڵگەیە.

<u>**هەڵسەنگاندنی بیردۆزییەکان**</u> : بە تێبینی‌و لێکۆڵینەوەو چاودێری دەرکەوتووە، کە جیاوازی مرۆڤ لە رووی ژیری‌و زیرەکییەوە بەهۆی جیاوازی رەنگ‌و رەگەزیەوە نییە، بەڵکو بەرو ئەنجامی جیاوازی دەوروبەری سروشتی‌و کۆمەڵایەتییە... بەری جۆرو ئاستی کارو گوزەران‌و فێربوونە... بەری ئاست‌و جۆری شارستانێتی‌و ڕۆشنبیری‌و پەروەردەیە... باری تەندروستی‌و جۆری خۆراك‌و حەساوەیی، ژیانی کۆمەڵایەتی‌و ڕۆشنبیری، سروشت‌و جۆرو جیاوازی ژیانی شاری‌و گوندی، کشتوکاڵ‌و بازرگانی‌و پیشەو پیشەسازی کار لە جۆرو ئاستی ژیری‌و زیرەکی مرۆڤ دەکەن

لە لایەکی دی، بەڵگەی زانستی نییە، کە شارستانێتی لەسەر بنچینەی رەگەزی دامەزرابێ، چونکە رەگەزەکانی مرۆڤایەتی بە درێژایی مێژوو لە یەکدی دانەبڕاون... هیچ نەتەوەیەك بە جیاو دابڕاوی، شارستانێتی دانەمەزراندووە، بەڵکو دابڕان‌و گۆشەگیری هۆیەکی سەرەکی دواکەوتن بووە.

هەرچی بیردۆزی دەوروبەرییە، سەرەڕای گرنگی‌و کاریگەری شوێن لە ژیانی نەتەوەواندا، بە تایبەتی لە سەردەمی کۆندا، کە دەوروبەری سروشتی زۆر

کاریگەر بووە، بەڵام لە سەردەمی نوێدا بە هۆی پێشکەوتنەوە کاریگەرییەکەی کەمبۆتەوە... ئەم بیردۆزییە کارایی مرۆڤی لەبیر کردووە. مرۆڤ نەك هەر کارتێکراوی دەوروبەرە، بەڵکو کارتێکەری دەوروبەریشە... بە رادەی رۆشنبیرییەکەیو ئاستی شارستانێتییەکەی گۆڕانی تێداکردووەو دەیکاو بۆ ژیانی خۆی گونجاندووەو دەیگونجێنێ... بۆ نموونە لە کۆندا دەریا، دوورگەیەکی وەك بریتانیای لە جیهان دابڕیوە، بەڵام پێشکەوتنی شارستانێتی مرۆڤ بەلەمو کەشتی داهێناو دەریای کردە رێ بۆ هەموو لایەکانی جیهان.

دەوروبەرو شوێن، هۆکارێکی کاریگەری دامەزراندنی شارستانێتیو خێراکەری، یان دواخەری پەرەسەندنن، بەڵام تاکە هۆکارێکی بڕێنەرەوە نییە، چونکە گۆڕانو پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی لە گۆڕانی دەوروبەری سروشتی خێراترن... بۆ نموونە ئەوروپا لە ماوەی دوو هەزار ساڵی رابردوو بە سێ کاروانگەی ئابووری – کۆمەڵایەتی تێپەڕیوە : کۆیلەییو دەرەبەگایەتیو سەرمایەداری... لە بەشە خۆرهەڵاتەکەشی هاوبەشێتی دامەزرا، کەچی دەوروبەرە سروشتییەکەی شتێکی ئەوتۆ نەگۆڕاوە... گۆڕانی دەوروبەری سروشتی سەدان هەزار، بەڵکو ملیۆنەها ساڵی دەوێ، هەرچی گۆڕانو پەرەسەندنی کۆمەڵانی مرۆڤایەتییە بە دەیان ساڵ، یان بە سەدان ساڵ دەگۆڕێو پەرە دەسێنێ.

لەلایەکی دیکەوە. راستە زۆری ژمارەی دانیشتووان بە چاك، یان بە خراپ، زۆرو کەم، کار لە پەرەسەندنی کۆمەڵگە دەکات، خێرای دەکا، یان سستی دەکا، بەڵام هۆکارێکی بنچینەییو بڕێنەرەوە نییە... ئەگەر زۆری دانیشتووان هۆکارێکی بنچینەیی گۆڕانو پەرەسەندن بووایە، دەبووایە وڵاتان بەپێی ژمارەی دانیشتووانیان پێشکەوتبان... ژمارەی دانیشتووانی وڵاتێکی وەك چین، چوار ئەوەندەی روسیایە، کەچی لە روسیا پێشکەوتووتر نییە... هەروەها ژمارەی دانیشتووانی هیند، سێ ئەوەندەی ژمارەی دانیشتووانی هەرێمە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، کەچی زۆر لەدوای ئەوە.

نەتەوەیەك چەندە پێشکەوێ‌و شارستانێتییەکەی بگەشێتەوە، توانای زۆرتر دەبێ‌و زیاتر بەسەر دەوروبەردا زاڵ دەبێ... دەوروبەری سروشتی زەمینەی ژیانی کۆمەڵایەتییە، بەڵام نەتەوەیەك بە نەخشەو بەرنامە، بە کارو پڕۆژە، دەوروبەری خۆی ڕێکدەخاو دەیگونجێنێ.

دەتوانم بڵێم چەند هۆکارێك کۆمەڵانی مرۆڤایەتی پێکهێناوە... جیاوازی جۆرو ئاستی ئەو هۆکارانە هۆی دامەزراندنی کۆمەڵگەو شارستانێتی جیاوازن... هۆکار هەیە سەرەکییەو هەشە لاوەکییە... دەوروبەری سروشتی لە رووی شوێن‌و ئاوو هەواو گەرمی‌و ساردی‌و سامانداری خاکەوە وەك یەك نین... بێجگە لەوانەش، نەتەوان هەموویان وەك یەکدی تووشی داگیرکردن‌و شاڵاوی دوژمن‌و دراوسێی دڕو خراپ نەبوون... وەك یەك لەلایەن بیانی بەربەرەکانی‌و دابەشنەکراون‌و دوانەخراون.

کۆمەڵانی مرۆڤایەتی، بەتایبەتی لەم سەردەمەدا، لە یەك کاروانگەی پێکهاتنی کۆمەڵایەتی – ئابووری نین... هەن سەدان ساڵ پێش کۆمەڵانی دی کەوتوون... هۆکاری دەوروبەری سروشتی، شوێن‌و ئاو و هەواو سامانی رووەك‌و کانزاو ئاژەڵ‌و بەپیتی خاك‌و زێ‌و دەریا بۆ پەرەسەندن‌و پێشکەوتنی کۆمەڵگە کاریگەرە... هەروەها هۆکاری ئابووری، هەندو جۆری بەرهەمهێنان‌و چالاکی گۆڕینەوەی شمەك‌و بەهاو راژە، دابەشبوون‌و بەکارهێنانیان، هۆکارێکی بنچینەیی پێکهاتنی کۆمەڵگەو دامەزراندنی شارستانییە... لەگەڵ ئەوانەشدا، جۆری پێکهاتنی کۆمەڵایەتی‌و ئاستی رۆشنبیری‌و دەسەڵاتی رامیاری بەشداری ئەو کردەیە دەکەن.

هۆکارەکانی دەوروبەری سروشتی، رووداوە مێژووییەکان، باری ئابووری، شێوەی دەسەڵاتی رامیاری، جۆری پێکهاتی کۆمەڵایەتی، ئاستی رۆشنبیری‌و پێکهاتی دەروونی، پێکڕا بەشداری پێکهاتنی کۆمەڵگەو دامەزراندنی شارستانێتی دەکەن.

# گۆڕانی کۆمەڵایەتی

گۆڕانی کۆمەڵایەتی کردەیەکی مێژوویی – دانیشتووانی بەردەوامە... ڕوودانێکە کەسانی کۆمەڵگە حەز بکەنو نەکەن، هەر دێتە دی... بیری کۆن، باوەڕی بە چەسپاوی باری کۆمەڵایەتی هەبووە نەك بە گۆڕانی... هەرچی بیروباوەڕی نوێیە، کە لەسەر بنچینەی زانستی دامەزراوە، باوەڕی بە گۆڕانو پەرەسەندن هەیە... گۆڕان دیاردەیەکی سروشتییەو لە هەموو بوارەکانی بوونو ژیاندا ڕوودەدا... لە بێگیانو گیاندارو ژیانی کۆمەڵایەتیدا ڕەچاو دەکرێ... بۆیە لقێکی تایبەت بە گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵزانیدا بە ناوی "کۆمەڵزانیی گۆڕانی کۆمەڵایەتی" پێکهاتووە.

کۆمەڵگە لە لایەکەوە هەوڵی بەردەوامی پێکهاتو کەلەپوورەکەی دەداو دەیانپارێزێ... لەلایەکی دی بە چاکسازی، یان بە شۆڕشی کۆمەڵایەتی کار بۆ گۆڕینیان دەکات... لێرەدا لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگە دوو لایەن دەگرێتەوە : نەگۆڕان لە ڕەوەنی بزاڤداو بزاڤ (movement) لە نەگۆڕاندا... کۆمەڵگە هاوسەنگی بزاڤی گۆڕانە... شێوەیەکی یەکبوونو زۆرانی دژوارەکانێتی... بە بۆچوونی "ڕۆبەرت ماکیڤەر"و "چارلس پیچ"، کە دوو کۆمەڵزانی ئەمریکایین، "کۆمەڵگە شێوە دوابەدوای کردەی بەردەوامو ڕوودانی هەمیشەییە"... "مارکسێتی"ش جەخت دەکا، کە بزاڤ خوویەکی بنچینەیی کەرەستەیەکە لە سروشتو کۆمەڵگە ڕوودەدا... بزاڤو گۆڕانی جیهانە... کەرەستە بێ بزاڤ نییە... بزاڤی کەرەستە ڕەهایەو وەستان ڕێژەییە.

گۆڕانی کۆمەڵایەتیو پەیوەندییەکەی بە گۆڕانەکانی سروشتەوە، وتووێژی فەلسەفی کێشەی "نەگۆڕان"و "گۆڕان" بووەو بۆ سەرەتای بیری فەلسەفی دەگەڕێتەوە، بە تایبەتی فەلسەفەی یۆنان... "هێرکلیتس"ی فەیلەسوفی (philospher) یۆنان (٥٤٠ – ٤٧٠ پ. ز)" باوەڕی بە بزاڤو گۆڕان بووە... هەرچی

"بارمنیدس"(٥٤٠ - ؟ پ. ز)" بوو، باوەڕی بە نەگۆڕان بوو.

بە دۆزینە جوگرافییەکانی ئەوروپاییەکان لە کۆتایی سەدەی پانزدەیەم‌و شانزدەیەمداو گەشانەوەی بازرگانی لە نێو کیشوەرەکاندا، زۆرانی بیروباوەڕی ئاسمانی "لاهوتی" کەنیسەو بیری زانستی لە سەدەی حەڤدەیەمدا، کە بەری شۆڕشی پیشەسازی‌و پێگەیشتنی سەرمایەداری بوو دەستی پێکرد... ڕۆشنبیری‌و شارستانێتی پەرەیان سەندو سەردەمی بزوتنەوەی ڕۆشنبیریی ( Enlightenment Era) هاتە کایەوە... بیرمەندە پێشکەوتووەکان ڕایانگەیاند، کە مرۆڤ بەهۆی ژیری‌و هۆشیارییەکەیەوە توانای گۆڕینی ژیانی کۆمەڵایەتی هەیە.

لەو شۆڕشە ژیرییەوە، بیری "پەرەسەندن"و بیری "هەربوونی گۆڕانی کۆمەڵایەتی"و بیری "پێوەندی‌و کارتێکەری گۆڕاوەی نێو دیاردە سروشتییەکان" دەرکەوتن... ئەو شۆڕشە زانستییە بە دوای سێ دۆزینی سەدەی نۆزدەیەم بەرجەستە بوو،، کە ئەمانەن :

١. دۆزینی خانەی ڕووەك‌و گیاندار.
٢. یاسای پاراستنی وزەو گۆڕینی.
٣. بیردۆزی داروین (١٨٠٩ - ١٨٨٢) لەبارەی بنەچەی جۆرەکان‌و سەرچاوەو پەرەسەندنی توخمەکانی گیاندارو ڕووەك.

بیرو بەرنامەی بێژیاری "دیالیکتیکی" هیگڵ، فەیلەسوفی ئەڵمان (١٧٧٠ - ١٨٣١)، کە هێرکلیتسی داناییزانی یۆنان (٥٤٠ - ٤٧٠ پ. ز" تۆوەکەی چاندبوو، "مارکس" (١٨١٨ - ١٨٨٣)و "ئەنگلس"یش (١٨٢٠ - ١٨٩٥) خستیانە سەرپێ، واتا بنچینە بیرییەکەیان کردە کەرەستە، سەرکەوتنێکی گەورەی دانایزانی "فەلسەفەی" "گۆڕان" بەسەر دانایزانی "نەگۆڕان"بوو.

هەوالنامەی کتێب

لەبارەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، جیاوازی بنچینەیی لە نێو کۆمەڵزانایان، بە تایبەتی لە نێو ئەوانەی سەرمایەداری و ئەوانەی هاوبەشێتیدا هەیە، لەو جیاوازییانە لەبارەی :

- هۆکاری بنچینەیی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.
- یەکەم گۆڕانی کۆمەڵایەتی و پاش ئەو.
- گۆڕانی گەوهەری لە کوێدایە : ئایا لە پێکهاتنی کۆمەڵایەتییە، یان لە ئەرکەکانە یاخود لە دەورەکانیدایە... لە بەهایەکانە، یان لە پێوەندییەکانە... لە لایەنی کەرەستەییە، یان ناکەرەستەییە ؟
- کاری هۆکاری بابەتی و هۆکاری خۆیی لە کردەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی.
- شۆڕش لادانە لە دروستی و ڕێکی کۆمەڵگە، یان دیاردەیەکی سروشتییە.
- هۆکارە بنچینەییەکان و هۆکارە لاوەکییەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی

لێرەدا دوو خوێندنگەی سەرەکی هەن، کە وەڵامی جیاوازی ئەو پرسیارانە دەدەنەوە :

١. بیرێتی Idealism: کەرەستە بە پاشکۆی بیر دادەنێ، بیر بە هۆی گۆڕانی کۆمەڵایەتی ژمێرە دەکات... واتا هۆشیاریی مرۆڤ بوونە کۆمەڵایەتییەکەی دیاری دەکات.
٢. کەرەستەیێتی Materialism: بیر بە پاشکۆی کەرەستە دادەنێ... گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە ئەنجامی هۆکاری بابەتی ژمێرە دەکات، کە کەوتۆتە دەری هۆشیارییەوە.

گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەپێی یاساو هۆکاری بابەتی روو دەدا... دوو روانینی جیاواز لەبارەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی هەیە : روانینی "چییێتی پاش سروشت" (metaphysics)، کە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بە سەربەخۆو نەگۆڕ دادەنێ... روانینی بێژیاری "دیالیکتیکی"، کۆمەڵگە بە بزاڤو پێوەندی بەیەکداچووی گۆڕاو دەزانێ.

کۆمەڵزانە سەرمایەدارییەکان "کۆمەڵزانی مارکسی" "کەرەستەیتی مێژوویی" بە "هەربوونێتی ئابوورییەکی"یان (Economical Determinism) ناوبردووە، کە لە پەرەسەندنو گۆڕانی کۆمەڵایەتی باوەڕی بە تواناو ویستی مرۆڤە. هەرچەندە مارکس وتوویەتی هۆشیاریی مرۆڤ بوونی کۆمەڵایەتی پێکناهێنێ، بەڵکو بوونی کۆمەڵایەتی هۆشیارییەکەی پێکدەهێنێ، جەختی کاریگەری ڕێبازو شێوازەکانی بەرهەمهێنانی کەرەستەیی لە ژیانی کۆمەڵایەتی کردووە، بەڵام هۆکاری رامیاریو رۆشنبیری نەخستۆتە پشت گوێو نەیوتووە کار ناکەنە گۆڕانی کۆمەڵایەتی... بەڵکو وتوویەتی ئەمانەش لەگەڵ هۆکاری ئابووری، بێژیارییانە کار لە یەكو گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەکەن، بەڵام هۆکاری ئابووری بنچینەییە.

لەبارەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی روانینی گەشبینو روانینی رەشبین هەیە... یەکەمیان جیهان بە باش دەزانێ، کە هەمیشە بەرەو باشتر دەگۆڕێ... دووەمیان ژیانی لا هیچەو وای دادەنێ خۆشی تێدا نییەو ناخۆشتر دەبێ... ئەم رەشبینییە بەهۆی ناخۆشی ژیانو کارەساتەکانی شەڕو جەنگو خراپەو ستەمکارییەوە دروست بووە... هەروەها ئەوانەی لە مەیدانی ژیان سەرکەوتوو نینو جێماون، ناتوانن خۆیان لەگەڵ باری ژیان بگونجێننو هەست بە نامۆیی کۆمەڵایەتی دەکەنو رەشبینن لەبارەی ژیان... ئەم رەوشە ئەوانەش دەگرێتەوە، کە لە یاساکانی پەرەسەندنو گۆڕان ناگەن.

گەشبینی پێچەوانەی رەشبینی، باوەڕی بە پەرەسەندنو گۆڕان هەیەو بە پێشکەوتنی دەبەستێتەوە... بەلایەوە پەرەسەندن کردەیەکە هەمیشە رووی لە بەرزییە... پەرەسەندن بە پێشکەوتنەوە بەندە... گواستنەوەی کۆمەڵگەیە بۆ ئاستێکی بەرزتر لە مەیدانی شارستانێتیو رۆشنبیری.

بیری پەرەسەندن (evolution) لە سەدەی نۆزدەیەمدا شێوەی بیرکردنەوەی کۆنی لەبارەی رۆشنبیری بە گشتیو زانیاری (knowledge) بەتایبەتی لە بنەڕەتدا گۆڕی... زۆر بیروباوەڕو فەلسەفەی (philosophy) پێشووی تێکشکاند... بوو بە شێوازو بەرنامەی تێگەیشتنی ژیانو گەردوونو مرۆڤو کۆمەڵگە.

# هۆکارەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی

هۆکارەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی گشتی بە دوو شێوە پۆلپۆل دەکرێن: ئەوانەی پێوەندییان بە دەوروبەری سروشتییەوە هەیە... ئەوانەش، کە بۆ دەوروبەری کۆمەڵایەتی دەگەڕێنەوە. هۆکارەکانی دەوروبەری سروشتی ئەوانەن : هۆکاری شوێن (geography)، هۆکاری ژێواری (biology)، هۆکاری دانیشتووان (demography)... هەرچی هۆکارەکانی دەوروبەری کۆمەڵایەتییە ئەمانەن: هۆکاری ئابووریو هۆکاری رۆشنبیری.

بۆ لێکۆڵینەوەی هۆکارەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، پێویستە ئەم خاڵانە رەچاو بکرێن:

١. هۆکارە بابەتیو خۆییەکان لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی، دوو لایەنی یەك راستینو نابێ بەجیا تەماشا بکرێن.
٢. کاریگەری هۆکارە سروشتییەکان بەهۆی کارو دەستێخستنی مرۆڤو گۆڕینو گونجاندنی لایەنی سروشتی بۆ بەرژەوەندی خۆیو ژیان لە کەمبوونەوەدایە.
٣. هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان هۆکاری کەرەستەییو هۆکاری ناکەرەستەیین.
٤. پێوەندییەکی تەواوکەر لە نێوان هۆکاری ئابووریو دەوروبەری سروشتدا هەیە... ئابووری بەری سروشتە... سامانەکانی سروشت، ئەوانەی سەرو بن زەوی، لەگەڵ کارو سەرمایەو رێکخستنی هۆکاری سروشتی - ئابووری پێکدەهێنن.

- <u>هۆکارە سروشتییەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی:</u> کۆمەڵانی مرۆڤایەتی لە گۆڕانی هەمیشەییدان... بۆ ئەوەی لەو گۆڕانە بگەین، دەبێ یاسایەکانی

گۆڕان‌و پێشکەوتن بزانین... کۆمەڵگە بەشێکی جیهانی کەرەستەییەو لە پەرەسەندندایەو لەگەڵ سروشت کار لە یەکدی دەکەن... هۆکارە سروشتییەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی ئەمانەن :

- <u>هۆکاری شوێن "جوگرافی"</u>: جیاوازی شوێن‌و باری ئاوو هەواو گەرمی‌و ساردی‌و سامانە سروشتییەکان لە رووەك‌و ئاژەڵ‌و سەرچاوەکانی، هۆکاری بنچینەیی هەمە جۆرو جیاوازی چالاکییە مرۆڤایەتییەکانن... سروشتی زەوی، دەشت‌و شاخ‌و بیابان، کەنار ئاوو دەریاو زەریا (ocean)، یان دووری لێیان، بڕی ئاو، رادەی شێ‌و پلەی گەرماو باو باران، رادەی بەپیتی خاك، هەندو جۆری ئاژەڵ‌و رووەك‌و کانزا... ئەمانە کار لە رەوت‌و ئاست‌و رادەو جۆری چالاکییەکانی کۆمەڵگە دەکەن... کۆمەڵگە بەپێی پێویستی خۆی‌و توانای هاووڵاتییانی، سروشت دەگۆڕێ‌و ژیانی خۆی سازو گونجاو دەکات... مرۆڤ بە کارو بەرهەمهێنان‌و سەرچاوە سروشتییەکان سامان پێکدەهێنێ... دابەشبوونی جۆری کارو بەرهەمهێنان لە سەرەتادا تا رادەیەکی باش بە دەوروبەری جوگرافییەوە بەند بووە... راوو ئاژەڵداری‌و کشتوکاڵ‌و پیشەسازی‌و کانزاسازی، پێوەندییان بە تایبەتەکانی دەوروبەری جوگرافییەوە هەیە.

لایەنە چاکەکانی دەوروبەری جوگرافی، یاریدەری پەرەسەندن‌و بەرهەمهێنانن... لایەنە خراپەکانیشی تەگەرەی پەرەسەندن‌و پێشکەوتنن... هەرێمەکانی ئاوو هەوای میان (moderate) بۆ پێشکەوتن لەبارترن لە هەرێمەکانی گەرم‌و ساردی زەوی... وڵاتی سەخت، کارو سەرمایەو توانای زۆرتری دەوێ بۆ خۆشکردن‌و گونجاندنی بۆ ژیان... خراپی، یان کەمی ئاوو هەواو خاك تەگەرەی کشتوکاڵ‌و ئاژەڵداری‌و پێشکەوتنیانن.

کۆمەڵانی مرۆڤایەتی‌و سروشت، کار لە یەکدی دەکەن... سروشت سەرچاوەکانی بۆ مرۆڤ سازداوە، بەکارهێنانیان بە رادەو ئاستی هێزە

بەرهەمهێنانەکانەوە بەندە... ئەو کەرەستانەی سروشت بە شێوەی جیاواز بەکار دەهێنرێن... کێشەی پەرەسەندنو پێشکەوتن بە دەوروبەری سروشتیو دەوروبەری کۆمەڵایەتییەوە بەندە.

دواکەوتن لە جیهاندا زیاتر لە ناوچە گەرمو زۆر ساردەکاندایە... ئەم راستییە بە تایبەتی لە سەردەمی کۆندا دیار بوو... هەرچی ناوچە فێنکەکانی جیهانە شارستانێتی پێشکەوتووی بووەو هەیە... بەڵام بەهۆی پێشکەوتنی پیشەسازی (industry)و پیشەسازیزانی (technology)، مرۆڤ بەسەر باری سەختو ناخۆشدا زاڵ بووە... بە کردنەوەی رێگەو دروستکردنی پردو بەربەستو هۆی گواستنەوەو گەیاندنی کارەباو ئاوو دامەزراندنی هۆیەکانی گەیاندن (communication)و راگەیاندن (information)و هەڵکەندنی جۆگەو نۆکەندو ئاوەدانکردنەوەو دروستکاریو پێشخستنی کشتوکالو ئاژەڵداریو سازدانی راژەکان، مرۆڤ توانیویە بیابانە وشكو گەرمەکانو ناوچە ساردەکان ئاوەدان بکاتەوەو پێویستییەکانی ژیانی تیایاندا ساز بدات.

لەم سەردەمەدا دەوروبەری سروشتی وەك لەوەبەر بە رووتیو ساکاری نەماوە، بەڵکو مرۆڤ بە ئاوەدانکاریو دروستکاریو چاکردن گۆڕانی زۆری تێدا کردووەو بۆ ژیانی سازاندوە. دەوروبەری سروشتی لە کۆندا کاریگەرتر بووە، بەڵام بە پێگەیشتنی مرۆڤی ژیرو دەسپێکردنی کارو بەرهەمهێنانی بە کۆمەڵ، گۆڕانو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی زۆرترو خێراتر بوون.

دەوروبەری سروشتی بەتەنیا بڕێنەرەوەی کردەی پەرەسەندنو گۆڕانی کۆمەڵایەتی نییە... زۆر جار لە مێژوودا باری کۆمەڵایەتی جیاواز لە دەوروبەری سروشتی وەك یەك بووە... گەورەترین پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لە مێژوودا لە باری جوگرافی نەگۆڕدا روویداوە... وابووە، کە توخمێکی (element) سروشت بە شێوەی جیاواز بەکارهێنراوەو بە شێوەی جیاوازیش کاری لە پەرەسەندنی کۆمەڵگە کردووە... بۆ نموونە

نـەوت، کـە تـوخمێکی پیـشەسازیو پێـشکەوتنە بـە زۆری لـە وڵاتـە دواکەوتووەکانـدا هەیـە، کەچی ئـەوروپاو ئـەمریکاو ژاپـۆن کـەڵکیان لـێ وەرگرتووەو بـەزۆر شـێوە بـەکاریان هێنـاوە. چـەند کۆمەڵگە پێـشبکەوێ، دەسەڵاتی بەسەر سروشتدا زۆرتر دەبـێو پـتر توخمـەکانی بـەکاردەهێنێو کارامەو زاڵتر دەبێ.

- **هۆکاری ژێواری (biology)**: جیـاوازی رەچـەڵەك، زیرەکـی، توانـای لـەش، پێکهاتی دەروونی، تەندروستی، رێـژەی نێـرو مـێ، رێـژەی زایـینو مـردن، رێـژەی پـیرو منـداڵ... ئەمانـە، کـەمو زۆر، کـار لـە گـۆڕانی کۆمەڵایـەتیو پێگەیشتنو پەرەسەندن دەکەن.

لـەبارەی جیـاوازی نێـو مـرۆڤو رادەی کاریگـەری لـە گـۆڕانی کۆمەڵایەتی دوو ئاکار (direction) هەیە : ئاکارێك بۆ جیاوازی رەچەڵەك دەیگێڕێتـەوە... ئـەوی دی بـۆ جیـاوازی دەوروبـەری کۆمەڵایـەتی دەیباتەوە... چینو توێژە پارێزگارەکییەکان لایەنگری ئاکاری یەکەمن، کە جیـاوازی رەچـەڵەکە... هەرچـی چـینی چەوساوەو توێـژی رۆشـنبیرانە جەختی جیاوازیو کاریگەری دەوروبەری کۆمەڵایەتی دەکەن.

ئەرسـتۆ، فەیلەسـوفی یۆنـان (٣٨٤ - ٣٢٢ پ. ز.) وتوویـەتی : "ئەوانـەی لـە رەچـەڵەکی باشـترن، بەشـی زۆری مرۆڤـی باشـتریان لـێ دەردەچێ"[1*]. بیرمەندو داگیرکردنخوازەکان ئەم بۆچوونەیان قۆستۆتەوەو لـە سـەدەی نۆزدەیەمـدا پـەرەیان پێـداوەو بـیردۆزی رەگـەزییان دامەزراندووە... "ئارثـە ر دی گۆبینـو"ی فڕەنسایی (١٨١٦ - ١٨٨٢) شکستی نەتـەوەی بـۆ گـۆڕانی خوێنو ونکردنـی بـەهای خـۆ بردۆتـەوە... هـۆی بـەرزیی نەتەوەشی بـۆ پـاکی خوێنی دانـاوە... بـە رای ئـەو نەتـەوە، یـان

---

[1*] - محمد احمد الزغبي التغيير الأجتماعي لاپەڕە ٧٨

بەرزو خاوەن شارستانێتییە، یاخود نزمو دواکەوتووە[2*]. ئەم ڕێڕەوە ژێوارییە ڕەچەڵەکییە لە ئەڵمانیاشدا لەلایەن "ستیوارت چامپرلن"(١٨٥٥ - ١٩٢٧)و کەسانی دی هێنرایە پێشو ڕێگەیان بۆ پەیدابوونی بیری "نازی" ڕەگەزپەرست خۆشکرد.

هەرچی "جۆن لۆك"ی بریتانییە (١٦٣٢ - ١٧٠٤) لەگەڵ ڕەوتی دەوروبەریو کۆمەڵایەتیو پەروەردەیەو لەم بارەیەوە دەڵێ : "مرۆڤ، کە لە دایك دەبێ نە چاکەو نە خراپە... لاپەڕەیەکی سپییەو دەوروبەرو پەروەردەو پێگەیاندن تواناو کەسێتیو خوو ڕەوشتی پێکدەهێنن.

زۆربەی کۆمەڵزانایانی (sociologists) ئەم سەردەمە لەو باوەڕەدان، کە دەوروبەرو پەروەردەو ڕەچەڵەك پێکڕا کەسێتیو جۆری مرۆڤ پێکدەهێنن... جیاوازی نێو مرۆڤ بۆ ڕەچەڵەكو دەوروبەرو پەروەردە دەگەڕێتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

- <u>**هۆکاری دانیشتووان** demography</u>: پەرەسەندنو پێشکەوتنی کۆمەڵگە بێ دانیشتووان نایەتەدی... بەڵام ئەو پێشکەوتنە بە زۆرچڕی دانیشتووانەوە بەند نییە... ئەگەر بێتو وەها بووایە، دەبووایە ئەو وڵاتەی چڕی دانیشتووانی زۆرە لە وڵاتێکی دانیشتووان کەمتر پێشکەوتووتر بووایە، کەچی وەها نییە... ڕاستە زۆری دانیشتووانی وڵاتێك تواناو بواری زۆرتر بۆ پەرەسەندنی کارو بەرهەمهێنان دەکاتەوە، بەڵام خستنەکاری ئەو توانایانە بە چاکیو ئابوورییانە پێوەندی بە ڕادەی پێشکەوتنو کارامەییو ئاستی هۆشیاریو چالاکی کۆمەڵگەو شێوەی پێڕۆیەکەیەوە هەیە.

---

[2*] - هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٧٨

زۆربوونی دانیشتووان بەری چاك گوزەرانو ژیانو باری ئابوورییە... زۆری هەندو جۆری بەرهەمهێنانو راژەکانو ئاسایشو خۆشی ژیان یاریدەرو هاندەری زۆر هاوسەریو پێکەوەنانی خێزانو زاوزێیە... هەروەها پێگەیشتنی دانیشتووان مەرجێکی پێویستی پەرەسەندنو پێشکەوتنی باری کۆمەڵایەتییە. چونکە مرۆڤ هێزی بەرهەمهێنی کۆمەڵگەیە... دابەشبوونی کارو پیشەو پسپۆڕیو خستنەکاری بەروبوومو سەرچاوە سروشتییەکان، پێویستی بە رادەیەکی چڕی دانیشتووان هەیە.

چەوساندنەوەو بێبەشکردنو بێکارکردنو بێبەرهەمکردنی کۆمەڵگە لەگەڵ نەبوونی خۆشیو ئاسایشو ئازادی، تەگەرەی پێشکەوتنو زۆربوونی دانیشتووانو بە خراپ کار لە ژیانو ئایندەو پێشکەوتنی دەکەن... رێژەی هاوسەریو زاوزێ دێننەخوارو چڕییان کەم دەکەنەوەو بەرگرییان لە رووی شاڵاوو تەوژمی داگیرکەران لاواز دەبێ... لەبەر ئەمانە نەتەوەی هۆشیار لە رۆژانی ناخۆشیو چەوساندنەوەشدا زەمینە خۆش دەکاتو هانی هاوسەریو پێکەوەنانی خێزانانو زاوزێ دەدا بۆ ئەوەی نەتەوە بتوانێ لە رووی هەوڵی تواندنەوەی خۆڕابگرێ.

باری دانیشتووانی وڵاتێك، کەمو زۆر، بە چاك، یان بە خراپ کار دەکاتە گۆڕانو پەرەسەندنە کۆمەڵایەتییەکەی... ژمارەو رێژەی زۆربوونیان، چڕییان بەپێی رووبەری زەویو بەروبوومیان، رێژەی نێرو مێو گەورەو بچووكو ئیشکەرو بێکاریان کار دەکەنە پەرەسەندنو گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکەی.

**هاووڵاتییان لەم رووانەوە کار لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەکەن:**

- ئەگەر دانیشتووانی وڵاتێك ژمارەیان زۆربێو داهاتیان کەم بێ، ئاستی ژیانیان بەرز نابێ.

- ئەگەر هاتو راژەکان بە زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان فراوان نەکرێن، بەشیان لە فێرکاریو نۆشدەریو گواستنەوەو ئاوو کارەباو پێوەندیو راژەکانی دی کەم دەبێتەوە.
- زۆربوونی ژمارەی دانیشتووانو نەبوونی نەخشەی ئامادەکردنو دابینکردنی پێویستییەکانی ژیان، زۆرتر هێزی کار دەخاتەڕوو، بێکاری زۆرتر دەکاتو کریو ئاستی ژیان دهێنێتە خوارەوە.

کۆمەڵزانایانو ئابووریزانایان لەبارەی کاریگەری دانیشتووانیان بۆ چوونی جیاوازیان هەیە... "ویلیەم پیتی" ئابووریزانی بریتانی (١٦٢٣ - ١٦٨٧) کار (labor) بە بنچینەی پێکەوەنانی سامان دادەنێ... بە رای ئەو، نەتەوەیەك چەند ژمارەی دانیشتووانی زۆر بێ، سامانی زۆرتر دەبێ... ئەمە بێگومان وەها نییە، چونکە بێجگە لە کار، هۆکاری دی وەك سەرچاوە سروشتییەکانو سەرمایەو رێکخستن بەشداری پێکهێنانی سامان (wealth) دەکەن.

"تۆماس رۆبەرت مالثس" (١٧٦٦ - ١٨٣٤)، ئابووریزانی بریتانی، مەترسی کاریگەری دانیشتووان لە کردەی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی نیشان داوە... دیاری خستووە، کە لە کاتێکدا ژمارەی مرۆڤ بە شێوەی دوابەدوای ئەندازیاری زۆر دەبێ (٢، ٤،، ٨، ١٦، ٣٢، ٦٤ هتد.) پێویستییەکانی ژیان بە تایبەتی خۆراك بە شێوەی دوابەدوای ژمێرەیی زۆر دەکرێن (١، ٢، ٣، ٤، ٥و هتد.)... "مالثس" وەها نیشان دەدا، کە ژمارەی مرۆڤ رەهایانە زۆر دەبێو ناکۆکی لەپێناو مانو بەرژەوەندیدا پەرەدەستێنێ.

لەوەوە "داروینیەتی کۆمەڵایەتی" گەیشتۆتە هەندێ دەرئەنجامی نامرۆڤانە، کە هەر رێبازێ ژمارەی دانیشتووان کەم بکاتەوە، وەك برسێتیو نەخۆشیو جەنگ، بەلایەوە چاکە... دابەشکردنی دەرمانی راگرتنی زاوزێ بەسەر رۆڵانی نەتەوانی دواکەوتووی زۆر ژمارەدا، لە یارمەتی خۆراكو

پەرەپێدانی ئابووری پێ باشترە... بە رای "مالتس" هۆی هەژاری دەسەڵاتو دابەشبوونی داهات نییە، بەڵکو سەرمایەداران ناتوانن کارو خۆراك بۆ هەموو هەژاران دابین بکەن.

ئەم جۆرە بیردۆزییە باسی ئەوەی نەکردووە، کە زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان بە پێشکەوتنو پەرەسەندنی بەرهەمهێنانو چاکبوونی باری ژیانەوە بەندە.

- **هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان:** بەشێکی ئەم هۆکارانە پێوەندی بە کارو کارامەییو بەرهەمهێنانو گۆڕینەوەو دابەشبوونو لەکارهێنانی شمەكو راژە (service)و بەهاکانەوە هەیە، واتا پێوەندی بە باری ئابوورییەوە هەیە... بەشەکەی دی پێوەندی بە سەرجەمی چالاکییە بیریو رەفتارەکانی کۆمەڵگەوە هەیە، واتا بە رۆشنبیرییەکەیەوە بەندە... لە خوارەوە لەو هۆکارانە دەدوێین :

١- **هۆکاری ئابووری:** هۆکارێکی بنچینەییەو بارو شێوەی ژیانی نەتەوە پێکدەهێنێ... دەسەڵاتی رامیاریو پێکهاتی کۆمەڵایەتیو رۆشنبیری دادەمەزرێنێو پەرەیان پێدەدا... بە پێشکەوتنو گۆڕانی باری ئابووری وڵاتێك، لایەنە رامیاریو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیرییەکەشی پێشدەخاو دەیانگۆڕێ، لە بنچینەدا بۆ پەرەسەندنی هێزە بەرهەمهێنەکانو چالاکییە ئابوورییەکان دەگەڕێتەوە.

مرۆڤ لە رێگەی کارو بەرهەمهێنانو دروستکارییەوە کار لە سروشت دەکاتو سروشتیش کاری تێدەکات... هێزە بەرهەمهێنەکان، مرۆڤو ئامێرو ئامرازو کار بەجێگەیاندن هەندێ لایەنی سروشت دەگۆڕن... کۆمەڵگە بە کارکردن دەوروبەری دەگۆڕێو ژینگەی گونجاو بۆ خۆی دروستدەکات... هەر گۆڕینو پێشکەوتنێکی باری ئابووری زنجیرە گۆڕانو گۆڕینو پەرەسەندنو پێشکەوتنی لایەنەکانی کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریو رامیاری بەدوادا دێ.

کە هێزە بەرهەمهێنەکان پەرەبستێنن و پێشبکەون، ئاستو تواناو بەرهەمداری نەتەوە بەرز دەبێتەوەو باری کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریش لەسەرخۆ پێشدەکەونو دەگۆڕێن... پەرەسەندنو پێشکەوتنی ژیری مرۆڤو ئامرازەکانی بەرهەمهێنان رووداوی ساکارو ئاسان نین، بەڵکو بەرو ئەنجامی هەزاران ساڵی چالاکییەکانی مرۆڤن، کە خۆیان لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەدەنەوە... بەم شێوەیە پەرەسەندنو پێشکەوتنی کۆمەڵگەو ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، وەك "هۆ – ئەنجام"و "ئەنجام – هۆ" بەردەوام جێی خۆیان دەگۆڕنەوە.

مرۆڤ، کە بە کارکردن دەوروبەری سروشت دەگۆڕێو خۆشی دەکات، سروشتی خۆشی دەگۆڕێو تواناکانی پەرە دەستێنن... پێکهاتی ئابووری – کۆمەڵایەتی هۆشیاری نەتەوە پێکدەهێنێ... کارو بەرهەمهێنانو گۆڕینەوەی شمەكو راژەو بەها بنچینەی ژیانی کۆمەڵایەتین.

٢- <u>هۆکاری رۆشنبیری:</u> باری ئابووری کار لە باری رامیاریو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیری دەکات، ئەو لایەنانەش کار لە ژیانی ئابووری دەکەنو یارمەتی پەرەسەندنو پێشکەوتن دەدەن. ئەگەر هاتو رۆشنبیری نەتەوەیەك نزمو دواکەوتوو بێ، بە خراپ کار لە کاروانی پەرەسەندنی نەتەوە دەکاتو دەبێتە کۆتو تەگەرەی پێشکەوتن.

مرۆڤ بە رۆشنبیری پێشکوتووە، بیرو رای دروستو بەجێی پەیداکردووە، بەسەر بەشێکی دیاردەو هێزە سروشتییەکان زاڵ بووە... بە رۆشنبیریو دۆزینە جوگرافییەکان، بە شاکاریو داهێنانو دروستکاری، شێوازو رێبازی ژیانی کەرەستەییو بیرو بیرکردنەوەی کۆمەڵانی مرۆڤایەتی گۆڕاون... بەهۆی زانستەکانەوە، کە بەشێکی رۆشنبیرین، مرۆڤ ئاسمانی کردە رێی گواستنەوەی خێرا، دەنگو رەنگی گەیاندە هەموو

هەوالنامەی کتێب

لایەنـەكانی جیهـان، لەسـەر مـانگ دابـەزی، سـەدان‌و هـەزاران شـاكاری‌و داهێنان‌و دروستكاری كردووە.

ڕۆشـنبیری، كـە كـارتێكراوی چـالاكی ئـابووری‌و پێوەنـدی كۆمەڵایەتییە، كارتێكەریشیانە... بە شێوەی زنجیرەو بەرزبۆوە پەرە بە یەكـدی دەدەن‌و ژیـانی كۆمەڵگـە دەگـۆڕن. بـەهۆی ئـەو گۆڕانانـەوە زنجیرەیەك شۆڕشی كۆمەڵایەتی بەرپا بوون... لەبەر چاومانە، كە چۆن بەهۆیانـەوە جۆرەها پێشكەوتن لـە ژیـانی مـرۆڤو شارسـتانێتیدا روویـان داوە... ڕۆشـنبیری لـە هـەموو ڕوویێكـەوە هۆكـارێكی گرنگی نوێكردنـەوەو پێشخستنی ژیانی نەتەوەیە.

ڕۆشـنبیری دیاردەیـەكی كۆمەڵایـەتی پەیـداكراوە... سـەرجەمی بیرو رەفتاری مرۆڤە، كە لە بیر، زمان، زانیاری (knowledge) "وێژە، هونەر، زانست، داناییزانی"، داب، نەریت، بەهای كۆمەڵایـەتی، كەلەپوور، رەوشت، باوەڕو ئاین‌و شێوەی ژیان پێكهاتووە.

ڕاپەڕینەكەی (renaissance) ئەوروپا، كە شۆڕشێكی ڕۆشـنبیری بـوو لـە سـەدەی شانزدەیەمەوە دەستی پێكردو لـە سـەدەی حەڤدەیەمدا پـەرەی سـەند، زۆر بـاوەڕی پـووك‌و داب‌و نـەریت‌و بـەهای كۆمەڵایـەتی دواكەوتووو خراپـی وەك، گوایـە بـوونی شـاو مـیر لـە خواوەیـە، دەسـەڵاتی كەنیسە پیرۆزە، دەسـەڵاتی دەرەبـەگ رەوایـەو ئـەم بابەتانـەی نەهێشت. پێشكەوتنی ڕۆشنبیری ئافرەتی لە ماڵ دەرهێناو خستیە مەیدانی كار لـە بـوارە گـشتییەكاندا... پـسپۆڕی‌و شـارەزایی پتركـرد... ژیـانی سـاكارو دواكەوتووی گۆڕی... پێشكەوتنی خستە هەموو لایەنەكانی ژیانەوە.

# چاكسازی...شۆڕش...گۆڕانی كۆمەڵایەتی

چاكسازی (reform)و شۆڕش بەپێی سەردەمو شوێنو بیروباوەڕەوە ڕێژەیین... ئەوەی پێش چەند سەدەیەك بە شۆڕش دادەنرا، ئیمڕۆ تەنیا بە چاكسازییەكی ئاسایی دەژمێردرێ... لە ڕووی بیروباوەڕەوە كەسانێك هەن، لە سەردەمێكدا كارو بیرێكیان بە شۆڕش داناوە؛ هەشن بە ئاژاوە ناویانبردووە، كەسانی دی بە دیاردەیەكی ئاسایی تەماشایان كردووە... لەگەڵ ئەوەشدا شۆڕشو چاكسازی تایبەتەو (peculiarity) مەرجی خۆیان هەیەو لە یەكدی جیا دەكرێنەوە.

"چاكسازی" لە ڕووی زمانەوە، ڕاستكردنەوەو چاكردنو ڕێك كردن دەگەیەنێ... هەڵە ڕاستكردنەوەو كەلێن پڕكردنەوەو نەهێشتنی كەموكورتییە، بێ گۆڕینی بنەڕەتی... بنچینەی دەسەڵاتو پێوەندییە كۆمەڵایەتییەكان ناگۆڕێ... "چاكسازی" لەسەدەی شانزدەمدا بزاڤی دژی دەرەبەگایەتیو كەنیسە بووە... چەمكی چاكسازی لەم سەردەمەدا هێنانەدی خواستەكانی كۆمەڵگەیە... چاكردنو خۆشكردنی باری گوزەرانو ژیانە. بە باوەڕی خوێندنگەی "بێژیاری" (dialectic) چاكسازی بە كەڵەكەبوونی چاكردنە پشكییەكان دێتە دی.

هەرچی (شۆڕش - revolution)ە گۆڕینی جۆریو بنەڕەتییە... گۆڕینێكی تەواوو تێكڕایە... گۆڕینی باری خراپو بەسەرچووە بە شێوەیەكی بنەڕەتی... لەجیاتی ڕاستكردنەوەو كاری كەمو گاڤو پلە، یەكسەر گۆڕینی بارو پێكهاتی كۆمەڵایەتی – ئابووری بە شێوەیەكی نوێو پێشكەوتووتر لەوەی پێشوو.

شۆڕش تەنیا بۆ گۆڕینی باری ئابووریو كۆمەڵایەتیو دەسەڵاتی ڕامیاری

نییە، بەڵکو لایەنی دی دەگرێتەوە، لەوانە : شۆڕشی پیشەسازی، شۆڕشی کشتوکاڵی، شۆڕشی رۆشنبیریو ئەم شێوانە. "شۆڕش" لە مەیدانی کۆمەڵایەتیدا گۆڕینی بنەڕەتی ژیانی ئابووری – کۆمەڵایەتی – رامیاری – رۆشنبیرییە... گۆڕینی خاوەنێتیو دەسەڵاتی رامیارییە... گواستنەوەیە لە پێکهاتێکی ئابووری – کۆمەڵایەتی – رامیاری بۆ پێکهاتێکی بەرزترو پێشکەوتووتر... گوێزانەوەی دەسەڵاتی رامیاریو ئابوورییە لە چینێکی کۆمەڵگەوە بۆ چینێکی پێشکەوتووی دی.

بۆ گۆڕینو چاکردنی ژیانی نەتەوە، دوو رێبازی سەرەکی رەچاو دەکرێن : یەکیان چاکردنو گۆڕینی مرۆڤە... ئەوی دی چاکردنو گۆڕینی پێڕۆیە (regime)... کەسانێ هەن چاکردنو گۆڕینی مرۆڤ بە بنچینە دادەنێنو داوا دەکەن پێش لایەنی دی بایەخی پێ بدرێ، بەو باوەڕەی، کە مرۆڤ بناخەی کۆمەڵگەو ژیانی کۆمەڵایەتییەو هۆکارێکی بنچینەیی پێشکەوتنیەتی... هەشن پێڕۆ بە بنچینە دادەنێنو مرۆڤ بە لاوەکیو ئەنجام ژمێرە دەکەن... دەڵێن کەی پێڕۆ، کە بنچینەیە چاکرا، یان گۆڕدرا، مرۆڤ، کە لکە چاك دەبێ... هەر بەو شێوەیە پێڕۆ هۆی خراپەو تێکدانە، رەفتاری مرۆڤ ئەنجامێتی.

رێبازی ئەوانەی، کە مرۆڤ بە بنچینەی چاکردنو پێشکەوتن دادەنێن، رێی پەروەردە دەگرن، پەروەردەی دەروونو رۆشنکردنی ژیری. رێبازی ئەوانەش، کە دەسەڵات بە بنچینەی راستکردنەوەو پێشکەوتن دەزانن، رێی راستکردنەوەو گۆڕینی دامەزراوە ئابووریو رامیاریو کۆمەڵایەتییەکان دەگرن. دەستەی یەکەم، کە بایەخی بە مرۆڤ داوە، خراپی دەسەڵاتی لە بیر نەکردووە... دەستەی دووەمیش مرۆڤیان لە بیر نەکردووە، بەڵام پێش مرۆڤ پتر گرنگییان داوە بە دامەزراوەکان (establishments).

کۆمەڵگە، کە لە مرۆڤو دەزگا کۆمەڵایەتییەکان پێکهاتووە، لە هەندێ باردا لایەنێکیان دەبێتە هۆ و ئەوی دی دەبێتە ئەنجام... لە چۆنێتی دیدا بە

پێچەوانەوەیە... بەم شێوەیە هاوبەندییەکی بەتینو کارتێکردنێکی بەردەوام لە نێوان مرۆڤو پێڕۆدا هەیە... لەبەر ئەمە، کە کۆمەڵگەیەك خراپو تێکچووبوو، هۆیەکەی مرۆڤە، یان پێڕۆیە یاخود هەردوو لایە... بۆ پێشخستنی وڵات دەبێ مرۆڤ پەروەردە بکرێو پێڕۆیەکەی چاك بکرێو بگۆڕدرێ... بە هەردوو رێباز، کە تەواوکەری یەکنو کار لە یەك دەکەن دێتە دی.

گرنگی پەروەردە لەوەدایە، مرۆڤ پێدەگەیەنێو پێشی دەخات... توانای ژیری پتر دەکاتو پەرە بە زیرەکییەکەی دەدات... لەگەڵ ئەوەی، کە پەروەردە بۆ فێرکردنو زانیاری وەرگرتنو رەوشت بەرزکردن بەکەڵکە، بەڵام سنووری هەیەو تا رادەیەك کاری خۆی دەکات... بەشێکی کۆمەڵگە چاك دەکات، نەك سەرجەمی، چونکە رەفتارو هەڵوێستی مرۆڤ پتر پێوەندی بە کارو بەرژەوەندەوە هەیە... ئەوەی مرۆڤ بەرێوە دەبات، پتر بەرژەوەندییە نەك ئامۆژگاریو ئاراستەو فێرکردن... بەرژەوەندیو دراوخوازی بەسەر زۆربەی رەفتاری مرۆڤدا زاڵە... لەبەر ئەمە پەروەردەو چاکسازی تا رادەیەك کار لە مرۆڤ دەکەن.

چاکردنو گۆڕینی کۆمەڵگە پتر بە کەمکردنەوەی دەسەڵاتی زۆردارو چەوسێنەرو وەرگرتنی مافی بەشخوراو پێکدێ... لەبەر ئەمە پێویستە پێڕۆ بگۆردرێ... سروشتی مرۆڤ تێکەڵێکی چاکەو خراپەیە، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشی زیاتر لەسەر بەرژەوەند دامەزراوە... بۆیە لەنگەری دادوەری تەنیا بە پەروەردە راناگیرێ... راستیو مافو دادوەری، بێ هێزو دەسەڵات، بە ئامۆژگاریو رێنماییو فێرکاری ناپارێزرێن... لەگەڵ ئەوەشدا نابێ سوودو دەستکەوتەکانی پەروەردە لەبیر بکرێن.

پێویستە بزانرێ، کە گۆڕینو چاکردنی پێڕۆ هەموو مەبەستو ئاواتێك ناهێنێتە دیو سنووری هەیە... نزمی ئاستی رۆشنبیریو هۆشیاری نەتەوەیەك تەگەرەی پێشکەوتنیتی... لە کاتێکدا، کە نەتەوەی پێشکەوتوو لە کارو ئەرك

بەجێگەیاندنو پەیڕەوکردنی یاساو پاراستنی مافەکانی کاراو ریکوپێکە، نەتەوەی دواکەوتوو ئامادەییەکەی لەم بوارانەدا زۆر کەمترە... لەلایەکی دی پشت بەستنی تەواو بە هێزو رێکخراوێکو دڵنیابوون لێی بۆ گۆڕینی پێڕۆیەکو وەدیهێنانی ئاواتەکانی نەتەوە، مەترسی تێدایە، چونکە وابووە، کە رێکخراوێک پاش دەسەڵات وەرگرتن، لە کۆمەڵگە هەڵگەڕاوەتەوەو لە پێڕۆی پێشتر خراپترو چەوسێنەرتر بووە... پێش وەرگرتنی دەسەڵات دروشمی چاکو بریسکەداری هەڵکردووە،، کە بە پشتیوانی جەماوەر دەسەڵاتی وەرگرتووە، پاش ماوەیەکی کورتو زاڵبوونی بەسەر کاروباری وڵاتدا، گۆڕاوەو دروشمەکانی خۆی بەجێ نەگەیاندووەو تەنیا قسەو بانگەشەی درۆ بوونو لە پێڕۆی پێش خۆی خراپترو ستەمکارتری لێ دەرچووە.

چاکردنو گۆڕینی کۆمەڵگە بە پەروەردە چەسپاوترو مسۆگەرترە، بەڵام کردەیەکی لەسەرخۆیەو خێرا نایەتە دەست، چونکە گۆڕینو چاکردنی ژیریو رەفتاری مرۆڤ کارێکی ئێجگار ئاڵۆزو گرانو لەسەرخۆیەو زۆری پێدەوێ... بۆیە پێویستە پێش هەموو لایەنێ دەسەڵات بگۆڕدرێ. نەتەوەی دواکەوتوو بۆ پێشکەوتنەکەی، دەبێ دوو رێباز بگرێتە بەر : دامەزراندنی پێڕۆیەکی نوێی پێشکەوتوو و دیموکرات، لەگەڵ پەروەردەیەکی زانستییانەو چاکردنی رۆڵەکانی.

چاکو خراپی دەسەڵاتێ، بە کارو دەسکەوتەکانی دەردەکەوێ... چەند باری ژیانی کۆمەڵگە چاک بێ، خۆشیو رۆشنایی بخاتە دەروونی هاووڵاتییانی، چەند دادوەریو ئازادیو بەختیاری بهێنێتە دی، ئەوەندە باشە.

# بەندی دووەم

- کورتەیەکی چڕی کۆمەڵزانی
- گرنگیی کۆمەڵزانی
- دەروونزانیی کۆمەڵایەتی
- پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان
- کەسێتی و ژیانی کۆمەڵایەتی

هەواڵنامەی کتێب

# کورتەیەکی چڕی کۆمەڵزانی

کۆمەڵزانی (sociology) زانستێکی کۆمەڵایەتییە، لە سەدەی نۆزدەمەوە وەك زانست دانراوە، ڕێساو یاساو بیردۆزی خۆی هەیە... لە پێکهاتو پێڕۆ (regime)و پێوەندیو گیروگرفتو دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەکۆڵێتەوە... کۆمەڵزانی لێکۆڵینەوەی داکەوتە (reality) کۆمەڵایەتییەکانە، کە بەپێی یاسای تایبەتی خۆیانەوە روو دەدەن... زانستێکی پێوانەیی نییە، بەڵکو بەرنامەی تێبینی کۆکردنەوەو بەراوردکاری بەکاردەهێنێ بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو دیاردەو رەفتارو پێوەندیو گیروگرفتە کۆمەڵایەتییانەی، کە مۆرکی گشتییان هەیەو رووداوەکانیان دووبارە دەبنەوە... هۆکارەکانی دەوروبەری سروشتیو ئابووریو رامیاریو رۆشنبیریو مێژوویی داکەوتە کۆمەڵایەتییەکان پێکدەهێنن.

کۆمەڵزانی لێکۆڵینەوەی رەفتاری کۆمەڵایەتیو ئامانجو شێوەی کۆمەڵگەیە... بەهۆیەوە مرۆڤ لە رەوتی ژیانی کۆمەڵایەتی دەگات... بیردۆزی جیاواز لەبارەی کۆمەڵزانی دانراوە... هەر بیردۆزییەکی کۆمەڵزانی لەبارەی شێوەیەکی باری کۆمەڵایەتییە... لەبەرئەوەی باری کۆمەڵایەتیش بەپێی شوێنو سەردەم لە گۆڕاندایە، خۆی لە بیری کۆمەڵانی مرۆڤایەتی دەداتەوەو بیردۆزی جیاواز لە زانستەکاندا پەیدا دەبن... لەو کارتێکەرانەی، کە بوونەتە هۆی پەیدابوونی بیردۆزی جیاواز لە کۆمەڵزانیدا، زانستە سروشتییەکانە... سەدەی نۆزدەیەم زاڵی زانستە سروشتییەکان بەگشتیو "بیردۆزی پەرەسەندن"ی داروین ی ژیواریزان (١٨٠٩ - ١٨٨٢) بە تایبەتی، بەخۆیەوە دی... ئەمە خۆی لە پەیدابوونی "کۆمەڵزانی ژیواری" (Biological Sociology) دایەوە... هەروەها سەرکەوتنە گەورەکانی دی زانستە سروشتییەکان کاریان کردە کۆمەڵزانی، کە خۆیان لە پەیدابوونی بیردۆزییە جیاوازەکانی دەدەنەوە.

"ئۆگێست کۆنت"ی فرەنسایی (١٧٩٨ - ١٨٥٧)، کە رابەری (دانایزانی ئەرێتیە - Positivism) بە دامەزرێنەری کۆمەڵزانی دادەنرێ، لەبەر :

١. یەکەم کەس بووە ناوی "کۆمەڵزانی" لە لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان ناوە.
٢. بابەتەکانی کۆمەڵزانی لە بابەتەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی دی جیا کردەوە.
٣. بیرو رایە کۆمەڵایەتییە پەرش‌و بڵاوەکانی نێو زانستە کۆمەڵایەتییەکانی لە چێوەی کۆمەڵزانیدا بە شێوەیەکی زانستی‌و ریك‌وپێك کۆکردەوە.

"ئەمیل دۆرکهایم"ی کۆمەڵزانی فرەنسایی (١٨٥٨ - ١٩١٧)، دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی بە ئەنجامی رەفتاری هاووڵاتییانی داناوە... کردونی بە دوو بەشەوە ، بەشێکیان گشتین‌و سەرجەمی کۆمەڵگە دەگرێتەوە، بەشەکەی دی تایبەتن‌و لە هەندێ توێژی کۆمەڵگەدا دەردەکەوێ. "دۆرکهایم" کۆمەڵانی مرۆڤایەتی کردۆتە دوو بەشی سەرەکی : "کۆمەڵگەی میکانیکی"، کە نیهادی (conscience) گشت زاڵەو هاووڵاتییان هاوبیرو هاوکارن... "کۆمەڵگەی ئەندامی"، کە تیایدا کارو پیشە بەپێی پسپۆڕی دابەشکراون‌و ئازادی تێدایەو هاووڵاتییان خۆخوازن نەك کۆمەڵخواز... لەوە دەچێ "دۆرکهایم" باسی دوو جۆرە کۆمەڵگە بکات : کۆمەڵگەی سەرەتایی دواکەوتوو، هەروەها کۆمەڵگەی سەرمایەداری پێشکەوتوو.

کۆمەڵزانی لە دوو مەیداندا بایەخی بە لێکۆڵینەوەی "سروشتی مرۆڤ" داوە : یەکەمیان لە مەیدانی دۆستایەتی‌و هاریکاریدا بۆ پاراستنی باری کۆمەڵایەتی‌و هاوسەنگی هێزە کۆمەڵایەتییەکان... دووەمیان لە رووی ناکۆکی‌و زۆرانی نێو کۆمەڵگە لەسەر داهات‌و سامان‌و خاوەنی شێوازەکانی بەرهەمهێنان‌و دەسەڵات وەرگرتن.

کۆمەڵزانی بایەخ بە رەفتاری کۆمەڵایەتی دەدا، کە هەڵسوکەوت‌و کردەوەکانی دانیشتووان پێکیدەهێنن... مرۆڤ لە دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکەی، لە نێو خێزان‌و خوێندنگەو کێڵگەو کارگەدا، لە نێو گوندو شاردا، فێری ژیان‌و رەفتاری کۆمەڵایەتی دەبێ. "ماکس فێبەر"ی کۆمەڵزانی ئەڵمان (١٨٦٤ - ١٩٢٠)

ڕەفتاری کۆمەڵایەتی دابەشکردۆتە دوو جۆر : ڕەفتاری سۆزی، کە بەشی زۆری دەربڕی هەستو سۆزو ئەندێشەیە... ئەوی دی ڕەفتاری بەجێو ژیری. بەڵام ڕەفتاری کۆمەڵایەتی تەنیا دانەوەی سۆز، یان بیری بەجێ نییە، بەڵکو کەسانی کۆمەڵگە بەپێی ژیریو ڕەوشتو نەریتو نیهادیان لە نێوان ئەو دوو جەمسەرەدا دەخولێنەوە... ڕەفتاری کۆمەڵایەتی ئامانجو مەبەستو شێوازی تایبەتی خۆی هەیە.

کۆمەڵزانی لەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییانە دەکۆڵێتەوە، کە بەهۆیانەوە هاووڵاتییان کار لە یەکدی دەکەن... پێوەندی کۆمەڵایەتی هەیە سەرەتاییە، وەك پێوەندی خێزانو خزمایەتیو دۆستایەتی، کە زۆر دەمێنێتەوە... هەشن لاوەکیو ڕوویيو بەرژەوەندیانەن، کاتینو زۆر نامێننەوە... بە نەمانی مەبەستو پێویستی نامێنن، وەك ئەوانەی گوزەرانو سەوداو بەرژەوەند، کە شێوەکانی هەندێ دابو نەریتی کۆمەڵایەتین.

کۆمەڵزانی بایەخ بە لێکۆڵینەوەی ئەو گیروگرفتە کۆمەڵایەتییانە دەدا، کە بەهۆی گۆڕانو جیاوازی چینو توێژە کۆمەڵایەتییەکانو چەوسانەوە دروست دەبن... کۆمەڵزانایان گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکانیان کردۆتە دوو جۆر : گشتیو تایبەت... ئەوانەی گشتی بەشی زۆری کۆمەڵگە دەگرێتەوە، وەك زۆرانی چینایەتیو کۆچو بێکاریو نەخوێندەواریو ئەم شێوانە... گیروگرفتە کۆمەڵایەتییە تایبەتەکان، کە ناکۆکی هاوسەریو خێزانیو سەرپێچیو ئەم شێوانە دەگرێتەوە.

هەرچی کۆمەڵزانی مارکسییە "کەرەستەێتی مێژوویی" پتر بایەخی بە لێکۆڵینەوەی زۆرانی چینایەتی نێو کۆمەڵگەو پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی مرۆڤایەتی داوە... لەبارەی چینەکانی پێڕۆیە جیاوازەکانو شێوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە... لەبارەی "کۆمەڵەێتی سەرەتایی" (Primitive Communism)،"کۆیلەیی"(Serfdom)، دەرەبەگایەتی (Feudalism)، سەرمایەداری (Capitalism)، "هاوبەشێتی" (Socialism) لە دوایشدا "کۆمەڵەێتی" (Communism)، کە تائێستا دانەمەزراوە. بۆ نموونە ئەم

کۆمەڵزانییە دەریخستووە، کە کۆمەڵگەی سەرمایەداری لە دووچینی سەرەکی پێکهاتووەو لە زۆرانو ناکۆکیدان : چینی سەرمایەداری چەوسێنەرو چینی کرێکاری چەوساوە... دابەشکردنی داهاتو بەروبوومو خاوەنی شێوازەکانی بەرهەمهێنان بە نادادوەری، بە هۆکاری سەرەکی ئەو ناکۆکییە چینایەتییەی داناوە... چەمکی "هێزە بەرهەمهێنەکان" "کارو بگێڕ "engine"و ئامێر "instrument"و پیشەسازیزانی "technology"و چەمکی "پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان"ی، بۆ نموونە پێوەندی کرێکار بەسەرمایەدار، بۆ لێکدانەوەی پێکهاتی کۆمەڵایەتی - ئابووری بەکارهێناوە... رووداوو گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانو کۆمەڵزانی مارکسی "کەرەستەێتی مێژوویی" کاریان لە هەندێ کۆمەڵزانایانی خۆرئاواش کردووە، لەوانە "تۆماس بۆتۆمەر"ی بریتانیو "ڕالف داندرۆف"ی ئەڵمان.

بایەخو لێکۆڵینەوەو بابەتەکانی کۆمەڵزانی ئەمانەن : پێڕۆیە کۆمەڵایەتییەکان، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان، رەفتاری کۆمەڵایەتی، سروشتی مرۆڤایەتی، دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان، رۆشنبیری، کەسێتی.

## کۆمەڵزانی گشتی دابەشکراوەتە:

١. کۆمەڵزانی دامەزراوەی کۆمەڵایەتی "چەسپاو" : لە دامەزراوەو پێکهاتی کۆمەڵایەتیو کەسێتی کۆمەڵانی مرۆڤایەتی دەکۆڵێتەوە.
٢. کۆمەڵزانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی "گۆڕاو" : لە کردە کۆمەڵایەتییە دووبارە بۆوەکان دەکۆڵێتەوە، وەك پێوەندیو کارتێکردنو پێگەیشتنو زۆرانی کۆمەڵایەتی... لەبارەی زاڵیو گونجانو رێکیو کۆچو گواستنەوەو ناکۆکییەکانی نێو کۆمەڵگەیە... چۆن دەزگا کۆمەڵایەتییەکان پێکدێنو دەگۆڕێن... هەروەها لە گۆڕانی رۆشنبیریو کارکردنی لە کەسێتی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە.

# گرنگیی کۆمەڵزانی

لە سەردەمە کۆنەکاندا ژیانی کۆمەڵانی مرۆڤایەتی ساکارو تەسک و دانیشتووانیان کەم ژمارە و ئابوورییان سروشتی بووە... تەنیا خەریکی راوو شکارو ئاژەڵداریو کشتوکاڵی سەرەتایی بوون... بۆیە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان تەسكو ساکارو خێزانیو هۆزگەری بوون، کە بۆ گوزەرانو خۆپاراستنو زایەند بووە. ناسینی بارو پێکهاتی ئەو جۆرە کۆمەڵگەیانە لە چاو ئەوانەی سەردەمی ناوەندیو نوێدا ئاسان بووەو مرۆڤ زوو تێیاندەگەیشت.

هەرچی کۆمەڵانی مرۆڤایەتی ئەم سەردەمەیە، پێکهاتو باری شارستانێتیو رۆشنبیرییان زۆر گۆڕاون، کشتوکاڵو پیشەسازی هەنگاوی زۆر گەورەیان ناوەو کشاون... چالاکییە بازرگانییەکان لە (بازاڕکاری - trade)و (بانککاری - banking)و دارایيو بیمە (insurance)و ئاخنینو گواستنەوەی شمەكو راژەکان، وەك بەشێکی ئابووری کۆمەڵانی مرۆڤایەتی ئەم سەردەمە زۆر پەرەیان سەندووە... لە ئەنجامدا پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، پێوەندی کارو بەرژەوەندو چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان، زۆر گۆڕاونو ئاڵۆز بوون... ئەمانەو بێجگە لە زۆربوونی ژمارەی دانیشتووانی وڵاتان، کە وایانکردووە ژیانو پێکهاتی کۆمەڵایەتی ئاڵۆزتر بنو پێویست بە لێکۆڵینەوە بکات.

ژمارەی دانیشتووانی وڵاتێك چەندە زۆربن، شارەکانیان گەورەو فراوان بن، شارستانێتیو رۆشنبیرییەکەی پێشکەوتووو ئاست بەرز بن، کارو پیشەو پسپۆڕیو کارامەییان هەمەجۆرو زۆربن، ئەوەندە شارەزابوون لەبارەی سروشتی کۆمەڵگە پێویستتر دەبێ... خێرایی پەرەسەندنی پێکهاتو گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان، پتر پێویستی لێکۆڵینەوەی باری کۆمەڵایەتی هێناوەتە پێش.

ژیانی ئەم سەردەمە، نەك هەر زۆر لەوەی سەردەمی پێشووی جیاوازە، بەڵكو ئەوەی ئەم وەچەیە (generation) لەوەی وەچەی پێش خۆی لە رووی شێوازی گوزەرانو رۆشنبیریو پێكهاتی دەروونیەوە جیاوازە. مرۆڤی سەردەمی كۆن لەبارەی كۆمەڵگەكەی، كە بچووكو ساكار بووە، بێ ئاگا نەبووە، بەڵام لەم سەردەمەدا بەهۆی فراوانیو ئاڵۆزی كۆمەڵگەوە زۆر لایەن هەن ئاگای لێیان نییەو لە بەشێكی زۆریشیان ناگات... مرۆڤ لەگەڵ وەچەی خۆی رادێو چی لە پێشینانەوە هاتبێ لەگەڵ بیرو رەفتارو لایەنی نوێ وەریان دەگرێ... پێوەندی گوزەرانو بەرژەوەندی بەهۆی گۆڕانە كۆمەڵایەتییەكانەوە، پتر جێی پێوەندی خێزانو خزمایەتیو هۆزی گرتۆتەوە... وای لە مرۆڤ كردووە، كە زیاتر پشت بە خۆی ببەستێو واز لە تەمابەریو ژیانی هەرەوەزی بهێنێ... بە ویژدانو ژیریو بەجێی، نەك بە سۆزو ئەندێشە كار بكاو پێوەندی ببەستێو بژێی... ژیانی ئیمڕۆ لەسەر بنچینەی كۆمەڵایەتی نوێ دامەزراوە.

مرۆڤی ئەم سەردەمە تا رادەیەك لەبارەی كارو ناوچەكەی خۆی شارەزایە... بەڵام زۆر ناوچەو لایەنەكانی كۆمەڵگەكەی، بێ لێكۆڵینەوەو زانیاریو شارەزایی تێیاننناگات... لەبارەی پێكهاتو پەرەسەندنو گۆڕانو گیروگرفتو رۆشنبیریو رەفتارو كەسێتی كۆمەڵانی مرۆڤایەتی شارەزا نابێ... كۆمەڵزانی وەك زانستی لێكۆڵینەوەی باری كۆمەڵایەتی ئەم توانایە بە مرۆڤ دەدا.

كۆمەڵزانی، زانیاریمان دەداتێ تا بتوانین بەرنامە دابنێینو ئامانج دیاری بكەینو بەجێیان بگەینین... بۆ ئەم مەبەستەش هۆو شێوازی گونجاو بەكاربهێنین... دەریدەخا كە نەخشەی كارو رامیاریو ئابووریو باری كۆمەڵایەتیو رۆشنبیری دەبێ زانستی بێو نابێ رەشۆكی بە خواست و ئارەزوو و سۆز دابنرێ.

هەورامانی نامەی كتێب

کاربەدەست، بێ زانیاری تەواوو دروست لەبارەی کۆمەڵگە، لە نەخشەدانانو بەرنامەی کارو ئەرك بەجێگەیاندن سەرناکەوێ... چەند کۆمەڵگە کشاوو بارە کۆمەڵایەتییەکان ئاڵۆز بن، لێکۆڵینەوەو زانینی کاروبارەکانی پێویستترە. لەلایەکی دی، رۆڵانی کۆمەڵگەی نوێ لە زۆربەی هاووڵاتییانی دابڕاوەو لەبارەی بیرو ژیانو پێکەرەکانی رەفتاری کۆمەڵایەتییان ئاگادارنییە... هەروەها ئاستی زانیاریو پێکهاتی کۆمەڵایەتیو کارو پیشە بەپێی دەڤەر دەگۆڕێو جیاوازن... بۆیە کۆمەڵزانی بۆ تێگەیشتنی کۆمەڵگەو پێکهاتو گیروگرفتو دیاردەو پێوەندیو گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان زۆر پێویستە.

کۆمەڵزانی پێکهاتی کۆمەڵگە شیدەکاتەوەو وێنەی تەواومان لەبارەی دەداتێ... لایەنە پێکچوو و جیاوازییەکانی روون دەکاتەوە... ئاڕاستەو کارو کردارو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لێکدەداتەوە... لە دابو نەریتو بەها کۆمەڵایەتییەکان دەکۆڵێتەوە... رەفتاری کۆمەڵایەتیو ئامانجو شێوازەکانی دەردەخا. رۆشنبیر، دەبێ تێگەیشتنێکی تەواوو هەڵسەنگاندنێکی رێکوپێکی کێشەو کاروبارو رووداوەکانی کۆمەڵگەی ببێ... بۆ ئەم مەبەستەش زۆر کەڵك لە کۆمەڵزانی وەردەگیرێ، کە بەهۆیەوە مرۆڤ لە باری خۆیو کەسانو کۆمەڵگەکەیو کۆمەلانی مرۆڤایەتی تێدەگات... ئەم تێگەشتنە وای لێدەکات کراوەترو لەسەرخۆترو ئاسۆ فراوانتر بێ لەبارەی پێشهاتە نوییەکانو ئایندە.

کۆمەڵزانی راوێژ پێشکەش دەکاتو یاریدەی دیاریکردنی رامیاریی کۆمەڵایەتی دەدا.

# دەروونزانیی کۆمەڵایەتی

"دەروونزانی" (Psychology)، کە زانستی لێکۆڵینەوەی بیرو رەفتارو کەسێتی تاکە مرۆڤ بێ، دەروونزانیی کۆمەڵایەتی (Social Psychology) لە بیرو کەسێتیو رەفتاری کۆمەڵایەتی دەکۆڵێتەوە... "دەروونزانی" سوودی تێگەیشتنی رەفتارو کردە ژیرییەکانی تاکە کەسی هەیە... لەبارەی پێکەرو گۆڕانو کاراییو کاریگەری رەفتاری مرۆڤە، کە بە هۆیەوە پێشزانی شێوەو جۆری دەکرێو دەتوانرێ نەخشەی بۆ دابنرێو هەوڵی رێکخستنو پەروەردەی بدرێ... هەرچی "دەروونزانیی کۆمەڵایەتی"یە بۆ تێگەیشتنی رەفتاری کۆمەڵایەتییە، کە بەدەمەوەهاتنی (response) وروژێنە کۆمەڵایەتییەکانە (social stimili)... بایەخیش بە لێکۆڵینەوەی کردەی کۆمەڵایەتیو ئەنجامەکانی دەدا.

رەفتار، هەڵسوکەوتو جوڵەو چالاکیو کردەکانی مرۆڤە... کاردانەوەو هەڵچوونو هەڵوێستی کەسانە لە ئەنجامی کارو پێوەندیو کارتێکردنە گۆڕاوە کۆمەڵایەتییەکان... رەفتار بەدەمەوەهاتنی پێکەر (motive)و وروژێنە (stimulus)، کە مۆرکی تێکڕای هەیە... رەفتاری (behaviour) ساکارو ئاڵۆز هەیە... ساکارترین جۆری رەفتار، رەفتاری دانەوەییە (reflexive behaviour)... شێوەی ئاڵۆزیش هەڵوێستو ئەرکی کۆمەڵایەتییە، رەفتاری کۆمەڵایەتییە ( social behaviour). رەفتاری دانەوەیی پێویستی بە بەکارهێنانی کردە ژیرییە باڵایەکان نییە، زۆربەی رەچەڵەکی (hereditary)و ناکۆمەڵایەتین... هەرچی رەفتاری کۆمەڵایەتییە، وەك ئەرکی کۆمەڵایەتی، پێویستی بە خستنەکاری کردە ژیرییە باڵایەکان هەیە... ئەم رەفتارە ویستو پێوەندی کۆمەڵایەتی دەوێو بە پەروەردەو ژیانی کۆمەڵایەتی پێکدێ.

ڕەفتاری کۆمەڵایەتی ئەنجامی کارلەیەککردنی هاووڵاتییانە... مەرجیش نییە ئەو کارلەیەککردنە ڕووبەڕوو بێ... بە دیاربوونو نەدیاربوونی هاووڵاتییان ڕوو دەداو کار لە یەکدی دەکەن، چونکە لە دەروونیاندا بەرجەستە بووە... ئەم جۆرە ڕەفتارە وەدەبێ لە ڕێی هێمایەکەوە ڕوو دەدا... بۆ نموونە شقلێکی هاتوچۆ، کە لای چەپگرتنی قەدەغە کردبێ، دەبێتە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی... لێخوڕ (driver) هەروەك پۆلیسی هاتوچۆ لەوێدا بێ لای چەپ ناگرێ... هەروەها بابەتی دی لەو جۆرە وروژێنە کۆمەڵایەتییانە دەبنە هۆی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی.

"دەروونزانیی کۆمەڵایەتی" لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی مرۆڤ، کە لەگەڵ کەسان دەژی دەکۆڵێتەوە... هاووڵاتییانی، یان کەسان کاری لێدەکەنو کاریان لێدەکات... واتا کارتێکراوی ڕەفتاریانەو کاریش لە ڕەفتاریان دەکات... دەروونزانیی کۆمەڵایەتی وەك لکێکی دەروونزانی لە ڕووی هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکانەوە لە مرۆڤ دەکۆڵێتەوە... بە شارەزاییو شیکارییەوە لە هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان، لە ڕەفتاری کەسی کۆمەڵایەتی دەدوێ.

"دەروونزانیی کۆمەڵایەتی" ئەو هۆکارانە دیاری دەکات، کە لە ڕەفتاری دانیشتووان لە ئەنجامی بەدەمەوەهاتنی وروژێنە کۆمەڵایەتییەکان پێك دێن، یان دەگۆڕێن... لە ڕووی جۆرو پێکهاتو ئەرکو ئامانجو تواناو گۆڕان، لە دەستەو توێژو چینو سەرجەمی کۆمەڵگە دەکۆڵێتەوە... بایەخ بەو کارتێکەرو پێوەندییە کۆمەڵایەتییانە دەدا، کە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی پێك دێنن... بایەخیش بە لێکۆڵینەوەی پێوانەو بەهاو ئاکارە دەروونییە کۆمەڵایەتییەکانو ڕای گشتی دەدا... هەروەها لە نەخۆشی کۆمەڵایەتی وەك تاوانو خراپەو لادانو تێکچوونو زیان گەیاندن بە کۆمەڵگە دەکۆڵێتەوە.

مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا دەژی... لەگەڵ هاووڵاتییانی دەخوێنێو کار دەکاتو ڕادەبوێرێو کاروبارەکانی وڵات بە کۆمەڵ دەکرێن... بە کۆمەڵ نیشتمان دروست

هەواڵنامەی کتێب

دەکرێو بەرگری لێ دەکرێ... بۆیە پێویستە پێکەرەکانی رەفتاری کۆمەڵایەتی بزانین... هەروەها بزانین چۆن دەستەو توێژو چینەکانی کۆمەڵگە پێکدێنو کار دەکەن. مرۆڤ بەهۆی ژیانە کۆمەڵایەتییەکانی پێویستییەکانی خۆی دابین دەکات، کەڵك لە هاووڵاتییانی وەردەگرێو کەڵکیش بە هاووڵاتییانی دەگەیەنێ... بۆیە دەبێ خۆی لە کۆمەڵگەدا بگونجێنێو هەڵوێستی ببێ.

مرۆڤ لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، بێجگە لە لایەنی دەروونی، بانگەشەو راگەیاندنیش، کەمو زۆر، کاری تێدەکەن... بەپێی دابو نەریتو بەها کۆمەڵایەتییەکانیش رەفتار دەکات، دەستەو توێژو چینەکانی کۆمەڵگە، جۆری ئامانجەکانی نەتەوە دیاری دەکەنو کار لە بیروباوەڕو رێڕەوو کردەوەو رادەو تواناو رەفتارەکانی دەکەن... کارو ئەرکی پێکهاتەکانی کۆمەڵگە بە کۆمەڵو پێکڕا کار لە یەکدیو لایەنە گۆڕاوەکانی نێویان دەکەن... ئەمانە وامان لێدەکەن بایەخ بە لێکۆڵینەوەی توانای هەمیشە گۆڕاوو پەرەسەندووی کۆمەڵگە بدەین.

"دەروونزانیی کۆمەڵایەتی" لە چێوەی کار لە یەککردنی مرۆڤو دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکەیدا، لە پێکەرەکان دەکۆڵێتەوە... هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانو "تایبەتە رەچەڵەکییەکان" (hereditary peculiarities)و وروژێنە راستەوخۆکان، رەفتاری مرۆڤ دیاری دەکەن. پێکەرەکانی رەفتاری کۆمەڵایەتی لە بابەتە گرنگەکانی دەروونزانیی کۆمەڵایەتییە، چونکە بەهۆیانەوە رەفتار لێك دەدرێتەوەو کەڵکی زۆر بواریشی دەبێ... بۆ نموونە چارەکارێکی دەروونی دەیەوێ پێکەری نەخۆشی دەروونی بزانێ، کە زۆریان کۆمەڵایەتین... یاساکارێك هەوڵی دۆزینی پێکەرەکانی رەفتاری تاوانو خراپەو ئۆباڵ دەدا... کاربەدەستێ پێویستە پێکەرەکانی رەفتاری کۆمەڵایەتی بزانێ... هەروەها پەروەردەکارو رۆشنبیرو نۆشدەرو هەموو ئەو کەسانەی سەوداو کاریان لەگەڵ کۆمەڵان هەن، باش وایە بۆ سەرکەوتنیان لە کارو ئەرکیاندا پێکەرەکانی رەفتاری کۆمەڵایەتی دروستو نادروست بزانن.

مـــرۆڤ لـــه كۆمەڵگـــەدا دوو جـــۆرە پێویـــستی دەوێ : پێویـــستییە كەرەستەیەكانی ژیان، وەك هەواو ئاوو خۆراكو بـەرگو خـانووو پاشكۆیەكانی... لەگـەڵ پێویـستییە دەروونییـەكانی وەك خۆشەویـستی، ڕێـزو پایـەی كۆمەڵایـەتی، ئازادیو سـەربەرزی، یـاریو رابواردن، فێربـوونو سـەركەوتن، ئاسایشو خۆشـی... بابەتی یەكـەم بـۆ ژیـانو گوزەران بنـچینەییە... بابـەتی دووەم بـۆ حەسـاندنەوەی دەروونەو خۆراكی كەسێتییە.

پێكـەر هەیـە لەشـیو دەروونییـە، هەشـە كۆمەڵایەتییـەو مـرۆڤ ڕووەو مەبەستو ئامـانجی دەبـا... پێكـەرەكان ڕاسـتەوخۆ تێبینـی نـاكرێن، بـەڵكو بـەهۆی ڕەفتاركردنـەوە لێـك دەدرێنـەوە. هـەر ڕەفتـارێكی كۆمەڵایـەتی پێكـەری هەیـە... پێكــەر (motive) هــۆی جۆرەهــا ڕەفتــارە، كــە لــە كەســێكەوە بــۆ كەســێكو لــە كۆمەڵێكـەوە بـۆ كۆمـەڵێكی دی، كـەمو زۆر، جیـاوازی تێدەكـەوێ... ڕەفتـار هەیـە پێكەرێ پێكی دەهێنێ، هەشە چەند پێكەرێ پێكی دەهێنن.

"دەروونزانیـــی كۆمەڵایـــەتی" یارمـــەتیمان دەدا لـــە ڕەفتـــارو بـــیرو بیركردنەوەی كۆمەڵایەتیو كەسێتی نەتەوایـەتی بگـەینو چاكتر سروشـتی مـرۆڤو كۆمەڵگە بناسین.

# پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان

مرۆڤ لەوەتەی هەیە بە کۆمەڵ ژیاوە... لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، پێوەندی لەگەڵ کەسان بەستووە... کۆمەڵگەی سەرەتایی، ژیانی ئابووریو کۆمەڵایەتییەکەی ساکار بووەو پێوەندی کەسانی لە چێوەی پێویستییە سەرەتاییەکانیاندا بووە... پێوەندییەکانیان پتر پێوەندی خێزانیو خزمایەتیو هۆزی بوون... پێوەندی گوزەرانو حەوانەوەو سۆز بووە، بۆ ژیانو زایەند (sex)و خۆپاراستن بووە.

بە پەرەسەندنو پێشکەوتنو گۆڕانی کۆمەڵگە، بە پەیداکردنی رۆشنبیریو دامەزراندنی شارستانێتی، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە چێوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییە سەرەتاییەکان نەماون... پێوەندییەکان کشاونو جۆری دییان لێپەیدا بووەو تەنیا لە چێوەی خێزانو خزمایەتیو هۆزدا نەمان... لە سنووری پێوەندی گوزەرانو زایەندو خۆپاراستن دەرچوونو لكو جۆری دی پێکهاتن.

پێوەندی خێزانی پێوەندییەکی بنچینەییەو کۆمەڵگە لە ژمارەیەکی زۆری خێزان پێکهاتووە... لە ئەنجامی هاوسەریو زاوزێ خزمایەتی پێکهاتووە... لە خۆشەویستی پێوەندی سۆزی پەیدابووە... لە هەستی بەرپرسیاری بۆ دابینکردنی گوزەرانو پاراستنی ژیانی کۆمەڵایەتی، پێوەندی نیهادی (conscience) پێکهاتووە.

بە پێکهاتنی کۆمەڵگەو بەهۆی کارو بەرهەم هێنانەوە، بە تاقیکردنەوەو هەڵەکردنو راستکردنەوەی، بە تێبینیو شارەزایی پەیداکردن، مرۆڤ وردە وردە رۆشنبیری پەیداکردووەو شارستانێتی دامەزراندووە... بێجگە لە پێوەندی خێزانیو خزمایەتیو هۆزی، پێوەندی کارو چالاکییە کۆمەڵایەتیو رۆشنبیرییەکان

پەیدابوون. لە پێڕۆی (regime) دەرەبەگایەتیدا (feudalism) پێوەندی کار لە نێوان جووتیارو دەرەبەگ لەلایەکەوە، پێوەندی هەرەوەزیو هاوکاری لە نێو جووتیارانەوە لەلایەکی دی پێکهاتوون... لە پێڕۆی سەرمایەداریدا پێوەندی کارو خاوەنێتی لە نێوان کرێکارانو سەرمایەدارانەوە، هەروەها بەپێی سروشتی کارو پێویستی کارکردن پێوەندی نێو کرێکارانیش دروستبوون.

پێوەندی کارو خاوەنێتی لە نێوان جووتیارو دەرەبەگو جووتیارو جووتیار،، یان پێوەندی کرێکارو سەرمایەدارو کرێکارو کرێکار یاخود دانیشتووانو دەسەڵات (authority)و دانیشتووانو دانیشتووان هەر لەو چێوانەدا نەمان، بەڵکو بەهۆی چالاکییەکانی کارو بەرهەمهێنانو گۆڕینەوەو دابەشکردنو لەکارهێنانی بەرهەمو راژەکانەوە، هەروەها بەهۆی چالاکییە کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریو رامیاریو وەرزشو رابواردنەوە، بێجگە لە پێوەندی خێزانیو خزمایەتیو هۆزیو گوندیو شاری، جۆرەها پێوەندی سۆزیو نیهادی پێکهاتوون.

پێوەندییەکانی رۆشنبیری، پێوەندی زمانو بیرو زانیاری "وێژە، هونەر، زانست، فەلسەفە-داناییزانی"و دابو نەریتو بەهای کۆمەڵایەتیو رەوشتو باوەڕو ئاینو کەلەپوورو شێوەی ژیانن... هاووڵاتییان بەهۆی زمانەکەیانەوە پێوەندی بەیەکەوە دەبەستنو بیرو را دەگۆڕنەوە، لە یەکدی دەگەنو بە یەکدی رادەگەیەنن، زانیاریو رووداوو داکەوت (reality) تۆمار دەکەنو بڵاوی دەکەنەوە... هەروەها لە رێی بیرەوە، بەهۆی هاوبیریو هاوبیروباوەڕی توێژێکی، یان چینێکی کۆمەڵگە یاخود سەرجەمی نەتەوە، راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، هاووڵاتی پێوەندی لەگەڵ یەکدی پەیدا دەکەن... لە مەیدانی زانیاریدا (knowledge) چ لە خوێندنگە، یان لەرێی شێوازەکانی راگەیاندنو پەخشو چاپەمەنی، راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ، پێوەندی لە نێو کەسانی کۆمەڵگەدا دروست دەبن... لەلایەکی دی باوەڕو ئاین پێوەندی لە نێوان رۆڵانی کۆمەڵگە پێکدەهێنن... کۆمەڵگە چەند دواکەوتوو بێ، ئەوەندە ئەو پێوەندییە بەتینتر دەبێو شێوەی دەمارگیریو توندڕەوی وەردەگرێ...

پێچەوانەی ئەمەش کۆمەڵگە چەند پێشکەوتوو بێ و ئاستی رۆشنبیری و شارستانێتییەکەی بەرز بێ، ئەو پێوەندییە لاواز دەبێ و ئازادی و هەڵبژاردنی بیروباوەڕ بە ئارەزووو ویستی هاووڵاتییان دەبن... شێوەی ژیانیش، کە بەشێکی رۆشنبیریی نەتەوایەتییە، جۆرە پێوەندییەك لە نێو رۆڵەکانی نەتەوە پێکدەهێنێ... لە سەرجەمی ژیانی ئابووری – کۆمەڵایەتی – رۆشنبیری – رامیاریش پێوەندی نەتەوایەتی و نیشتمانی پێکدێ.

پێوەندی کۆمەڵایەتی هەیە هەمیشەییە، هەشە کاتییە... هەیە مۆرکی گشتی وەردەگرێ، هەشە تایبەتە... بابەتی کەرەستەیی هەیە، کە پێوەندی بە گوزەران و ژیانەوە هەیە... هەشە بیری و رەفتارییە پێوەندی بە لایەنەکانی رۆشنبیرییەوەیە... هەیە بنچینەییە و هەشە لاوەکییە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو جۆرە پۆلکردنە رێژەییە... لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دی، لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دی، بەپێی ئاستو جۆری رۆشنبیری و رادەی پێشکەوتنی شارستانێتی دەگۆڕێ.

نموونەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییە هەمیشەییەکان، ئەوانەی خێزانی و خزمایەتییە... ئەوانەی کاتیش سۆزی و دۆستایەتی و سەوداکارین (transactional)... پێوەندییە کەرەستەییەکان ئەوانەی کارو گوزەران و بەرژەوەندن. پێوەندی کۆمەڵایەتی هەیە بنچینەییە وەك پێوەندی خێزان و کارو نەتەوایەتی... هەشە لاوەکییە وەك پێوەندی ناسیاوی و سەوداکاری و بازاڕکاری... پێوەندی هەیە نەمرە وەك ئەوەی ژیان و نەتەوە... هەشە بە پەرەسەندن و پێشکەوتن نامێنێ، وەك پێوەندی هۆزگەری و تیرەگەری... بەتینترین پێوەندی کۆمەڵایەتی پێوەندی بەرژەوەندیە، کە خێزان و کارو ژیان و نەتەوە و هاووڵاتییان بە یەکەوە دەبەستنەوە.

لێرەدا دەڵێم : مرۆڤ کۆیلەی بەرژەوەندیە !!

# کەسێتی و ژیانی کۆمەڵایەتی

پێوەنـدی کـارو بەرهـەمهێنانو راژە لەگـەڵ پێوەنـدی خێـزانو خزمایـەتیو چالاکییە کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریو یاریو رابواردن بنچینەیین... ئەم پێوەندییانـە خۆیان لە ئاستو جۆری رۆشنبیریو شارستانێتی نەتەوەیـەك دەدەنـەوەو قاڵبو مۆرکیـان دیـاری دەکـەن... کـار لـە هاووڵاتییـان دەکـەنو بەشـداری لـە پێکهێنـانی کەسێتییان دەکەن... ژیانی کۆمەڵایەتیو کەسێتی هاوبەندن.

ڕۆشنبیری، کـە لـە بیر، زمـان، زانیـاری "knowledge" "وێـژە، هونـەر، زانـست، دانـاییزانی"، داب، نـەریت، بـەهای کۆمەڵایـەتی، رەوشـت، کەلـەپوور، بـاوەڕو ئـاین، شێوەی ژیان پێکهاتووە، کار لە جۆرو ئاستی کەسێتی هاووڵاتییان دەکات... کەسێتی هاووڵاتییان هاوبەندە بە ژیانی کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریی نەتەوایەتی... پەروەردەو فێرکـاریو شـێوەی ژیـانی کۆمەڵایـەتی کـار لـە کەسـێتی مـرۆڤ دەکـەنو قـاڵبی دادەڕێژنو مشتو ماڵی دەکەن.

کەسێتی مرۆڤ پێکهاتێکی دەروونی –کۆمەڵایەتییە... رادەو شێوەی بیرو کردارو هەستو نەستو سۆزو نیهادو هەڵوێست دەردەبڕێ... کەسێتی کۆمـەڵێك بـەهاو رەفتـاری کەسـێ دەردەخـا... لایـەنی کۆمەڵایـەتی کەسـێتی لـە هەڵوێـستە کۆمەڵایەتییەکانیەوە پێدەگا... مرۆڤ لە مـاوەی کارلەیـەککردن لەگـەڵ هاووڵاتییـان خـۆی دەردەبـڕێ، بۆیـە کۆمـەڵزانی بایـەخ بـە زانینـی پێکهـاتو گـۆڕانی کەسـێتیو کارتێکەرە کۆمەڵایەتییەکانی دەدا.

مرۆڤ بێجگە لە تواناو ئامادەییو پێکهاتە دەروونییەکەی، رەوشی کۆمەڵایـەتیش کار لە پێکهێنـانی کەسـێتییەکەی دەکـات... لـە نێـو ژیـانی کۆمەڵایەتیـدا کارامـەیی پەیدا دەکاتو لـە رێـی پێوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانـەوە رەفتـاری دەبـێ... هۆکـاری رەچـەڵەکیو ژیـانی کۆمەڵایـەتیو رۆشـنبیری بەشـداری پێکهێنـانی کەسـێتی مـرۆڤ

دەکەن... سەرچاوەی کارو کردەوەکانی مرۆڤ، بیروباوەڕی، بەهاو پێوانەکانی، ویستو مەبەستی، سۆزو نیهادی دەوروبەری کۆمەڵایەتیو دەوروبەری سروشتە... هاوبەندیو پێوەندییەکی گۆڕاوە لە نێو مرۆڤو کۆمەڵگەو ڕۆشنبیریو سروشتدا هەیە... مرۆڤ لە نێو دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکەی پەروەردە دەکرێو فێر دەبێو خۆی دەردەبڕێ... لە نیشتمانەکەشی، واتە لە دەوروبەرە سروشتییەکەی پێدەگا.

کەسێتی مرۆڤ، کە کارتێکراوی دەوروبەرە کۆمەڵایەتیو سروشتییەکەیتی، لێکۆڵینەوەکەی بێ ڕەچاوکردنی ئەو دەوروبەرانە لێکۆڵینەوەیەکی تەواوو دروست نابێ... مرۆڤ جۆرەها پێوەندی کۆمەڵایەتی هەیە، کە کار لە کەسێتییەکەی دەکەنو ڕۆشنبیریش مۆرکو قاڵبی دادەڕێژێ... هەڵوێستو ڕەفتاری مرۆڤ بەپێی دەوروبەری کۆمەڵایەتیو سروشتیو بەرژەوەندو ویستو مەبەستیەتی.

مرۆڤ لە دەوروبەرەکەیدا پێدەگا، شارستانێتیو ڕۆشنبیرییەکەیو پەروەردە کاری تێدەکەن... رووچاری هەربوونێتی (determinism)و هات (fate)و ڕێکەوت دێ، تووشی خۆشیو ناخۆشی دەبێ... ئەمانە بەشداری لە دروستبوونی کەسێتییەکەی دەکەن، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ، کە مرۆڤ تەنیا بەری دەستی ئەو کارتێکەرانەیەو خۆی ویستو هەڵبژاردنی نییە... مرۆڤ خۆشی هەڵبژێرە، بەپێی بەرژەوەندو تێگەیشتنو حەزو توانای لە چێوەی سنوورە کۆمەڵایەتییەکان کاردەکاتو هەڵوێست وەردەگرێو ڕەفتار دەکات... مرۆڤ هەندێ خووی هەیە تایبەتە بەخۆیو جیایە لە هی کەسانی دی، خووی هەیە لە هی کەسانی دی دەچێ، خووی واشی هەیە لە هەموو مرۆڤێکدا هەیە... کەسێتی مرۆڤ وەدەبێ بەپێی ڕەفتارو کردارو پێوەندییەکانیەوە باس دەکرێ... وەك کەسێتی کراوە، یان گۆشەگیر، توند، ڕووخۆش، سۆزی، وشك، لەچەر (jealous)، ڕژد (stingy)، هەلخواز (opportunitist)، چنۆكو ئەم شێوانە ناودەبرێ... وەشدەبێ بەپێی هەڵوێستو ئامادەیی کۆمەڵایەتی وەك کەسێتی دادوەر (just)، ستەمکار، مەرد، ڕاستگۆ، بێوەی، شەڕانی، درۆزنو ئەم چەشنانە باس دەکرێ... بەم شێوەیە کەسێتی کەسێك بەپێی خووو ڕەفتاری لێی دەدوێن، بۆیە دەروونزانە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی دەوروبەری کۆمەڵایەتیو سروشتی کەسێتی دیاری دەکەن.

بەپێی جیاوازی بیروباوەڕو بەرژەوەندو رەوشتەوە، كەسێتی جیاواز پێكدێ...
دەبینین برا لەگەڵ برا، بگرە "هاوزا"ش (twin)، بەپێی كارو پیشەو پێوەندیی كۆمەڵایەتیو تاقیكردنەوەو بەسەرهاتی ژیان كەسێتییان جیاوازە... ئەمە لە كاتێكدا وایە، كە شێوەو زەمینەی ژیانو پەروەردەی خێزانیان یەكە، بەڵام هۆكاری دی وەك ژیریو پێكهاتی دەروونیو پێوەندیی كۆمەڵایەتی لەگەڵ خوێندنو كارو پیشە ئەو جیاوازییە دروست دەكەن... لەم رووەوە "ئەمیل دۆرگهایم"ی كۆمەڵزانی فەرەنسایی (١٨٥٨ - ١٩١٧) دەوروبەری كۆمەڵایەتی لە پێكهێنانی كەسێتی مرۆڤ زۆر بە كاریگەر دادەنێ... بە رای ئەو مرۆڤ دانەوەی دەوروبەرو شارستانێتیو رۆشنبیرییە... مرۆڤ، كە لە دایك دەبێ لە نێو شارستانێتیو رۆشنبیرییەكی سازدراو پێدەگاو ئاسایی لەگەڵیان دەڕواو خۆی دەگونجێنێ... شارستانێتیو رۆشنبیری هۆشیاریی كۆمەڵایەتی پێك دەهێننو رۆڵانی نەتەوە لێیان فێردەبنو پەیڕەویان دەكەن. لایەنگرانی "كەرەستەێتی" (Materialism) هۆكاری كۆمەڵایەتی بە هۆكارێكی كاریگەری پێكهێنانی كەسێتی دادەنێن.

تاكە هۆكارێ بەتەنیا كەسێتی مرۆڤ پێكناهێنێ، بەڵكو هۆكاری رەچەڵەكو كۆمەڵایەتیو رۆشنبیریو پەروەردەو دەروونی پێكڕا كەسێتییەكەی پێكدەهێنن... مرۆڤ، كە دەبێ كەرەستەی خاوەو ئامادەیی ژیریی هەیە بۆ فێربوونو پێگەیشتنو بەجێگەیاندنی ئەركی كۆمەڵایەتی... لەڕێی كارو چالاكی كۆمەڵایەتیو رۆشنبیرییەوە كەسێتییەكەی دروست دەبێو پێدەگاو پەرە دەستێنێ. كەسێتی مرۆڤ دانەوەو بڕیارو هەڵوێستو گونجانو وەرگرتنو هەڵبژاردنە.

هۆكاری جیاواز، كەسێتی دروستدەكات... بیرو كردارو رەفتاری هاووڵاتییان، كەمو زۆر، لەیەكتری جیان... هی ئەمانیش لەوانەی كۆمەڵێكی دی جیاوازن... لەگەڵ ئەوەشەدا بەهۆی دەوروبەری كۆمەڵایەتیو سروشتییەوە، دەبینین لە هەر كۆمەڵگەیەكدا بەپێی شارستانێتیو رۆشنبیریو پەروەردەوە "كەسێتی بنچینە" دروست دەبێ... پێگەیشتنو گەشەكردنی ئەو جۆرە كەسێتییە لە كۆمەڵگەیەكەوە بۆ كۆمەڵگەیەكی دی جیاوازە، كە بۆ جیاوازی پەروەردەو رۆشنبیریو باری كۆمەڵایەتیو ژیانی ئابووریو دەوروبەری سروشتی دەگەڕێتەوە... جیاوازی ئەو

هۆکارانـە، بـیرو سروشـتو رەوشـتو زانیـاریو هەسـتو سـۆزو نیهـادو هەڵوێـستی جیاواز دروستدەکەن.

زۆر وابـووە، کـە باسـی کەسـێتی کەسـان کـراوە، بەهەڵـە، یـان بەڕاسـت جـۆرو پێوانەی بۆ دانراوە، بێ ئەوەی بزانن کەسێتی چییە !... کەسـێتی شـتێ نییـە، کـە هەندێ کەس هـەیانبێو هەنـدێکیش نـەیانبێ،، یـان سـەرتاپا چاك بـێ، یـان خـراپ بێ... بەڵکو کەسێتی لە خووە هەمیشەییەکان، توانای بیرو کار، چـالاکیو ئامـادەیی کۆمەڵایـەتی، هەڵوێـست، رادەو شـێوەی سـۆزو نیهـاد (conscience) پێکهـاتووە... شــێوەی بیرکردنــەوەو رەفتــارو دابو نــەریتو بــەهای کۆمەڵایــەتیو رەوشــت دەردەخـات... خێـزانو دەوروبـەری کۆمەڵایـەتیو سروشـتی بەشـداری داڕشـتنی قاڵبەکەی دەکەن... کەسێتی پێکهاتێکی رووالەتی - دەروونی - کۆمەڵایەتییە.

کەسـێتی هەڵوێـستو کـردارو رێبـازی ژیـانی کەسـێکە، کـار لـە کۆمـەڵ کردنـەو کـارتێکراوی کۆمەڵێـشە... شـێوەی قـسەکردنو جوڵانـەوە لـە رووالەتـەکانیتی... هەڵوێستو سەوداو کردەوە دانەوەی رەفتاریتی... پیـاوەتی، بـوردن، بـەختکردن لـە گەوهـەریتی... زیرەکـی، هۆشـیاری، دانـایی، ئاشـکرایی، ئـازایی، چـالاکی، بـەزەیی، رووخۆشی، لەسەرخۆیی، ئارام، گـەوجی، بێئاگـایی، هەڵەشـەیی، سـاویلکەیی، گـرژی، مۆنی، زۆرداری، ترسنۆکی، تەمەڵی، سستیو ئەم بابەتانە کۆمەڵێك خـووو دیـاردەو پێکهـاتی کەسـێتین... ئەمانـە چاکیان، حراپیـان، زۆریـان، یـان هەنـدێکیان لەگـەڵ هۆکـارو لایــەنی دی، جــۆری کەســێتی پێــك دەهێــنن... ئــەم خــووو تایبەتانــە (peculiarities) هــەر لــە منداڵییــەوە لــە نێــو خێــزانو کۆمەڵگــە دەســت بــە دروستبوون دەکەن.

پێوانـەو ناونـانی هەڵـە لـەبارەی کەسـێتی هـەن... کەسـان، کـە رقیـان لـە کەسـێ بێتـەوە، بـە ئـارەزووی خۆیـان دەڵـێن کەسـێتی نییـە، یـان خۆشەویـست نییـە !... ئیشیان بە کەسێ ببێو سوودی لێ ببینن، وابێو وانەبێ پێی دەڵێن کەسێتی بـەرزە !... کەسانی نەزان، دواکەوتوو، هەلخواز، بێ بیروبـاوەڕو ناپابەنـد بـە سـەرەتایەکان (principles)، زیرەکیو زاناییو تواناو کـەڵك، شـاکاریو داهێنـانو دروسـتکاری لـە کۆمەڵگەی دواکەوتوودا نەکراونەتە پێوانەی کەسێتی دروستو چاك... کەسـان لـەم

رووەوە پتر بایەخیان بە خووو سۆزی وەك قسەخۆشی، دڵپاکی، رووخۆشی، خۆشەویستی، دڵڕاگرتنو ئەم بابەتانە داوە... لە کەسێکدا ببن پێی وتراوە کەسێتی بەهێزە !

نازپێدانی زۆر، توندیو خراپی لەگەڵ منداڵ، زیان لە پەروەردەو پێگەیاندنو گەشەکردنی دەدەن... بەخراپ کار لە کەسێتییەکەی دەکات... هەروەها هەست بە کەمی کردن، نائومێدی، سەرکەشی، لاساری، لووت بەرزیو ئەم شێوانە تەگەرەی کەسێتی چاكو بەرزن.

وەرگرتنی دابو نەریتو بەهای کۆمەڵایەتی ئاسانترە لە پێگەیاندنی هۆشو بیر... گرانە دەبەنگێ بە چاکیو خێرایی زانیاری وەربگرێ، بەڵام لەگەڵ رێبازی ژیانی کۆمەڵگە رادێو تا رادەیەکیش دەگۆڕێ... خوێندنو خوێندنەوەو زانیاری وەرگرتن، هۆشو بیر پێك دەهێننو پەرەیان پێ دەدەن... پەروەردەی خێزانو ژیانی کۆمەڵایەتی لە دروستکردنی کەسێتی، لە فێرکردنو زانیاری وەرگرتن کاریگەرترن.

هاووڵاتی بە نەخشەی بابەتیو هۆشیاریو حەزو ویستی بەتین، بە پەیڕەوکردنی دابو نەریتو بەهای کۆمەڵایەتیو رەوشتی بەجێو باش، بە خۆڕۆشنبیرکردنو تێکەڵی لەگەڵ کەسانی رۆشنبیرو رەوشت بەرز، بە چالاکی کۆمەڵایەتیو راژەکردنی کۆمەڵگە، بە شاکاریو داهێنانو دروستکاری، دەتوانێ کەسێتی خۆی چاکترو بەرزتر بکا.

چاکیو جوانی کردارو رەفتار، رەوانی زمانو لێوەشاوەیی گفتوگۆو سەودا، شۆخیو پۆشتەیی، چاك پێشوازیو جوان بەڕێکردنو رووخۆشی، روو لەزانیاریکردنو ئاواتی چاكو بەجێ، بەجێگەیاندنی ئەركو راژەکردنی کۆمەڵگە، گونجان لەگەڵ دەوروبەر، راستگۆییو ئاشکرایی، نەهێشتنی شەرمو هەست بەکەمی، توانای کارو سەرپەرشتیو هۆکاری دی بەشداری دروستکردنی کەسێتی چاكو دروستو بەرزن.

هەواڵنامەی کتێب

# بەندی سێیەم

- برسێتی کۆمەڵگەی دواکەوتوو و ژێردەست
- پێنەگات... ناگات
- بەرژەوەندی و بیروباوەڕ و رەوشت
- بەرژەوەندی و هەڵوێست
- مرۆڤی ئاسایی و مرۆڤی هەڵکەوتوو
- ئەوانەی پشتیان پێ نابەسترێ

کتێبخانەی کوردستان

هەواڵنامەی کتێب

# برسێتی کۆمەڵگەی دواکەوتوو و ژێردەست

باسی برسێتی بکرێ، یەکسەر کەسان بیریان بۆ بێ خۆراکی، یان کەم خۆراکی دەچێ... مرۆڤ، کە خۆراکی پێویستی بای تێربوون دەست نەکەوێ، تووشی برسێتی دەبێ... بەڵام کۆمەڵگەی هەژارو دواکەوتوو، یان دواخراو هەر لە رووی خۆراکەوە برسی نییە، بەڵکو لە زۆر رووەوە برسی کراوە.

پێش ئەوەی نەتەوەیەك برسی بکرێ، نیشتمانەکەی داگیر دەکرێ، مافو دەسەڵاتی زەوت دەکرێ... بە زەبری ئاگرو ئاسنو کوشتنو بڕین خاوەنێتی لێ دەسەندرێ... لە ئەنجامدا ئازادیو سەربەرزییەکەی ناهێڵدرێ... نەك هەر بێبەشی خاكو بەروبوومەکەی دەکرێ، بەڵکو کۆمەڵێك مافی سروشتیو نەتەوایەتی لە دەست دەدرێ : مافی ژیان، مافی هەبوونی، مافی گەشتو گوزەرانو گەڕان لە نیشتملنی خۆیو دەرەوە، مافی دروستکردنو ئاوەدانکردنەوە، مافی خوێندنو بەڕێوەبردنو دادگەو بازرگانی بە زمانی نەتەوایەتی خۆ، مافی نوێنەریو دەسەڵاتو سەربەخۆیی... نەتەوەی ژێردەست لە هیچ بوارو مەیدانێکدا خاوەنی خۆی نابێو مافە سروشتیو نەتەوایەتییەکانی پێشێل دەکرێن.

داگیرکەران بە هەموو شێوەکانییەوە : کۆنو نوێ، راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ، سەربازیو رامیاریو ئابووری، لەژێر دروشمی ئاینی، یان رەگەزی، ئەوەندی بۆیان کرابێ نەیانهێشتووە نەتەوانی ژێردەستیان بحەسێنەوە، یان ببوژێنەوە... بەپێی بەرژەوەندی خۆیان بواری نەتەوەی ژێردەستیان داوە. نیشتمانی داگیرکراو نەتەوەکەی چەوساوەیە، لە سامانو بەروبوومو داهاتی وڵاتەکەی بێبەشکراوە... هەژارو نەخۆشو نەخوێندەوارو دواخراوە... بۆیە نەتەوەی ژێردەست هەر تەنیا برسی خۆراك نییە، بەڵکو برسی ئازادیو دەسەڵاتو رۆشنبیریو خوێندن بە زمانی خۆو رابواردنو گەشتو

گەڕانیشە... ڕۆڵەکانی بە حەزو ئارەزووی خۆیان کەڵك لە بەروبوومەکانی نیشتمانیان وەرناگرنو تێری لێ ناخۆن... ناتوانن بە ئازادی بیرو را دەربڕن... بواری چوونە دەرەوەی وڵاتیان، یان نییە یاخود زۆر کەمو تەسکە... بە حەزی خۆیان چالاکی وەرزشیو رابواردنیان نییە... بواری راژەکردنی رۆشنبیریی نەتەوایەتی خۆیان وەك پێویست نییە.

بەو شێوەیەی نەتەوەی ژێردەستو دواخراو ناحەسێتەوە، تەنیا برسی خواردنی چاكو میوەو سەوزە و شیرەمەنی نییە، بەڵكو برسێتییەکەی زۆر لەوە تێدەپەڕێ... برسێتی خۆراکیو رامیاریو کۆمەڵایەتیو ئابووریو رۆشنبیرییە... بێبەشییە لە هەموو رووێکی ژیانەوە... دابڕاوییە لە خۆشی وەرگرتن لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات !

هەواڵنامەی کتێب

# پێنەگات... ناگات

مرۆڤ بۆ دابینکردنی پێویستییە کەرەستەییو دەروونییەکانی لەڕێی کارو بەرهەمهێنانەوە پێوەندیی کۆمەڵایەتیو بەرژەوەندو هاریکاری دەبێ... پێوەندییەکانی لە چێوەی خێزانو خزمایەتی تێدەپەڕێ... تاقیکردنەوەو شارەزایی زۆر دەبێو زانیاری وەردەگرێو هۆشیارییەکەشی دەکشێ. مرۆڤ بەپێی بارو مەرجی بابەتیو پێگەیشتنی کاروانگەی خۆی، نەك بە تەمابەریو ئاواتخوازی، مێژوو دروست دەکات... دروستکردنی مێژوو بە حەزو ئارەزوو نایەتە دی... راستە مرۆڤ لە دروستکردنی مێژوودا ویستو ئامانجی هەیە، بەڵام زەمینەو هۆکاری کەرەستەیی بۆ گۆڕینو دامەزراندنی بارێکی نوێی پێشکەوتووتر، بۆ ژیانێکی باشتر بنچینەییە.

وەچانی کۆمەڵگە جۆرە ژیانێکیان لەلایەن وەچانی پێشووی خۆیان بۆ سازدراوەو لەوەوە دەست پێدەکەنو دەکەونە کارو چالاکی... باری بابەتی ژیانو پێکهاتی کۆمەڵایەتی چالاکییەکانی کۆمەڵگە دیاری دەکەن... ژیانی کەرەستەیی، واتا ئابووری وڵاتێك، تواناو ئامادەیی رۆڵانی کۆمەڵگە پێدەگەیەنێ... تا پێکهاتی کۆمەڵایەتیو ئابووری نەتەوەیەك پێنەگا، ئامانجو ئاوات نابنە راستیو داگەوت (reality)و بەجێ ناگەیەنرێن... بۆ نموونە مرۆڤ لە کۆندا ئاواتی فڕین بووەو بیری لێ کردۆتەوە... لەجیاتی ئەوەی بە زەویو دەریا گوزار بکا، بۆ نزیك کردنەوەی دووری ویستوویەتی هۆیەك دابهێنێو دروستی بکات بۆ ئەوەی بە ئاسماندا گوزار بکا... ئەم ئاواتە تا سەدەی بیستەم، کە باری کەرەستەییو توانای زانستیو پیشەسازیو پیشەسازیزانی (technology) پێگەیشتن ئەوجا هاتە دی.

پێویستی ژیانو بەرژەوەند پێکەری کارو بەرهەمهێنانن... هەر بۆیەشە وتراوە "پێویستی دایکی داهێنانە"... نەخشەو ئامانج دیاریکردنو کارکردن بەپێی

باری ژیانو بەرهەمهێنانو باری کۆمەڵایەتیو ئاستی رۆشنبیری کۆمەڵگەیە... بێ زەمینەی ئابووریو رۆشنبیری ناکرێن... بۆ نموونە، لە پێڕۆی سەرمایەداریدا، سەرمایەداران بۆ قازانج پەرەیان بە شێوازەکانی بەرهەمهێنان داوەو پێشیانخستووە... هەروەها بە بڵاوبوونەوەی زانیاریو پەیداکردنی هۆشیاری بەگشتیو هۆشیاریی نەتەوایەتیو رامیاری بەتایبەتی پەرە بە بزاڤی رزگاری دراوە.

هەروەك نانکردن پێویستی بە ئاردو ئاوو خوێو ئاگرو ئامرازە،، یان نووسین پێویستی بە پێنووسو کاغەزو توانای نووسینەو بێ ئەمانە ناکرێن، هەروەها وەدیهێنانی ئاواتو گەیشتنە ئامانج لەلایەن نەتەوەیەکەوە بوونی مەرجو هۆکارو زەمینەی سازدراوی باری ئابووری - کۆمەڵایەتی - هۆشیاری دەوێ... نەتەوەیەکی ژێردەست بۆ ئەوەی رزگار بێو ئامانجە نەتەوایەتییەکانی بهێنێتە دی، زەمینەو هۆکاری ناوخۆو دەرەکی لەباری دەوێ.

هۆشیاری مەرجێکی بابەتی هێنانەدی ئاواتو ئامانجە... راستە بیرو بیروباوەڕ (ideology) رەوتی مێژوو دیاری ناکا، بەڵام هێزو تەوژمێکی کارایەو رێ بۆ پەرەسەندنو پێشکەوتنی کۆمەڵگە دەکاتەوەو خێرای دەکات... ئەگەر بێتو ئەو بیروباوەڕە دواکەوتوو بێ دەبێتە تەگەرەی پێشکەوتنو کۆمەڵگە دوادەخا... نموونەی ئەوەش بیروباوەڕە ئیسلامییە توندڕەوەکەی ئەفغانی بوو، کە ئەو وڵاتەی لە ماوەی دەسەڵاتی "تالیبان"خستە تاریکی. بیروباوەڕی زانستیو پێشکەوتوو لەگەڵ کارو بەرهەمهێنانو چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵگە دەگۆڕنو پێشی دەخەن.

نەتەوەیەك بە نزاو ئاواتخوازی پێش ناکەوێو ناگاتە ئامانجەکانی... دەبێ هۆکارەکانی گۆڕانو پەرەسەندنو پێشکەوتن پێ بگەنو رەوتی خۆیان بگرن. ئەوسا بەپێی باری کۆمەڵایەتی گونجاوو مەرجی پێویست، بە رەنجو کارو بەختکردن ئاواتو ئامانجی نەتەوە دێتە دی... هۆکارە بنچینەییە ناوخۆیەکان پێنەگەنو هۆکارە یاریدەرە دەرەکییەکانیش پشتیوان نەبن، نەتەوەیەك ناتوانێ ئاواتو ئامانجی بهێنێتە دی... هۆکارە ناوخۆیەکان هەمە جۆرن، کە گرنگترینیان

ئەمانـەن : پێگەیـشتنی بـاری ئـابووری - کۆمەڵایـەتی، ئاسـتو جـۆری رۆشـنبیری، رادەی هۆشـیاریی کۆمەڵایـەتیو نەتەوایـەتی، یـەکبوونی رێکخـستنو بیروبـاوەڕ، هاوهەڵوێستی هاووڵاتییان، بوونی سـەرکردایەتی بـەتواناو دڵسۆز. هەرچی هۆکارە دەرەکییەکانە، کە یاریدەری سەرخستنی کارو بزاڤی نەتەوەیە لـەپێناو رزگاریو دروسـتکردنی نیـشتمان ئەمانــەن : بـوونی وڵاتـی دۆسـتو هاوپـەیمان، گونجـانی بەرژەوەنـدیان لەگـەڵ بەرژەوەنـدی نەتـەوە، بانگەشـەو روونکردنـەوەی رەوایـی کێشەی نەتەوە بۆ رای گشتی جیهان، سڵکردن لە پیلانـی وڵاتـانی هاوبەرژەوەنـد لـە بەردەوامی ژێردەستبوونی نەتەوەکە، پاراسـتنی رێبـازی نیـشتمانی بزاڤـی رزگـاری، وەرگرتنی یارمەتی، دۆست زۆرکردنو دوژمن کەمکردنـەوە، پـەیڕەوکردنی رێبـازی دیموکراسیو میانڕەویو کراوەیی بۆ جیهان، پێویستی بوونی دەروازەیەکی دەرەکی بۆ هاتوچووو پێوەندی بەستنو گەیشتنی یارمەتی.

لـە گەیـشتنی نەتـەوە بـە کاروانگـەی (stage) رزگـاریو دروسـتکردنی نیـشتمانو وەدیهێنـانی پێـشکەوتنو بـەختیاری، دەبـێ بـاری ئـابووریو بەرهـەمو بەروبوومی وڵات بای خۆی بێو ئابلوقـەی دوژمـن نـەتوانێ هەرەسـی پـێ بهێنـێ... دەبێ هۆزگەریو ناوچەگەریو تیرەگەری لە بۆتەی نەتەوایەتیدا توابنەوە... ئاستی رۆشــنبیریو هۆشــیاری هاووڵاتییــان بــەرز بووبنــەوە... بیروبــاوەڕو هەســتی نەتەوایـەتیو هەڵوێـستیان هاوچەشـن بـن... ئەمانـە بـە تەمابـەریو تەمبـەڵیو سستیو نارێکیو نـاکۆکی بـەجێ ناگـەن... مـاوەو کارێکی زۆری دەوێ بـۆ گەیـشتنە ئـەو کاروانگەیـە... پێگەیـشتنی بـاری بابـەتیو هۆکـارە کۆمەڵایـەتی - ئابوورییـە - رۆشـنبیرییەکانی دەوێ بـۆ تێپـەڕکردنی بـاری سـاویلکەییو خۆخـوازیی رووتو ژێردەستی... گواستنەوە لە وەستانو پەرشو بڵاویو نارێکی، بـۆ هاوچەشـنی بیـرو کارو نەتەوایەتی، گواستنەوە بۆ خۆو نەتەوەخوازی دەوێ.

نەتەوەیەك لـە بـواری ئـابووری - کۆمەڵایـەتی - رۆشـنبیری - رامیـاری پێنـەگات، پێش ناکەوێو بە ئاواتەکانی ناگات.

# بەرژەوەندی و بیروباوەڕو ڕەوشت
# کەسان یەکدەخەن، یان لە یەکیاندەکەن

هەرچەندە جۆرە پێوەندییەك لە نێو بەرژەوەندو بیروباوەڕو ڕەوشتدا هەیە، بەڵام لە یەکدی سەربەخۆو جیان... هەر توێژو چینێکی کۆمەڵگە بەرژەوەندو بیروباوەڕو ڕەوشتی خۆی هەیەو کەسانیش لەو ڕووانەوە جیاوازن... بۆ نموونە زۆربەی دەرەبەگان بیروباروەڕیان پارێزگارەکیو کۆنەپەرستانەیە، بەڵام بە دەگمەنیش تیایاندا هەڵکەوتووە بیروباوەڕی زانستیو پێشکەوتوو بووە...، یان، کە زۆریان ستەمکارو چەوسێنەر بوون، هی وایان بووە، کە هەڵسو کەوتی لەگەڵ جووتیار خراپ نەبووە... هەروەها ئەم دیاردەیە لە ڕیزەکانی توێژو چینەکانی دی بەو شێوەیە بووە.

مرۆڤی چاكو پاكو ڕاستگۆ، یان خراپو پیسو درۆزن لە ڕیزی هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگە ڕەچاو دەکرێن... لێرەدا جۆری پەروەردەو ئاستی ڕۆشنبیریو ڕادەی هۆشیاریو زەمینەی باری ئابووری - کۆمەڵایەتی بۆ پێکهێنانی چەشنی بیروباوەڕو ڕەوشت کاریگەرن، بەڵام بەهۆی ئەوەی، کە بەرژەوەندی هۆکارێکی زۆر کاریگەرە، هەر توێژو چینێك بەپێی سروشتی پێکهاتو پێوەندیی خاوەنێتییان بیروباوەڕو ڕەوشتی تایبەتی خۆیان هەن.

ئاشکرایە، کە مرۆڤ پێش هەموو شتێ هەوڵی دابینکردنی پێویستییە کەرەستەییەکانی خۆی لە خۆراكو بەرگو خانووو کەلوپەل دەدا... بۆ ئەم مەبەستە بەتەنیاو بەکۆمەڵ دەکەونە کارو بەرهەمهێنان... لەگەڵ پێوەندی خێزانیو خزمایەتیو گوندیو شاری، هاووڵاتییان لە ڕێی کارو بەرهەمهێنانەوە پێوەندیی کۆمەڵایەتی دی دەبێ... هەر کەسێ، یان دەستەیێ یاخود ڕێکخراوێ کەڵکی ببێ بۆیان هاریکاری دەکەنو هاوکاری دەبن... هەر ڕێبازو هۆیەك پێویستییان بهێنێتە دی دەیگرن... بەرژەوەندییان لە چ دابێ ڕووی تێدەکەن...

بەرژەوەندخوازی مرۆڤ لەپێناو مانو گوزەرانو پاراستنی ژیانی خۆیەتی... بەپێی کارو بەرهەمهێنانو خاوەنێتیو جۆری دەسەڵاتو ئاستی رۆشنبیریو هۆشیارییەوە، بیروباوەڕ پێکدێ... پێویستی ژیانو گوزەران، بەرژەوەندیو ویستی توێژی، یان چینی دەسەڵاتدار، بەهای کۆمەڵایەتی بیروباوەڕو لایەنەکانی دی رۆشنبیری، شێوەو ئاکاری رەوشت دیاری دەکەن.

مرۆڤ، کە بە پلەی یەکەم هەوڵی دابینکردنی پێویستییە کەرەستەییەکانی ژیانی دەدا، دەیەوێ پێویستییە بیریو ورەییو دەروونییەکانیشی دابین بکات... مرۆڤ بە سروشت ئازادیخوازەو حەزیشی لە رابواردنو گەشتو گەڕانە... هەوڵ دەدا ئازاد بێ، بیرو رای خۆی دەربڕێ، هەڵوێستی ببێ، شێوەی خوێندنو کارو دۆستو ئامانج هەڵبژێریو دیاری بکات، رابوێریو یاریو گەشتو گوزارو سەیرانو ئەم بابەتانە بکات.

زۆر پێکەر (motive)و هۆکار هەن ئاراستەی رەفتاری مرۆڤ دەکەنو هەڵوێستی دیاری دەکەن... بە رای دەروونزانی نەمسایی "سیگمۆند فرۆید" (١٨٥٦ - ١٩٣٩) زۆری رەفتاری مرۆڤ بۆ پێکەری زایەند (sex) دەگەڕێتەوە... "ئەلفرێد ئەدلەر"یش، کە دەروونزانێکی نەمساییە (١٨٧٠ - ١٩٣٧) بەلای ئەو لەگەڵ پێکەری زایەند، خۆدەرخستنو زاڵخوازی پێکەرو مەبەستی زۆری رەفتاری مرۆڤە... هەرچی کارەکییە (pragmatists) ئەمریکاییەکانن باوەڕیان وایە، کە هەرچی مرۆڤ دەیکا لەپێناو بەرژەوەندی خۆیەتی... هەروەها "ئادەم سمیث"ی ئابووریزانی سکۆتلەندی (١٧٢٣ - ١٧٩٠)و "دێڤید ریکاردۆ"ی ئابووریزانی جووی بریتانیا (١٧٧٢ - ١٨٢٣)و "جۆن ستیوارت میل"ی ئینگلیز (١٨٠٦ - ١٨٧٣)و "کارل مارکس" (١٨١٨ - ١٨٨٣) جەختی ئەوەیان کردووە، کە زۆری رەفتاری مرۆڤ بۆ راژەکردنی بەرژەوەندەکانی خۆیەتی... دەریان خستووە، کە مرۆڤ بەرژەوەندخوازەو دەیەوێ بە کەمترین ماندووبوونو رەنجدانو بەختکردن، گوزەرانو ژیانی خۆی دابین بکاو گەورەترین دەسکەوتی ببێو زۆرترین پێویستییەکانی دابین بکات.

هەواڵنامەی کتێب

زۆری کارو کردارو هەڵوێستی مرۆڤ بۆ تێرکردنی پێویستیو حەزو ویستو ئارەزووەکانێتی بە بەجێگەیاندنو پاراستنی دەستکەوتە کەرەستەییەکانیو سازدانی لایەنی ورەییو دەروونیو حەزەکانی... مرۆڤ لەپێناو بەرژەوەندیەکانی کاردەکاتو هەڵوێست وەردەگرێ، مەبەستەکانی بەجێدەگەیەنێ، ماڵ پێکەوەدەنێ، دەسەڵات وەردەگرێ، زاڵ دەبێ، سەربەرزیو شکۆ وەدەسدەهێنێ.

بە رای من زۆر پێکەرو هۆکار رەفتاری مرۆڤ پێکدەهێنن... هەندێکیان سەرەکیو هەمیشەیین، ئەوانی دی لاوەکیو کاتین... هەن نیهادین (conscience)و هەشن سۆزەکین... بە تێکڕا بەرژەوەندو دابینکردنی پێویستییە کەرەستەییەکانی ژیان بە پلەی یەکەم دێن... هەرچی حەزو ئارەزووە دەروونییەکانە بە پلەی دووەم. ئەمەش زۆر ئاساییو سروشتییە، چونکە، کە مرۆڤ، بۆ نموونە، برسی بێ بیر لە نان دەکاتەوە نەک لە رابواردن... هەروەها پێویستی بۆ بەرگو خانوو کەلوپەل بەو شێوەیەن. کاریگەریی پێکەرو هۆکاری رەفتاری مرۆڤ رێژەیین... بەپێی باری گوزەرانو ژیانو ئاستو رادەی رۆشنبیریو هۆشیاری، کەمو زۆر، لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکو لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەک، لە سەردەمێکەوە تا سەردەمی دی جیاوازن... بەڵام لە هەموو بارێکدا پێویستی ژیانو گوزەران خۆی دەسەپێنێ... بێجگە لە پێکەری بەرژەوەندی، پێکەری زایەند، حەزی خۆدەرخستنو زاڵی، پێکەری سۆزو سروشتەی (instinct) دایکایەتیو باوکایەتی، هەستی نەتەوایەتی، بیروباوەڕو رەوشت کاری خۆیان دەکەنو پێکڕا رەفتارو کەسێتی مرۆڤ پێکدێنن.

هاوولاتییان بەپێی بەرژەوەندیو بیروباوەڕو رەوشتیانەوە لەگەڵ یەکدا پێوەندی دەبەستن... بەپێی کۆکیو رێکییان، یان دژایەتیو ناکۆکییان هەڵوێست بەرامبەر یەکدی وەردەگرن... هاوبەرژەوەندی، یان هاوبیروباوەڕی یاخود هاوڕەوشتی یەکیان دەخات... جیاوازییان لە هەرەیەک لەو بوارانەدا لەیەکیان

دەکاتو ناکۆکو نارێك دەبنو لە یەکدی دوور دەکەونەوە... هاتو بەرژەوەندییان یەك بێ، هاریکاری یەك دەکەنو بەدەم یەکەوە دێن... ئەگەر بێتو دژو جیاواز بن، لە یەکدی دوور دەکەونەوە، بەڵکو نارێكو ناکۆك دەبن... هەروەها بیروباوەڕو رەوشتیان، کە پێوەندییان بە بەرژەوەندییانەوە هەیە، بەو چەشنە کار لە پێوەندیو هەڵوێستیان دەکات لەبارەی یەکدی.

توێژو چینەکانی کۆمەڵگە بەپێی پێویستیو هەبوونی، ژیانو گوزەرانو پێوەندی خاوەنێتی، بەپێی ئاستی رۆشنبیریو هۆشیاری، بەڕادەی هێزی بەرهەمهێنانو توانایانەوە دەگونجێن، یان ناگونجێن... بەرژەوەندو پێویستییان بخوازێ هاریکارو هاوکاری یەك دەبن، نەشخوازێ دژو ناکۆك دەبن.

ئەوانەی بیروباوەڕی نەتەوەییو زانستیو پێشکەوتوویان هەن لەگەڵ یەکدی دەگونجێنو هاوکاری یەك دەبن... لەگەڵ هەڵگرانی بیروباوەڕی نەدیاریو دواکەوتوو و بیانی پەرستیو تەمابەریو ئەفسانەیی رێکناکەونو لە یەکدی دوور دەکەونەوەو ناکۆك دەبن... ئەوان لە دۆڵێكو ئەمان لە هەڵدێرێك.

لە بواری رەوشتدا راستگۆ لەگەڵ راستگۆ... پاك لەگەڵ هی وەك خۆی، رەفتار جوان لەگەڵ هاوتایەکەی... دادوەر (just) لەگەڵ راست... سەنگینو رێزدار لەگەڵ هاوچەشنی خۆی... هاودرۆزنو هاوستەمکارو هاوسەرسەریو هاوخراپو ئەم جۆرە کەسانە لەگەڵ یەکدی دەگونجێنو رێکدەکەون... بەڵام راستگۆ لەگەڵ درۆزن، پاك لەگەڵ پیس، خاوەن بەڵێن لەگەڵ بێ بەڵێن، دادوەر لەگەڵ زۆردار، رێزدار لەگەڵ بێ رێزو ئەوشێوانە هەرگیز رێك و کۆك نابن!

کەواتە هاوبەرژەوەندو هاوبیروباوەڕو هاوڕەوشت لە بیرو رەفتارو کاردا یەكو کۆك دەبن... جیاوازیشیان لەو بوارانەدا لە یەکیان دەکاتو ناکۆكو نارێك دەبن... ئەمەش ئاساییەو سروشتی مرۆڤو ژیانە !!

# بەرژەوەندی و هەڵوێست

مرۆڤ لە کۆمەڵگەکەی بیر دەکاتەوەو کار دەکاتو پێوەندی دەبێ... بەپێی ڕێساو یاسای سەپاوی کۆمەڵگەکەی ڕەفتار دەکات... هەر کۆمەڵگەیەك جۆرە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی خۆی هەیە،، کە بەشی زۆری هی پێشینانیتیو زۆربەی هاووڵاتییانی پەسەندیان کردووە... لەگەڵ دابو نەریتو بەها کۆمەڵایەتییەکان ڕاهاتووەو پەیڕەویان دەکات.

بێ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی، لە ڕەفتارو هەڵوێستی دانیشتووانی ناگەینو ناتوانین لێیان بکۆڵینەوە... بۆ ئەم مەبەستە دەبێ سوود لە کۆمەڵزانیو دەروونزانیی کۆمەڵایەتی وەربگرین،، کە بەهۆیانەوە دەتوانین لە پێکهاتو دیاردەو گیروگرفتو پێوەندیو گۆڕانو ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان بگەین.

ئەنجامێکی بەکەڵکی "دەروونزانیی کۆمەڵایەتی"،، کە بایەخی لێکدانەوەی کۆمەڵایەتی هەیە، کێشەی پێوەندی بەرژەوەندو هەڵوێستە... هەڵوێستی مرۆڤ کاردانەوەی هەستو نەستو سۆزو نیهادی (conscience) خۆیە لەبارەی دەوروپشتی... بۆ نموونە هەڵوێستی خۆشویستن، ڤین لێبوونەوە، دۆستایەتیکردن، دوژمنایەتیکردن، هاریکاریکردن، یارمەتیدان بەپێی بیرکردنەوەو بەرژەوەندی کەسو لایەنە لەبارەی کەسانو لایەنان.

زۆری پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەڵوێستی کەسانە بەپێی بەرژەوەندی خۆیان... بۆ نموونە پێوەندی خۆشەویستی بۆ دابینکردنی پێویستی دەروونی، یان بەرژەوەندە... هەروەها دۆستایەتی، هاریکاری، هاوکاری، یارمەتیو ئەم بابەتانە پێویستی دەروونی، یان کەرەستەیی پێکیان دەهێنن... لەلایەکی دی باری ترس،

قین، دوژمنایەتی، ناکۆکی،و ئەم چەشنانە بەهۆی جیاوازیو ناکۆکی بەرژەوەندو بیروباوەڕو ڕەوشتن... کەسێك، لایەنێك، پێڕۆیەك بەپێی بەرژەوەندو پێویستی هەڵوێست لەبارەی یاسا، ئاین، زایەند، بارێکی کۆمەڵایەتی، یان ڕامیاری یاخود ئابووری وەردەگرن... بەڵام هەڵوێستی مرۆڤ لەبارەی پێوەندیو گیروگرفتو کاروبارەکان وەك یەك نین... جیاوازی هەڵوێست جیاوازی بەرژەوەندو بیروباوەڕو ڕەوشتە. لێکۆڵینەوەی مرۆڤ زانینی بەرژەوەندو دانەوەی هەڵوێستی دەوێ.

هەڵوێست هەیە هاوولاتییان کۆكو ڕێك دەکاتو دەیانگونجێنێ... هەشە ناکۆکیو بەرەنگاریو جیاوازی دروست دەکات... پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وەك شەپۆلی دەریا، یان شان بە شان دەڕۆن یاخود لە یەك دەدەنو بەیەکدا دەچن... هەڵوێستیش هەن ڕێکنو لە یەکدی نزیکن، هەشن ناڕێکنو لەیەکدی دوورن... یارمەتی، خۆشەویستی، هاریکاری، هاوکاری، هاوبەرژەوەندیو ئەم شێوانە نزیك کەرەوەن... هەرچی قین، خراپە، ستەمکاری، چنۆکی، تۆقاندن، چەوساندنەوە، بێبەشکردن، جیاوازی بیروباوەڕ، دژواری بەرژەوەندو ئەم شێوانە دوورخەرەوەو جیاکەرەوەن... سۆزو بەزەی کەسان لە یەکدی نزیك دەکەنەوە... قینو دڵڕەقیو بایەخ نەدان بە کەسان، هاوولاتییان لە یەکدی دەکەن... ئەوانەی کەڵك لە چەوساندنەوەو زەوتکردنو بێبەشکردنی کەسانو خاوەن ماف وەردەگرن کۆك دەبن.

بەرژەوەند هەڵوێستو ئارەزوو پێوەندیی کۆمەڵایەتی پێك دەهێنن... ئەوانەی لە کۆمەڵگەیەکدا روو دەدەن، پێویستی ژیانو بەرژەوەند هەڵیاندەسوڕێنن... بەرژەوەند هەیە کەسییە، هەشە هی کۆمەڵە کەسانێکە، هی واش هەیە هی سەرجەم کۆمەڵگەیەکە... وەدەبێ بەرژەوەندی چەند لایەنێك یەك دەگرنەوە، یان بەیەکدا دەچن یاخود دژی یەکدی دەبن.

مرۆڤ دوای بەرژەوەندی خۆی دەکەوێ... ناچاریشە پەیڕەوی دابو نەریتو بەها کۆمەڵایەتییەکانی بکات... بەپێی ئاستی ڕۆشنبیرییەکەیو ڕادەی

هۆشیارییەکەی بایەخ بە ئارەزووو ئامانجە گشتییەکان دەدا... هەڵوێستو رەفتاری کۆمەڵایەتی دوو جۆر بەرژەوەندییان تێدایە : بەرژەوەندی تایبەتو بەرژەوەندی گشتی... ئەگەر مرۆڤ تەنیا بایەخی بە بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بدابایە، فڕاندنو پەلاماردانو ناکۆکی بەردەوام باو دەبوونو ئاسایشو ئاسوودەیی نەدەبوون... ئەوسا هاووڵاتی تەنیا دوای چنۆکی خۆی دەکەوت. مرۆڤ هەستی کۆمەڵایەتیو کۆمەڵخوازی نەبووایە، هاریکاریو هاوکاریو یارمەتی نەدەبوو... خۆشەویستیو دۆستایەتیو سۆزی خێزانیو خزمایەتیو دڵسۆزی بۆ یەکدی نەبووایە، هاووڵاتییان پشتیان لە یەکدی دەکردو خۆپەرستی رووت باو دەبوو، کە بێگومان وا نییە.

مرۆڤ بە سروشتی خۆی کۆمەڵایەتییە، بە تەنیا کار ناکاو هەر بۆ خۆی ناژی... بایەخ بە خۆیو کۆمەڵگەکەی دەدا... خۆخوازیو کۆمەڵخوازی لە مرۆڤدا هەنو لە بیرکردنەوەو رەفتارو کاریدا دەردەکەون. مرۆڤ بە رەفتار هەڵوێست دەردەبڕێ و بەرژەوەندی دەردەخات، کە بێ هۆکارو مەبەستو پێکەر نییە... پێکەری رەفتارو هەڵوێست لە ناخی دەروونەوە، لە هەستو نەستەوە دەردەچێو بەپێی هۆشیاریو ژیرییەوە پێکدێ... کارو کردار هەیە وەدەبێ کەسان بە پێکەرو مەبەستی جیاواز دەیکەن... بۆ نموونە چوونە پەرستگە هەیە دەچێ بۆ ئەوەی باوەڕداران خۆشیان بوێو رێزی لێ بنێن، هەشە بە ئەرکی دەزانێو باوەڕی پێیە. کەسانی دی بازرگانی پێوە دەکەن !... هەروەها رێزگرتنی کەسان، هەیە بە هۆشیاریو نیهاد (conscience) رێزی کەسی شایستە دەگرێ، هەشە بۆ بەرژەوەند، یان لە ترسان رێزی دەسەڵاتدارو پارەدار دەگرێ... مرۆڤی ساویلکەو گەمژەو لاواز بە زۆرڕەوییەوە رێزی کەسان دەگرێو رووبازییان (adulation) بۆ دەکات، هەشە رێزی کەسان دەگرێ بۆ ئەوەی رێزی لێبنێن، یان بۆ پێوەندی خۆشکردنە لەگەڵیاندا.

پێکەرەکانی رەفتارو هەڵوێستی مرۆڤ هەمە جۆرن : هەن پێوەندییان بە گوزەرانو ژیانو باری ئابوورییەوە هەیە... هەشن بۆ سروشتی مرۆڤو حەزەکانی

دەگەڕێنەوە : بۆ باری کۆمەڵایەتی، حەزی زایەند، حەزی خۆدەرخستن، حەزی خاوەنێتی، حەزی زاڵی‌و دەسەڵاتخوازی... ئەم پێکەرانە بۆ تێرکردنی پێویستییەکانێتی : پێویستییەکانی ژیان‌و گوزەران، یان پێویستییە کۆمەڵایەتی‌و دەروونییەکان.

هەڵوێستەکانی مرۆڤ کۆمەڵە کارو کردارو وتن‌و نەوتن‌و کاردانەوەن... هەڵوێست بەرامبەریکردنەو دانەوەی هەست‌و نەست‌و سۆزو نیهادە، کە پێوەندی بە دەوروبەری کۆمەڵایەتییەوە هەیە... پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی بەرژەوەندو ژیانی کۆمەڵایەتی‌و پێویستی‌و حەز پێکدێن. هەڵوێست کردن‌و نەکردنە، وتن‌و نەوتنە، نزیکبوونەوەو دوورکەوتنەوەیە، باوەڕو بێ باوەڕییە، کاری چاك‌و خراپە، دروستکردن‌و روخاندنە، شاکاری‌و کاری رەشۆکییە، دۆستایەتی‌و دوژمنایەتییە، رێك‌و پێکی‌و ناڕێکییە، کۆکی‌و ناکۆکییە، ئاشتی‌و شەڕە، مرۆڤایەتی‌و دڕندەیەتییە، روو لە زانیاری کردن‌و پشت تێکردنێتی، چالاکی‌و تەمەڵییە، ژیری‌و گەوجییە، سەربەرزکردن‌و سەرشۆڕکردنە... کۆمەڵێك کارو کردارو کردەو وتنی رۆژانەن.

هەرچەند لە زۆر باردا کاروبارەکانی ژیان بەسەر مرۆڤدا سەپێنراون، رای دەربارەیان وەرنەگیراوەو بواری هەڵبژاردنی نەدراوەتێ، بەڵام لە چێوەی دەسەڵات‌و بەپێی توانا‌و هەلکەوتوو رێکەوت‌و ئاستی رۆشنبیری‌و رادەی هۆشیارییەکەی هەڵوێست وەردەگرێ. ژیانی مرۆڤ تەنیا خواردن‌و نوستن‌و زایەندو رابواردن نییە، بەڵکو شاکاری‌و داهێنان‌و دروستکاریشە. مرۆڤ بە کارو هەڵوێست مرۆڤایەتییەکەی پێکدەهێنێ... هاووڵاتی لە ژیانی ئێستای بە کەم‌و کورتییەکانیەوە،، یان ئەو ژیانە رێکوپێکەی، کە دەیەوێ دروستی بکاو ئاواتەکانی بهێنێتە دی هەڵوێستن.

مرۆڤ بۆ گوزەران‌و دروستکردنی ژیانی خۆی‌و بەشداریکردن لە پێشخستنی وڵاتەکەی، پێویست دەکات کار بکات... واتاو گەوهەری بوونی مرۆڤ کارەکانێتی... لەڕێی

کارو بەرهەمهێنانەوەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیەوە، دەبێ بڕیارو هەڵبژاردنو گاڤی ببێ... واتا دەبێ هەڵوێستی هەبێ... بەپێی بەرژەوەندو ئاستو جۆری رۆشنبیریو رەوشتو هۆشیارییەکەی هەڵوێستی دەبێ... هەڵبژاردن لە نێو چەند بیرو شتو کارو کرداردا هەڵوێستە... مرۆڤ ناتوانێ لە یەك کاتو بە یەك جار چەند شتێ هەڵبژێرێ، بۆیە بەپێی بەرژەوەندی خۆیو هۆشیارییەکەی یەکێکیان دەکاتو واز لەوانی دی دەهێنێ... ئەم هەڵبژاردنە هەڵوێستە.

مرۆڤ لە چ بارێکی ژیاندا بێ، هەر جۆرە بیروباوەڕێکی ببێ، لە هەر سەردەمو شوێنێکدا، دەسەڵاتدارو بێ دەسەڵاتی، دەوڵەمەندو هەژاری، زۆری رەفتارەکانی مەبەستدارەو پێکەر ئاراستەی هەڵسوکەوتەکانی دەکاتو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی پێکدێنن. دەوروبەری سروشتیو کۆمەڵایەتی، باری ئابووری - رامیاری - رۆشنبیری بەشداری پێکهێنانی شێوەی رەفتاری مرۆڤ دەکەن... پێکەر (motive) وا لە مرۆڤ دەکات، کە ئاکارێك بگرێو ئەوانی دی بخاتە پشت گوێ.

هاووڵاتی بە مەبەستو خواستو ئارەزووەوە ئامانجەکانی وەدی دەهێنێ... بۆ دابینکردنی گوزەرانو پێویستییەکانی ژیانی کار دەکاتو رەنج دەدا... بۆ قازانج سەرمایە دەخاتە کار... زۆری کارو رەفتارو پێوەندییەکانی بۆ بەرژەوەندو تێرکردنی پێویستییە کەرەستەییەکانو ئارەزووو ویستەکانێتی... بۆ ماڵ پێکەوەنان، دەسەڵات وەرگرتن، زاڵی، سەربەرزیو شکۆ هەموو رێبازێك دەگرێتە بەر.

بەرژەوەندخوازی مرۆڤ لە زۆر هەڵوێستو باردا دەردەکەوێ، لەوانە هاوسەری (marriage) بەرژەوەندانە... کەسانێ ئێشیان بە دەسەڵاتدارو پارەدار بێ، رێزی دەگرنو رووبازیو بەردەستی دەکەن... کەی ئێشیان پێ نەما پشتی تێدەکەن، بەڵکو جار هەیە دژیشیان دەوەستن ! هاووڵاتی هەیە هەوڵی دەسکەوتنی شتی هەرزان دەدا... مرۆڤی چڵێسو مشەخۆر بەدوای مرۆڤی دڵچاك دەکەوێو مەڵۆسی (adulation) بۆ دەکات و....... بەو شێوانە دەردەکەوێ مرۆڤ لەپێناو بەرژەوەندی خۆی رەفتا دەکات !!



هەزارنامەی کتێب

# مرۆڤی ئاسایی و مرۆڤی هەڵکەوتوو

لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا مرۆڤی ئاساییو مرۆڤی هەڵکەوتوو هەیە... لە نێو توێژو چینەکاندا، هاووڵاتی هەیە کارو بیری لای ژیانو گوزەرانە، کارامەییو شاکاریو داهێنانی نییە، راژەی نەتەوەی خۆیو مرۆڤایەتی پێناکرێ... بە دەگمەنیش هاووڵاتی هەیە هەڵدەکەوێو بەشداری چاك لە مەیدانی رۆشنبیریو شارستانێتی دەکاتو پێشیان دەخات.

جۆری باشو ئاستی بەرزی هاووڵاتییان، نەك زۆری ژمارەیان، کاریگەرەو لە مەیدانێك لە مەیدانەکاندا بەشداری لە پێشخستنی نەتەوەدا دەکات... ئەگەر پێشکەوتن بە زۆریی ژمارەی دانیشتووان بووایە، دەبووایە وڵاتی چین پێشکەوتووترین وڵاتی جیهان بووایەو لە دوای ئەویشەوە هیند بهاتایە،، کە وا نین !!... زیندوویيو بەرهەمداریو کارامەیی دانیشتووانی وڵاتێك لە کارو پیشەیاندا هۆکارێکی کاریگەری پێشکەوتنی ئەو وڵاتەیە... چەند رێژەی کەسانی بەتواناو هەڵکەوتوو لە کۆمەڵگەیەکدا بەرز بێ ئەوەندە زۆرتر بەشداری پێشخستنی دەکەن.

هەواڵنامەی کتێب

راستە باری ئابووری - کۆمەڵایەتی - رۆشنبیری لەگەڵ سەربەخۆییو ئازادی بنچینەی پەرەسەندنو پێشکەوتنن، لەگەڵ ئەوانەشدا کەسانی هەڵکەوتوو لە کۆمەڵگەدا زۆر کاریگەرنو بەشداری چاكو گەورە لە پێشخستنی رۆشنبیریو شارستانێتی دەکەن. مرۆڤ بە شاکاریو داهێنانو دروستکاری، کارایی مێشكو دەستەکانی رۆشنبیری پێکهێناوەو شارستانێتی دامەزراندووە. لە هەر توێژو چینێکی کۆمەڵگە کەسانی هەڵکەوتوو پێشی دەخەنو جۆرو بەرهەمی دەگۆڕنو چاکتری دەکەن... بۆ نموونە لە نێو چینی جووتیاراندا، جووتیار هەیە دەیان ساڵە

لە چێوەی ڕێبازە کۆنەکەی خۆیدا ماوەتەوە، سەربارێکی نوێی بە چاکردنی ڕووەك، یان بە پترکردنی هەندو جۆری درەخت یاخود بە فراوانکردنی ڕووبەری زەوی کشتوکاڵ نەبووە... لە شوێنی خۆی ماوەتەوەو ژیانی تەنیا بۆ ورگو بەرگو زایەند بووە... بەرامبەر بەو جۆرە جووتیارە، هی واش بووەو هەیە بەردەوام هەوڵی داوە بەرهەم چاك بکاو هەندو جۆری زۆرو باشتر بکات... پەیڕەوی شێوازی نوێی بەرهەمهێنانی کردووەو بەرهەمداری ڕووەكو زەوی بەرزکردۆتەوە، درەختی موتوربە کردووە، چاکتر ئاژەڵو پەرەوەلی پەروەردە کردووە، ڕووبەری زەوی کشتوکاڵی فراوانتر کردووە... ژیانی خۆی باشتر کردووەو پتر کەڵکی بۆ کۆمەڵگەکەی بووە.

زۆربەی دەرەبەگانی کوردستان بەهۆی نەخوێندەواریو دواکەوتنیانەوە، نەك هەر نەیانتوانی ڕاژەی کوردستان بکەن، بەڵکو ڕاژەی خۆشیان وەك پێویست نەکردووەو تەنانەت تەلارێکی جوانیان بۆ خۆیان دروست نەکردووە... هەر خەریکی ڕووتاندنەوەو خراپەو ستەمکاری بوون... بایەخیان ورگو بەرگو گاڵتەو گەپی بۆشو زایەندو پووکە ڕواڵەتی کۆمەڵایەتی بووە... خەریکی ڕاوو ڕابواردنو ماڵ زەوتکردنو دامێن پیسی بوون... لە نێو سەرانو سەرەك هۆزو دەرەبەگی کورد بە دەگمەن کەسانی دیارو سەرکەوتووییان لێهەڵکەوتووە... لەو هەڵکەوتووانە بەدرخان پاشاو عەبدال خانی بتلیسو کەسانی دی لە بنەماڵەی بەدرخانو هیدی بوون، کە نەتەوەییو بەتواناو شیاو بوون، خەباتیان بۆ سەربەخۆییو پێشخستنی کوردستانو ئاوەدانکردنەوەیان کردووە.

کرێکار هەیە دەیان ساڵ لە کاردایەو وەك خۆی ماوەتەوەو پێش نەکەوتووە... نەیتوانیوە لە کارەکەیدا پێشبکەویو کارامە بێو ببێتە وەستایەکی چاك... هەشە نەك هەر بە ماوەیەکی کورت کارامە بووە، بەڵکو شاکاریشی بووەو ئاستو جۆری شتی گۆڕیوە، بەکەڵکی خۆیو کۆمەڵگەکەی هاتووە.

زۆربەی سەرمایەدارانی کوردستان لەم سەردەمەدا تەنیا لە هەوڵی قازانجی زۆرو خێرادان... هەوڵێکی ئەوتۆیان نەداوە، کە بارو بواری کارو کارگەو بەرهەمهێنان چاکترو خۆشتر بکەن... زۆربەی سەرمایەدارەکانمان سەرمایەداری بازرگانین... هەوڵی پیشەسازیکردنی کوردستانیان نەداوە، بگرە نەیانتوانیوە پیشەسازی شمەکی لەکارهێنانیش دابمەزرێنن.

زۆربەی خوێندەوارانمان، دەرچووانی زانکۆو پەیمانگەکان،، کە بڕوانامەیان وەرگرتووەو دامەزراون، لەوان وابێ ئەرکیان تەواو بووە... نازانن تەواوکردنی خوێندن سەرەتاو بناخەیە بۆ خۆدروستکردنو راژەکردنی نەتەوەکەیان... دەبێ ئەوە بزانن، کە پێویستییان بە خوێندنەوەو بەدواچوونو کۆششێکی زۆرو بەردەوامە بۆ ئەوەی ببنە پسپۆڕی سەرکەوتوو... زۆریان کات بەفیڕۆ دەدەن، هەر خەریکی ورگو بەرگو زایەندو گاڵتەو گەپی بۆشو رابواردنن... تەمبەڵو سستنو بەرو سەربارو بەرهەمێکیان نییە... لەوان وابێ لە هەموو شتێ بوونەتەوەو خۆشیان نەك هەر بە پسپۆڕ بەڵکو بە رۆشنبیر دادەنێن... زۆربەیان لە بواری زانیاریدا هیچ هەوڵو رەنجێکیان نییە.

نەتەوە چەند دواکەتوو بێ، ئەوەندە مرۆڤی دیارو هەڵکەوتووی کەم دەبێو مرۆڤی ئاسایی زۆر دەبێ... چەندیش نەتەوە پێشکەوتوو بێ، مرۆڤی دیارو بەتواناو هەڵکەوتووی زۆر دەبێ... ئەوەی مرۆڤ لە ئاژەڵ جیا دەکاتەوە، شاکاریو داهێنانو دروستکارییە... کارامەییە لە کارو پیشەدا... وەستاییە لە دروستکردندا... چێژی جوانو بەرزە لە بواری هونەرو ژیاندا... بەشداریکردنە لە پێشخستنی نەتەوەو نیشتمان... راژەکردنە لە مەیدانی رۆشنبیریو شارستانێتیدا.

# ئەوانەی پشتیان پێ نابەسترێ

مرۆڤ لە ژیاندا پشت بە خۆی دەبەستێ، بە کۆمەڵ دەژیو بەتەنیا نایباتە سەر... ژیانی کۆمەڵایەتی، کارو بەرهەمهێنانو راژەکاری، رەنجو هاریکاریو هاوکاری هاووڵاتییانی دەوێ... هاووڵاتییان جۆرەها پێوەندی ئابووری - کۆمەڵایەتی - رۆشنبیری دەبەستن... پێوەندی گشتیو تایبەتی، نیهادیو سۆزی لەگەڵ یەکدی دەبەستن... بەشێ لەو پێوەندییانە پێوەندی گوزەرانو بەرژەوەندە... هەشن پێوەندی خێزانیو خزمایەتیو هۆزیو گوندیو شارین... لەو پێوەندییانە فراوانتریش پێوەندی نەتەوایەتیو نیشتمانییە.

بەهۆی ئەو پێوەندییانەوە، مرۆڤ تووشی جۆرەها کەسان دێ : چاكو خراپ، خوێندەوارو نەخوێندەوار، رۆشنبیرو تاریکبیر، زانیارو نەزان، بە نیهاد (conscience)و بێ نیهاد، پاكو پیس، مەردو نامەرد، پیاوو ناپیاو، دڵسۆزو نادڵسۆز، بەئەمەكو سپڵە، دادوەرو ستەمكار، رەوشت بەرزو رەوشت نزمو ئەم شێوانە. مرۆڤ چەند بۆی بکرێ پێوەندی لەگەڵ چاكو رۆشنبیرو مەردو بەنیهادو پیاوو رەوشت بەرزو دڵسۆز ببێ... لە خراپو پیسو نامەردو سپڵەو ستەمكارو نزم دووركەوێتەوە... بەڵام ئاسایی مرۆڤ بەپێی بەرژەوەندی خۆی لەگەڵ هاوبیروباوەڕو هاوڕەوشتی پێوەندی دەبێو دەگونجێو كۆك دەبێ... بەرژەوەندو بیروباوەڕو رەوشت كۆكو یەك بن، کەسان یەك دەخەن، پێچەوانەش بن لە یەکیان دەکەنو بەڵكو ناكۆكیش دەبن.

ئەوانەی لە کۆمەڵگەدا، لە نێو کارو ئەرکو سەوداو راژەدا، لە مەیدانی رەنجو خەباتی نەتەوایەتیو نیشتمانیدا باوەڕیان پێناکرێو پشتیان پێ نابەسترێ،

هەواڵنامەی کتێب

ئەمانەن : نامەرد، ڕەوشت نزم، سەرسەری، ڕژد، هەلخواز، ستەمکار، سەرنەکەوتوو لە ژیانو ئەم شێوانە.

سەرسەری، کە لە بواری تایبەتو گشتدا پشتی پێ نابەسترێ، چونکە پابەندی بیروباوەڕو بنەمای بەرزو بەهای کۆمەڵایەتی چاك نییە... پەیڕەوی دابو نەریتی دروستو ڕەوا ناکات... لەگەڵ ڕابواردنەو چۆنی بۆ دەست بدا وا ڕەفتار دەکاتو گوێ بە بەرژەوەندی نەتەوەی خۆیو سەرەتای بەرز نادا... سەرسەری شەرمی بە خۆی نییەو بە دوای خۆشی خۆیەوەیەتی... بۆیە بەکەڵکی ئەرکی نەتەوەیی نایەو پابەندی بیروباوەڕ نییەو ئامادەیی بەختکردنی نییە !

ئەوانەی ڕەوشتیان نزمەو خراپ پەروەردە کراون، بەکەڵکی نەتەوەکەیان نایەنو ئامادە نین ڕاژەی نیشتمانیان بکەن... لەگەڵ بەهای کۆمەڵایەتی بەرز نینو چەوتو خراپن... ئەو جۆرە کەسانە ڕەنجو بەختکردنیان بۆ نەتەوەی خۆیان نییەو تەنیا ڕاژەی خۆیان دەکەن... ئازادیو سەربەخۆیی نیشتمانیان بەلاوە گرنگ نییە... لەبەر ئەمانە پشتیان پێ نابەسترێو جێی باوەڕ نینو بەکەڵکی نەتەوەکەیان نایەن !

کەسانی نامەردیش، کە خۆیان دۆڕاندووەو ڕێزو ئابڕووی خۆیان نەپاراستووە، بەکەڵکی خۆیان نەهاتوون، بۆیە لە تەنگانەو ناخۆشیدا بەکەڵکی نەتەوەکەیان نایەن... ئەو جۆرە کەسانە لەگەڵ سەرەتاو بیروباوەڕی بەرزو پیرۆز نین... کەسانێ باكو پەرۆشی خۆیان نەبن، چۆن بۆ نەتەوەکەیان فەڕیان دەبێ !

لەو هاووڵاتیانەی دی، کە پشتیان پێ نابەسترێ کەسی ڕژدە... مرۆڤی پوولەکی لایەنی خراپی دی وەك درۆزنی، فێڵبازی، خۆدۆڕاندن بۆ پارە، دووڕوویی، بێ نیهادیو ئەم شێوانە پەیدا دەکات... کەسی وا، کەماڵی لە خۆیو کەسوکاری لێ چاو بێ، چاوەڕوانی بەختکردنی بۆ نەتەوەکەی لێ ناکرێ !

هەروەها کەسی ناسەرکەتوو لە بواری ژیاندا بەهۆی جیاوازییەکەی هەست بە کەمی دەکات‌و گرێی دەروونی هەیەو دەبێ سڵی لێ بکرێ... لەو جۆرە کەسانە هەیە بۆ دەستکەوت‌و دابینکردنی ژیانی، ئاساییە بەلایەوە ڕێبازی خراپیش بگرێ، ئەگەر دژی نەتەوەکەشی بێ... بە هەر شێوەیەك بێ دەیەوێ چنگی لە کارو شتێ گیربێ‌و خۆی بژێنێ بێ ئەوەی گوێ بە ئابڕووی خۆی‌و بەرژەوەندی نەتەوەکەی بدات !

هەلخواز (opportunist) لە کۆمەلگەدا لەگەڵ بەرژەوەندی خۆیەتی، بۆیە بەپێی ڕۆژگار لەگەڵ دەسەلات‌و دراوە... وەك بۆق‌و مارمیلۆك ڕەنگی خۆی دەگۆڕی‌و وەك مەیموونیش ئەم چڵ‌و ئەو چڵ دەکات... ئەو جۆرە کەسانە باکیان بە ناوو بەرژەوەندی نەتەوەکەیان نییە... لە شاییدا دەست دەگرن‌و لە شیندا دەگرین‌و تەنیا لەگەڵ خۆیانن... بیریان لای دەسکەوت‌و ورگی خۆیانە... ئەو وڵاتەی چەند جارێ دەسەلاتی گۆڕابێ، هەلخوازەکانی دەرکەوتوون‌و ناسراون... بەلام لە وڵاتی ئاسوودەو ئاسایش‌و جێگیر، دەرکەوتن‌و ناسینی هەلخوازەکان کارێکی گرانە.

ستەمکارانیش لە کۆمەلگەدا، کە لەسەر چەوساندنەوەو خراپەو زەوتکردن‌و داپلۆسین‌و درۆو فێڵ‌و خەلەتاندن‌و بازرگانیکردن بە ئاینەوە دەژین، چاوەڕوانی چاکی‌و فەڕو ڕاژەیان لێ ناکرێن... بەپێی بەرژەوەندو قازانجی خۆیان ڕەفتار دەکەن‌و هەلوێست وەردەگرن... لەگەڵ دادوەریی کۆمەلایەتی نین‌و بەکەڵکی کەس نایەن !

هاووڵاتی ڕۆشنبیرو هۆشیار ئەو جۆرە کەسانە دەناسێ‌و باوەڕیان پێ ناکات... لە کۆمەلگەی دواکەوتوودا ساویلکەو کەمزان‌و ناهۆشیار زۆرن... ئەرکی ڕۆشنبیرو کەسانی هۆشیارە ئەو جۆرە کەسانە، کە پشتیان پێ نابەسترێن بۆ هاووڵاتییانیان دیاربکرێن بۆ ئەوەی سڵیان لێ بکەن... هەوڵیش بدرێ‌و کار بکرێ بۆ چاکردنی خراپ، نەزان فێرکردن‌و دوژمن بە دۆستکردن.. ئەمەش کارو ئەرکێکی نەتەوەییە!

# بەندی چوارەم

- باری کۆمەڵایەتیمان
- دیاردە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووەکانمان
- کوردو نووسینی کۆمەڵایەتی
- کەسێتی کورد
- لە خۆخوازییەوە بۆ خۆو نەتەوەخوازی

هەواڵنامەی کتێب

# باری کۆمەڵایەتیمان

لێکۆڵینەوەی باری کۆمەڵایەتی نەتەوان کارێکی ئاسان نییە... تا ئێستا وەك پێویست لەبەر زۆر هۆکار بە تەواوی‌و زانستانە لە باری کۆمەڵایەتی نەتەوەی کورد نەکۆڵدراوەتەوە... ئەم کارە گرنگە بوارو پێویستی دەوێ، لە کاتێکدا سەرچاوە بۆ ئەم مەبەستە زۆر کەم‌و کەم‌وکورت‌و ناتەواون... ئەم لێکۆڵینەوەیە شارەزایی لایەنەکانی باری ئابووری - رامیاری - کۆمەڵایەتی - رۆشنبیری - دەروونی کۆمەڵگەکەی دەوێ... بێجگە لەوانە، دەبێ مێژووی کورد بزانرێ، چونکە باری ئێستای نەتەوەی کورد کشانی رابردوویەتی لەگەڵ سەربارە نوێیەکانی... هەروەها زانینی سروشت‌و جوگرافیای کوردستانی دەوێ. ئەگەر زۆریش پێویست نەبێ سەرجەمی سەردەمەکانی مێژووی کوردو پێوەندییەکانی بە دراوسییەکانیەوەو کار لە یەکردنیان لە رووی شارستانێتی‌و رۆشنبیرییەوە بزانرێ، هیچ نەبێ مێژووی سەردەمی نوێی بزانرێ.

نەتەوەی کورد، بە نەتەوانی عەرەب‌و فارس‌و تورك‌و ئەرمەن گەمارۆ دراوە... پێوەندی کورد بە عەرەب لە کۆتایی یەکەم نیوەی سەدەی حەوتەمەوە بەهۆی پەلامارەکانی خێڵە کۆچەرەکانی عەرەبی نیمچە دوورگەی عەرەبستانەوە لەژێر پەردەی ئیسلامەوە دەستی پێکردو کوردستانیان داگیرکرد... خێڵە کۆچەرە تورکەکانیش لە سەدانی، یانزدەیەم‌و دووانزدەیەم‌و سیانزدەیەمەوە لە ناوەندی ئاسیاوە کەوتنە پەلاماردانی ئاسیای بچووك‌و داگیریان کرد... تا ئەو کاتە لە کوردو ئەرمەن‌و یۆنانی بەولاوە یەك تورك لەو وڵاتە نەبووە... ئەو تورکە کۆچەرانە بوونە میراتگری (heir) شارستانێتی‌و رۆشنبیری گەلانی کوردو ئەرمەن‌و یۆنان لە ئاسیای بچووکدا !... ئەو تورکانە لە سەدەی پانزدەیەمەوە تا یەکەم چواریەکی

سەدەی بیستەم، ئاینی ئیسلامیان بۆ خۆیان کردە بەردەبازی بازرگانیو ئامرازی داگیرکردنی وڵاتان... دراوسێیەتی نەتەوەی کورد لەگەڵ ئەرمەنو فارس بۆ نەك یەکەم هەزارەی پێش زایین بەڵکو پێش ئەوەش دەگەڕێتەوە، چونکە ئەو سێ نەتەوەیە هەریەکەیان لە خاكو نیشتمانی خۆیان بوون... لە سەردەمی نوێدا فارسەکان هەندێ ناوچەی رۆژهەلاتی کوردستانیان فارساندووە... یۆنانییەکان لە پێش زایینو رۆمانەکان لە پاش زایین تا سێیەکی سەدەی حەوتەم بەهۆی هێرشو داگیرکردنەکانیانەوە پێوەندییان بە کوردەوە بووە.

لە ماوەی سەدەی شانزدەیەم تا کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم، کوردستان ناو بەناو مەیدانی جەنگو پەلامارو داگیرکاریو تالآنی فارسو تورکە عوسمانییەکان بووە، کە زیانی گیانیو ماڵی گەورەیان لە کورد داوە، بێجگە لە زیانی رامیاریو رۆشنبیریو کۆمەڵایەتیو دەروونی... نەشیان هێشتووە کورد خۆی دروست بکاو پێش بکەوێ... بۆ ژێردەستەکردنی هەموو ریبازێکیان بەکار هێناوە، لەوان : داپڵۆساندن، چەکی ئاین، ناکۆکی نانەوە، تیرەگەری، فێڵ، درۆ، فیتدان (کووکە - sedition)، بەرتیل، ئەفسانەو نەهێشتنی بڵاوبوونەوەی خوێندەواریو زانیاری لە کوردستان.

ئابووری کوردستان تا سەرەتای سەدەی بیستەم، ئابوورییەکی سروشتیی بووە... لە کشتوکاڵو ئاژەڵداری پێکهاتبوو... هەرچەندە وەرزێری کورد بەتوانا بووە، بەڵام بەهۆی نەبوونی سەرمایەی پێویستو نەبوونی ئامێرو ئەمبارو هۆی گواستنەوەی پێشکەوتوو، لەگەڵ کزی بازاڕی ناوخۆ، کشتوکاڵ لە کوردستاندا پەرەی نەسەند... ئاژەڵدارییەکەشی، کە لە رووی هەندو جۆرەوە زۆر بووە، وەك پێویست کەڵك لە بەروبوومەکانی وەرنەگیراوە. دەرەبەگو سەرەك هۆز، کە چینی دەسەڵاتدار بوون، بەهۆی دواکەوتنو نەخوێندەوارییانەوە تەگەرەی پێشکەوتنی کوردستان بوون.... لەبەر نەخوێندەواریو دواکەوتنیانەوە نەك هەر نەیانزانیوەو نەیانتوانیوە راژەی نەتەوەکەیان بکەن، بەڵکو راژەی خۆشیان نەکردووەو تەلارێکی

جوان‌و حەساوەیان بۆ خۆیان دروست نەکردووە... زۆریان وەرزێرو هاوولاتی خۆیان چەوساندۆتەوە ! بێجگە لە چەوساندنەوەی نەتەوایەتی بەهۆی ژێردەستی کوردستان، نەخوێندەواری‌و نەخۆشی‌و هەژاری‌و سەختی سروشتی کوردستان، کە ولاتێکی شاخاوی‌و فرە زێ بەشێکیشی کوێستانی پڕسەهۆڵی زستانە، ئەمانە هەموویان کۆسپ‌و تەگەرەی پێشکەوتن‌و گەشانەوەی کوردستان بوون لە هەموو رووێکەوە.

لەو سەردەمەدا، هەرچەندە لە شارەکانی کوردستان وردە بازرگانی بووە، بەلام بازاڕکاری‌و دارایی زۆرو (بانککاری - banking)و ئاخنین‌و بیمە (insurance)و گواستنەوەی شمەك نەبوون، یان ئەوەی هەشبووە زۆر کزبووە.

لە رووی پێکهاتی کۆمەلایەتییەوە، زۆربەی کۆمەلگەی کوردستان تا سەرەتای سەدەی بیستەم لە هۆز پێکهاتبوو... لەو هۆزانە، هۆزی نیمچە کۆچەریان بووە، کە هاوینان مەڕو مالاتیان بۆ لەوەڕ بردۆتە کوێستان، زستانانیش گەڕاونەتەوە گوندەکانیان... کۆچەری تەواو لە نێو کورد زۆر کەم بووە... هۆزەکانی ناوچەکانی باشووری کوردستان ئەمانە بوون : کش، کاکەوەند، گاسواری، چارمەندی، کایتۆن، نەفتچی، قەرەئالوس "ناوچەی مەندەلی"... سوورەمیری، توتیك، مامجان، ئینە، ئەفتاری، جومور، قازانلو، باجلان، کزە، دەلۆ، جامرێژی، پەنجا گشتی، کاشی، کارێزی، تارکوند، سەلیم وەیسی "ناوچەی خانەقین"... کاخوار "قەرەتەپە"... پالانی، زەند "ناوچەی کفری"... زەنگەنە، تالەبانی، شوان، جەباری، سالەیی، شێخ بزێنی، کاکەیی، بیبانی، رۆژبەیانی، داودە "ناوچەی کەرکووك"... هەورامی، مەریوانی، چنگنی، جاف، بەرزنجی، پشدەری، ئیسماعیل عوزێری، هەمەوەند، کافرۆشی، سیر "دەڤەری سلێمانی"... دزەیی، گەردی، کۆڕێ، خۆشناو، پیرانی، بلباس، ئاکۆ، زراری، سورچی، بالەك، شێروانی، برادۆستی، هەرکی، خێلانی، بۆلی "ناوچەی هەولێر"... بەرواری، بەرزانی، زێباری، دۆسکی، مزوری، ئەتروشی، سندی، گلی، شەبەك، شێخانی، یەزیدی "دەڤەری بادینان".

هۆزەکانی باکووری کوردستان لەم هۆزانە پێکهاتبوون : میران، گۆیان، سیرتی، حسێنی، داخوری "ژورووی خۆرئاوای زاخۆ"... بالیان "خۆی"... ئیرۆ "بالیان"... ئەتمانیکان، گیچیان، پنچینان، سیلۆکان، شەکرلی، لوولانلی، بلیکان، حەسنانلی، ئودومانلی، پنیجاری، سلیوان "دەڤەری مووش"... دوودری، تاییان، تاکولی، زرزان، بینانشلی، عیسەوی، جلیکانلی، سپیکانلی "ناوچەی ڤان"... حوتان "بۆتان"... کەلان "چۆلەمێرگ"... خانی "خوشاب"... کێوڕان "گەوەر"... شمسیکی، ئارتوش "دیزە"... موشیك، بجینان، پەڕان، داودانلی، پیگران، رشکۆتانلی، بەشیری، تیریکان، کوزلیچان "دەڤەری ئامەدو سیرت"... مۆتکیان، جبرانلی ناوچەی بەدلیس"... زازا، ئاشمیشارتە، گلبین، گۆروس، سنیان، ئەلیان، بەهیرماز "خەرپووت"... کەداك "وەشێن"... دەرسیمی، میللی، زازا "دەڤەری سیوەرك"... چاپکسان، باران، حەساران، گیوران، ئەمرزان، چیچی، داخوری، میرسینان، سووکێشلی، یەزیدی، شەنگاڵ، علوش، بەرازی، مامەکانلی، بازیکلی، گەردی، باشمانلی، حسدیکان، مانوارنلی "ناوچەی ئەرزڕوم"... زیلانلی، بادەلی، شادرلی "دەڤەری ئالشگرد"... حەیدەرانلی "ورمی"... یەزیدی "بایەزید"... کورەشلی "ئەرزنجان"... کۆچەری "سیواس"... سینامیتلی، کورەجك "مالتیا"... خاس، کودزۆر، قەرەحەسەن "بەهنسی"... گوگریشانلی، ندرلی، دوکانلی، ویلیانلی، دلیتانلی، بلیکانلی "مەرعش"... لەك، گەردی "ئەدەنە"و هیدی.

لە خۆرهەڵاتی کوردستان ئەم هۆزانە تا سەرەتای سەدەی بیستەم بوون : کۆماسی "کورەوازە"... جاف، سنجابی "جوانڕۆ"... مندمی "حوسێن ئاباد"... گڵباخی، شێخ ئیسماعیل، پیریشە "ئەسفەند ئاباد"... تامازتۆزا، کوراکا، لالا، مەحموود جوبرائیلی "لەیلانە"... بالیوەند، دوڕاج "گاوەڕود"... بوراکا، ساکور، لورکلاهکەر، کێوکاشی، حزران، موکری، بولاق، زرزا، بڵباس "شنۆ"... مەنگوڕ، موکری "مەهاباد"... پیران "لاجان"... مامش "پسوە"... ئۆچاغ "وزنە - کۆیە"... کاخدری، سوسەنی "سەردەشت"... بانە، گۆران، یوسفیار، ئەحمەدی، کویك،

پایراوەند، گولیایی، کەلهور، زەهاو "قەسر شیرین"... ئەحمەدەوەند "گەیلان"... تیلەکۆ، گڵباخی "هاواتوو"... مندمی "حسن ئاباد"... مامون، جبراشی، کوشکی "پیلەوەر"... گورگەیی، لەك، شمشیری "لویلاق"... کرندی، پاوەپنچ، جەلال وەند، حلولان، ئەکور، جەلالی، میلان، خدرانلو، رەشەوەند، سلدوز، لەك، کرداوری "کرمانشا"... لوڕ، پشتکۆ "لوڕستان". هەروەها زۆری کوردی باشووری بچووك "خۆرئاوای کوردستان" تا ئەو سەردەمە لە هۆز پێکهاتبوون، کە بەشێکیان بەشی هۆزی سنووری باکووری کوردستانن.

لە دوای نیوەی سەدەی بیستەم، زۆری هۆزە نیمچە کۆچەرەکانی کورد لە گوندو شارۆچکە (town)و شارەکانی (city) کوردستان بە تەواوی نیشتەجێبوون و پتر خەریکی کشتوکاڵ بوون... بەشێکیشیان دەستیان دایە کارو پیشەو بازاڕکاری و دروستکاری... منداڵەکانیشیان چوونە خوێندنگە... هەندێ گوند لە ئەنجامی گەورەبوونیان بوونە شارۆچکەو چەند شارۆچکەیەکیش پەرەیان سەندو فراوان بوون و بوونە شار. کڕین و فرۆشتنی شمەك بە پارە جێی گۆڕینەوەی شمەکی گرتەوە... بازاڕکاری پەرەی سەندو پێشکەوت... سەرمایەدارو بازرگان و وردە بازرگانی کورد زۆرتر بوون... ڕاژەکانی فێرکاری، نۆشدەری، شارەوانی، ئاوو ئاوەڕۆ، داد، ئاسایش، کارەباو ئەوانی دی دامەزرێنران، یان فراوانکران... کارمەندی کارامەو شارەزاو پسپۆڕی کورد زۆرتر بوون... هەندێ کارگەی وەك چیمەنتۆو مافوورو جگەرەو خشت و کاشی و گەچ و خۆراکی قوتوو کەوش و بەرگ و تورەکەی نایلۆن و کارگەی سووك و شمەکی لەکارهێنانی دی دامەزرێنران... ئەوانەو بێجگە لە هاوبەشەی (company) نەوت و گۆگردو هۆیەکانی گواستنەوەو پێوەندی.

لە پەنجاکانی سەدەی بیستەم پێکهاتی کۆمەڵایەتی نەتەوەی کورد شاری - گوندی بووە... بەهۆی ئەوەی ئابووری کوردستان ئابوورییەکی سروشتی بووەو لە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری پێکهاتبوو، بەشی زۆری کورد گوندی بوون... هۆزگەری و ناوچەگەری و خۆیێتی لە نێویاندا بەتین بوون... بەهۆی زۆرینەی نەخوێندەوارو

نزمی ئاستی رۆشنبیری، ئاستی هۆشیارییان لەو سەردەمەدا نزم بووە... لەبەر ئەوە لەو رۆژگارەدا زۆر بایەخیان بە لایەنی نەتەوایەتیو چارەنووسی کوردستان نەداوە... بەڵام لەم سەردەمەدا خۆشبەختانە خوێندەواری بلاوەو هۆشیاری لە نێو کورددا رووی لە بەرزییە... زۆربەی هۆزەکانی کوردستانیش لە بۆتەی نەتەوایەتیدا تواونەتەوە... بەڵام تا ئێستا بەرماوەی دابو نەریتو باوەڕی دواکەوتوو، ئەفسانەو هوزگەری لە مێشكو رەفتاری زۆر لە دانیشتووانی کوردستان هەر ماون... هەندێ هۆزی وەك زێباریو سورچیو هەرکیو لۆلانیو بارزانیو هیدی لە باشووری کوردستان، بێجگە لەوانەی بەشەکانی دیکەی کوردستان بە تەواوی لە بۆتەی نەتەوایەتیو شارستانێتیدا نەتواونەتەوە... یەکنەگرتنی هۆزەکانی کورد لە رابردوودا بۆ هۆکاری ئابووریو سروشتیو پێکهاتی کۆمەڵایەتیو نزمی ئاستی رۆشنبیریو هۆشیاریو داگیرکەری جیاوازو باری جوگرافی دەگەڕێتەوە. ئابووریی دەڤەرەکانی کوردستان "بای خۆیان" (self-sufficient) بووە، دەرەبەگایەتی لە کوردستان زۆر درێژەی خایاندو زۆربەی دەرەبەگو سەرەك هۆزەکانی نەخوێندەوار بوون، سەرمایەداری درەنگ لە دووەم نیوەی سەدەی بیستەم دەستی پێکرد، هۆزگەریو دەسەڵاتی دەڤەریی، دەسەڵاتی داگیرکەری جیاواز، تەگەرەی سروشتی وەك زنجیرە چیاو زێو سەهۆڵی کوێستانەکانی کوردستان، هۆکاری یەکنەگرتنی کورد بوون لەو سەردەمەدا.

ئافرەتی کورد هەر لە کۆنەوە شان بەشانی پیاو لە بواری کشتوکاڵو ئاژەڵداریو بەرگریدا کاری کردووەو رەنجی داوە... لە دووەم نیوەی سەدەی بیستەمەوە، بەهۆی خوێندنو پێگەیشتنی پسپۆڕو پیشەوەر، وەك کارمەند لە فەرمانگەی میریو نامیرییەکان لە بواری جیادا کاریان کردووە... لەم سەردەمەدا رێژەی دەرچووانی زانکۆو کارمەندی ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردستان کاریگەرو بەرچاوە. هەرچەندە پێشتر ئافرەت بەپێی ئاینو دابو نەریتی سەپاو بە یەکسان لەگەڵ پیاو دانەنرابوو، ئێستا ئەو بارە گۆڕاوەو پتر "یاسای شارستانی" لەبارەی ئافرەتی کورد پەیڕەو دەکرێ.

ئافرەتی کورد بێجگە لە پەروەردەکردنی منداڵو راژەکردنی خێزان، هەر لە کۆنەوە کاری دیکەی کردووە، وەك بژارو پاچەکۆڵەو رنینو چنینو کێشانەوەی بەروبوومو کاری دی... لەگەڵ ئەوەشدا کورد حەزی کردووە کوڕیان لە کچ زیاتر ببێ... ئەمەش لەوانەیە هۆیەك لە هۆیەکانی بەرگریکردن لە خۆ بێ. لە شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە ناردنی کچ بۆ خوێندن لە کوردستان پەرەی سەندووە... زۆر فێرکارو (نۆشدەر- doctor)و شارەزاو پسپۆڕی زانستو هونەرو وێژە لە نێو ئافرەتی کورد پەیدا بوون، بەڵکو ئێستا پۆلیسو ئەفسەری پۆلیسو پەرلەمانیو وەزیرو کاربەدەستی دییان هەن. ئافرەتی کورد، کە پێشتر تەنیا لە گوند کاری دەکرد، ئێستا لە کارگەو دامەزراوە (establishment)و راژەکان کار دەکات... زۆر ئافرەتی کورد مووچەو داهاتی خۆی هەیەو چاوی لە دەستی پیاو نەماوە... کەسێتیو پایەی لە کۆمەڵگەدا بەرز بووە... بێجگە لەوانەش، ئافرەتی کورد، کە جاران بۆ شووکردن رای وەرنەدەگیرا، ئێستا بە رای خۆی شوو دەکات... شیربایی، ژن بە ژنێ، زاوارە، ژن بەسەرهێنان، بەدووکەوتن، سوورانەو ئەم بابەتانە، کە پێشتر هەبوون ئێستا هەندێکیان نەماونو ئەوانی دی زۆر کەم بوونەتەوە... هاوڕێزیو هاوکاری لە نێوان پیاوو ئافرەتی کورد هەن... کۆتو تەگەرەی پێشکەوتنی ئافرەتی کورد نەماوە... وەك پیاو بەپێی "یاسای شارستانی" ئافرەت بۆی هەیە بە بوونی هۆکاری بەجێ دەستبەرداری هاوسەرەکەی ببێ... لە بوارەکانی رامیاریو بەرهەمهێنانو راژەو وەرزشو هونەردا چالاکی هەیە... بەڵام ئافرەتی کوردی گوند، وەك ئەوەی شار پێش نەکەوتووە.

چەوساندنەوە بە هەموو شێوەکانی لە کوردستان باو بووە... چەوساندنەوەی نەتەوایەتی بە هۆی داگیرکردنو دابەشکردنی کوردستان بێ رادەو بەردەوام لەلایەن دەسەڵاتە داگیرکەرەکانی تورکو فارسو عەرەب پەیڕەو دەکرێ... گرتنو کوشتنو داپڵۆساندنو تاڵانکردنو زەوتکردنو راگوێزانەوەو ئاوارەکردنو بێبەشکردن لە هەموو مافەکانو راژەو ئەم شێوانە لەلایەن دەسەڵاتە

داگیرکـــەرەکانی ئەنقـــەرەو تـــەهران‌و بەغـــداو دیمەشـــق پـــەیڕەو کـــراوە... چەوساندنەوەی کۆمەڵایـەتی بـەهۆی داب‌و نـەریت‌و بـاوەڕی ئـاینی دواکـەوتووی سـەپێنراو زۆر کێـشەی کۆمەڵایـەتی لـە نێـو کـورددا بەگـشتی‌و دژی ئـافرەت بـە تایبـەتی دروسـت کـردووە... چەوساندنەوەی چینایەتی بەتایبـەتی لـە سـەردەمی دەرەبەگایەتیدا، لەبارەی وەرزێر، کەم‌و زۆر، بەپێی دەرەبەگ‌و سەرەك هۆز بـووە... چینی دەرەبـەگ‌و سـەرەك هـۆز، کـە سـەدان ساڵ لـە کوردسـتان دەسـەڵاتدار بـووە، کەسانی وەك عەبدال خانی بەتلیس لە "سـەدەی حەڤدەیـەم"دا و بـەدرخان پاشای بۆتان "سەدەی نۆزدەم"و چەند هەڵکەوتوویەکی دی لێدەربچن، کە دەگمـەن بـوون، بـەهۆی نەخوێنـدەواری‌و دواکـەوتنی زۆربـەیان نـەیانتوانیوەو نـەیانزانیوە ڕاژەی خۆیان‌و نەتەوەکەیان بکەن‌و پێشیبخەن.

لـە رووی رۆشـنبیرییەوە، کـە بەشـێکی بـاری کۆمەڵایەتییـە، زۆری کـورد تـا شەستەکانی سەدەی بیستەم نەخوێندەوار بوون... ئاستی زانیـاری لـە کوردسـتان تـا حـەفتاکانیش نـزم بـوو... ئـەو کوردانـەی، کـە خوێنـدەوار بـوون، ئاسـتی زۆریـان سەرەتایی بووە... پسپۆڕو زانا لە نێو کـورددا تـا ئـەو کاتـە کـەم بـووە... بـەڵام لـەم سەردەمەدا کورد سەدان هەزار شارەزاو پسپۆڕو زانای هەیە. لە رووی "بیر"ەوە، کە بەشێکی رۆشنبیرییە، بیری نەتـەوایەتی، بیری رامیاری، بیری زانـستی، بـیری ئـاینی‌و ئەفسانەیی لە نێو نەتەوەی کورد رەچاو دەکرێن... بیری نەتەوایەتی "کوردایـەتی" لای زۆرینەی کورد رووکەشییە، بەڵام لای کەمایەتییەکی کورد ئەم بـیرە بـە قـووڵی چووەتە ناخی دەروونیان‌و بووەتە بیروباوەڕ (ideology)... بـیری رامیـاری بـەهۆی ژێردەستی‌و باری هەرێمی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست‌و زۆری‌و خێرایـی رووداوو گـۆڕانی دەسەڵات‌و داکەوت (reality) وایانکردووە، کە کـورد، بـە حـەزو بـێ حـەز، بایـەخی بدەنێ... ئێستا لەم سەردەمەدا خۆشبەختانە بەهۆی (پراوە - practice)و پسپۆڕی وەرگرتن‌و لێکۆڵینەوەو پەیداکردنی شارەزایی (رامیار- politician) لە نێـو کـورددا بـە شـێوەیەکی بەرچـاو زۆر بـوون. بـەهۆی بـاری ئـابووری‌و کۆمەڵایـەتی‌و ئاسـتی رۆشـنبیری کۆمەڵگـەی کوردسـتان، کەمینەیـەکی نەتـەوەی کـورد، هـەڵگری بـیری

زانستین... شیکردنەوە (analysis)و لێکدانەوە (explanation)و لێکۆڵینەوە (study)، پشت بەستن بە بەڵگەو تاقیکردنەوە، پەیڕەوکردنی ڕێبازی زانستی، بەستنەوەی ڕووداوو داکەوتو ئەنجام بە هۆکارەکانیانەوە بەشێکی کەمی نەتەوەی کورد پەیڕەویان دەکەن... هەرچی باوەڕی ئاینییە، بیری نەدیاریو تەمابەری، ئەفسانەو ساویلکەیی، پابەندبوون بە تویکڵی ئاین پتر لە ناوك‌و لایەنی ڕەوشتی بەرزو ڕەفتاری چاك‌و جوان لەلایەن بەشێکی فراوانی کۆمەڵگەی کوردستان، بە تایبەتی لە ریزی نەخوێندەواران‌و نیمچە خوێندەوارانی ڕەچاو دەکرێ.

زمانی کوردی، کە بەشێکی رۆشنبیریی نەتەوایەتی کوردە زمانێکی ئاری ڕەسەن‌و خۆڕاگرە، دەوڵەمەندە بە وشەو زاراوەکانی، پوختەو بێ وشەی بیانییە، ناسکە بە وتەکانی، خۆشە بە دەنگ‌و نەوایەکانی، کراوەو کشاوەیەو لە پەرەسەندن‌و پێشکەوتنێکی بەردەوام دایەو وشەو زاراوەی زانستی‌و فەلسەفەی (دانایزانی- philosophy) کوردی نوێی دێنە سەر... زمانی کوردی چوار شێوەزاری (dialect) سەرەکی هەیە، کە ئەمانەن :

١. کرمانجی ژوروو "باکوور" : ئەم شێوەزارە کوردییە ئەم لقانەی هەیە –بایەزیدی، هەکاری، بۆتانی، شەمدینی، بادینانی‌و رۆژئاوایی.
٢. کرمانجی ناوەند : سلێمانی، موکری، ئەردەڵانی، سۆرانی‌و گەرمیانی لە لقەکانیتی.
٣. کرمانجی باشوور : لووڕی ڕەسەن، بەختیاری، مامەسەنی، کۆهگلۆ، لەك، کەلهوڕ دەگرێتەوە.
٤. گۆران : گۆرانی ڕەسەن، هەورامانی، باجەلانی، زازا لە چڵەکانیتی.

زمانی کوردی لە جیاتی یەك زمانی وێژەیی هەبێ، بەهۆی دابەشکردنی کوردستان لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە (١٩١٤ - ١٩١٨)و نەبوونی قەوارەی (entity) رامیاری خۆی‌و دابڕاندنی لە یەکدی دوو شێوەزاری "باکوورو ناوەندی" بوونەتە زمانی وێژەیی لە کاتێکدا دەبووایە یەك زمانی وێژەیی کوردی بووایە...

ئەم دیاردەیە هەر لە کوردستان نییە، بەڵکو وڵاتێکی پێشکەوتووی وەك ئەڵمانیا دوو شێوەزار "دوێتشەی باکوورو دوێتشەی باشوور" بوونەتە زمانی وێژەیی ئەو وڵاتە... پێویستە کار بۆ یەك زمانی وێژەیی بکرێ.

کورد لە هەندێ بەشی زانیاری (knowledge) پێشکەوتووە، لە بەشی دی گاڤی باشی ناوەو لە هەندێ بەشیش لەدوایە... لە بواری وێژەدا کورد لە وتەی نەستەق، پەندی پێشینانو هۆنراوە دەوڵەمەندە... لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا لە بواری چیرۆكو شانۆنامە گاڤی ناوە... لە لێکۆڵینەوەی وێژەیی، رەخنەگری وێژەییو وتار کارو رەنجی زۆرتریان دەوێ... لە مەیدانی هونەردا، کورد لە هەڵپەرکێ، گۆرانی، مۆسیقا، نیگارکێشی، جواننووسی، وێنەگری خراپ نییە... لە بەشەکانی نوانیاری (acting)، رازاندنەوە (decoration)، داتاشین (sculpture) کارو کۆششی زۆریان دەوێ پێش بکەون. هەرچی زانستەکانو دانایییزانییە (philosophy)، کورد وەك زۆربەی نەتەوانی جیهان، لەوانە: نەتەوە دراوسییەکانی کوردستان، دەسپێشکەر نەبووە بەڵکو وەرگرە... بەڵام توخمو لایەنی زانستی لە بەشەکانی رۆشنبیریی نەتەوایەتی کورد هەن. لەم سەردەمەدا سەدان هەزار پسپۆڕو شارەزاو زانای لەو دوو بوارەدا هەیە.

دابو نەریتو بەها کۆمەڵایەتییەکانی کورد کارتێکراوی کەلەپووری نەتەوایەتیو دەوروبەری سروشتیو کۆمەڵایەتییە... بەرماوەو کارتێکراوی پێڕۆی دەرەبەگایەتیو هۆزگەریو ئاینی زەردەشتیو مەسیحیو یەزدانیو ئیسلامە... پیاوەتیو هاریکاریو هەرەوەزیو میوانداریو رەندیو ئەمەكو رووالەتی کۆمەڵایەتی لە نێو کورد باون... جەژنو بۆنەکانی نەتەوەی کورد جەژنی نەورۆزو زەماوەندی وەرزی، کە تایبەتن بە کەلەپووری نەتەوایەتی کوردو سروشتی کوردستان... جەژنی قوربانە، کە جەژنێکی ئاینی کۆنەو بۆ ئەبراهیمی پەیامبەری پتر لە چوار هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەرێتەوە، کە قوربانی مەڕوماڵات جێی

قوربـانی مرۆڤـی گرتـەوە... جـەژنی ڕەمەزانـە، کـە لـە کۆتـایی مـانگی ڕەمـەزانی عەرەبیو جەژنی ڕۆژووگرانە.

ڕەوشتی کورد پەیڕەوکردنی بەها کۆمەڵایەتییەکانـەو بـەرماوەو کـارتێکراوی هۆزگەریو دەرەبەگایـەتیو کەلـەپووری نەتەوایـەتیو ئاینـە... لایەنـە ئەرێیـەکانی ئەمانەن : چاکە، پیاوەتی، بەزەیی، بەخشین، گیانی یارمـەتیو هـەرەوەزی، مـەردی، سـەربەرزیو هاوشـێوەکانیانن... ڕقو قـین، هەڵەشـەیی، سـتەم، زۆرداری، مـاف زەوتکـردن، تۆڵەسـەندن، خۆبـایی، خۆپەرسـتی، ملکەچـی لـە لایەنـە نەرێیـەکانی ڕەوشتن... بە شێوەیەکی گشتی زۆربەی کورد پەیڕەوی ڕەوشتی باش دەکەن.

کـورد خـاوەنی کەلـەپوورێکی شارسـتانیو ڕۆشـنبیری زۆرو دەوڵەمەنـدە... وەسـتاییو کارامـەیی باشـی کـارو پیشەی کەلوپـەل دروسـتکردن، (دروسـتکاری- construction)، نـەخش، ئاسـنگەری، دارتاشـی، جـۆلایی، سـواڵەت، زێڕەنگـەری، مسگەری هەیـە... لەبارەی کەلـەپووری ڕۆشـنبیریش کورد خـاوەن سامانێکی زۆری وێژەی میللی (folklore)، گۆرانی میللی، هەڵپـەڕکێ، نۆشـدەری میللی، مۆسـیقای میللی، یاری میللییە.

لـە شەسـتەکانی سـەدەی بیـستەم پێکهاتی کۆمەڵایـەتی - ئـابووری نەتـەوەی کـورد گـۆڕانی تێکـەوت... پێوەنـدی خاوەنـداری نێـوان دەرەبـەگو وەرزێـر وەك پێشدان نەما... زەوی کشتوکاڵ بەسەر وەرزێران دابەشکرا... خاوەنداریی دەرەبـەگ بە یاسا کەمکرایەوە... چالاکییە بازرگانییەکان لە (بازاڕکاری- trade)و (بانککاری- banking)و ئاخنینو گواستنەوەی شمەك لە بازاڕەکانی کوردستان پەرەیان سـەندو کشان... وردە بازرگان زۆرتر بوون... ڕاژەکان (services) بـە گـشتی زۆرتـرو باشـتر بـوون... سـەرمایەداری لـە کوردسـتان دەسـتی بـە پێگەیـشتن کـرد... زۆر کارگـەی خـشت، کاشـی، چـەوو لم، کـەوش، بـەرگ، ئاسـنگەری، دارتاشـی، ئالیـكو دان، دەستەسڕی کاغەزو ئەم جۆرە کارگە سووکانە لە شارەکانی کوردستان دامـەزران... زۆر لـە گوندییـەکان ڕوویـانکردە شارۆچـکە (twon)و شـارەکان (cities)، کـە لـە لایەکەوە زیانی ئاژەڵداریو کشتوکاڵی هەیەو لەلایەکی دی کرێکاری بۆ کـارو کارگـە لە شارەکان پتر کرد... کرێکاری کارامەو وەسـتاو پیـشەوەرانی چاك لـە هەنـدێکیان

پەیدا بوون... ڕۆڵەکانیشیان سوودی چاکیان لە خوێندنگەو ڕاژەکانی شارەکان وەرگرت.

لە دووەم نیوەی سەدەی بیستەم سەرمایەداریو بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیری کاریان لە دابو نەریتو بەها کۆمەڵایەتییەکانی کورد کرد، کەمو زۆر، پێشیانخستن... ئەفسانە (superstition)و تەمابەری (dependence)و ساویلکەییو ناڕێکی کەمبوونەوە... هەڵپەی سەرمایە پێکەوەنانو هافرکێی (race) پەیداکاریو دوای قازانج کەوتن پتر بوون... شەرم بەخۆییو پیاوەتیو دڵچاکیو هاریکاری وەك جاران نەمان... خۆخوازیو بەرژەوەندخوازیو چنۆکی پتر بوون.

لە حەفتاکانی سەدەی بیستەم، زۆری کورد خوێندەوار بوون... نەتەوەی کورد لەم سەردەمەدا، هەروەك پێشتر باسمکرد، سەدان هەزار پسپۆڕو شارەزاو زانای لە هەموو بەشو لقەکانی زانیاری (knowledge) هەیە... بەڵام دەرچووانی پەیمانگەو زانکۆیەکانی کوردستان، هەروەك ئەوانەی نەتەوانی دراوسێ بە تایبەتیو گشت وڵاتانی جیهانی سێیەم بەگشتی، پاش تەواوکردنی خوێندنیان بەدواچوونو شاکاریو داهێنانیان دەگمەنن... بۆ پێشخستنی ڕۆشنبیریی نەتەوایەتیو شارستانێتی کوردستان کەمتەرخەمن... ڕەنجو کۆششی ئاسایی بەدەرو شاکاریو لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەیان زۆر کەمن... ڕێژەی ڕۆشنبیر لە ریزیاندا زۆر نییە.

زۆربەی کورد، هەروەك عەرەبو تورکو فارسو نەتەوەکانی دی جیهانی سێیەم، پتر خەریکی دابینکردنی پێویستییە کەرەستەییەکانی ژیانو گوزەرانن... بایەخی ڕۆشنبیریو حەزی بەکەڵکیان کەمە... مەبەستی زۆربەی دەرچووانی کورد دامەزراندنە لە دەزگایەکی میری، یان نامیری... بەشێکیان باوەڕیان بە ئەفسانەو ئەندێشەی نادروستو شتی نەبوو و نەدیارە... کارێکی ئەوتۆیان نەکردووە بۆ گۆڕینو چاکردنی هەندێ دابو نەریتو باوەڕی دواکەوتوو... بایەخ بە ڕووالەتی پووکو بێ کەڵك دەدەن.

تێکڕای کەسێتی کورد چەند ئادگارو تواناو ئامادەیی ئەرێیانەی وەك ئازایی، دڵچاکی، ڕەندی (magnanimity)، ئەمەك (faith)، کۆمەڵایەتی، هاریکاری،

خێرافێربوون، کراوەیی، زیرەکی، مرۆڤایەتی، یارمەتی لێقەوماوو ئەم شێوانەی هەیە... لەگەڵ ئەوانەش بەهۆی کەمی رۆشنبیریو نزمی ئاستی هۆشیاری بەشێکی کورد لایەنی نەرێیان هەن، کە زیان لە خۆیانو نەتەوەکەیان دەدەن، لەوانە: ساویلکەیی، خۆش باوەڕی، ئاشکرایی لەگەڵ بیانیو دوژمن، خەڵەتان بە روو و قسەی خۆش، وێرا خۆ بە خۆ، توند قین هەڵگرتن لە یەکدی، راژەکردنی بیانی بێ بەرامبەر، لەبیرکردنی ستەمکارو خراپەی داگیرکەرو بیانی.

لە ماوەی دەرەبەگایەتیدا تا دووەم نیوەی سەدەی بیستەم "ئابووری بای خۆ"و نیمچە داخراوەیی ناوچەکانی کوردستان بە خراپ کاریان کردە هاوچەشنیی نەتەوایەتی کورد... سەرەك هۆزو دەرەبەگی کورد بۆ پاراستنی سنوورو دەسەڵاتی خۆیان، چەند بۆیان کرابێ رێی تێکەڵیو گۆڕینی شوێنی کارو هاوسەری نێو هاووڵاتییانی ناوچەکانی کوردستانیان گرتبوو... ئەو کارو رێبازە هاریکاریو هاوکاریو گونجانی هۆزەکانی کز کردبوو.

سروشتی زەوی کوردستان، بەتایبەتی لە سەردەمی کۆندا، کە رێگەو پردو هۆی گواستنەوەو پێوەندیو راگەیاندن نەبوون، یان دواکەتوو و سست بوون، بە خراپ کاری کردە باری کۆمەڵایەتیو هاوچەشنیی نەتەوایەتی کورد... سەختی بەشی زۆری کوردستان، دابڕانی ناوچەکانی بە زنجیرە چیاو زێو سەهۆڵی کوێستانەکانی هاتوچۆو تێکەڵیو بازاڕکاری نێو ناوچەکانی کوردستانی کزکردبوو... شێوەزارەکانی زمانی کوردی لە یەکدی دابڕاندو پێکهاتنی یەك زمانی وێژەیی کوردی دواخست... خوێندن لە خوێندنگەی سەردەم، درەنگ لە بیستەکانی سەدەی بیستەم لە کوردستاندا دەستی پێکرد... هۆزگەریو ناوچەگەری لە دووەم نیوەی سەدەی بیستەم دەستیان بە توانەوە لە بۆتەی نەتەوایەتیو نیشتمانی کرد... کورد جاران بە ساویلکەیی دوای سۆزی باوەڕ کەوتبوون... بە ناوی ئاینەوە دەکرانە داردەستی داگیرکەرانی کوردستان... بەڵام نەتەوەی کورد لەم سەردەمەدا زۆر گۆڕاوەو رێبازی نەتەوەییو نیشتمانی گرتووەو رووی لە رۆشنبیریو ئایندەیەکی رۆشنە.

# دیاردە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووەکانمان

نەتەوەی کورد بەهۆی چەند بارو هۆکارێکەوە دواکەوتووە، کە سەرەکیترینیان ئەمانەن : ژێردەستی، چەوساندنەوەی نەتەوایەتیو کۆمەڵایەتی، نەبوونی ئازادی، دواکەوتنی پێکهاتی ئابووری - کۆمەڵایەتی، خراپیو گەندەڵی دەسەڵات، هۆزگەری، بازرگانی ئاینی، نزمی ئاستی رۆشنبیریو هۆشیاری.

ئابووری کوردستان تا نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم ئابوورییەکی سروشتیو سست بووە... لە ئاژەڵداریو کشتوکاڵی سەرەتایی پێکهاتبوو... چالاکییە بازرگانییەکان لە بازاڕکاری ناوخۆو دەرەکی، ئاخنینی بەرهەمو گواستنەوەی شمەكو (بانککاری- banking)و (سیگۆرتە- insurance) هەندێکیان نەبوونو بەشەکانی دی سستو تەسك بوون... هۆزگەریو ناوچەگەریو بازرگانی ئاین بەتین بوونو لە بۆتەی نەتەوایەتیو شارستانێتیدا نەتوابوونەوە... دەستەی دەسەڵات لە سەرەك هۆزو دەرەبەگی نەخوێندەوارو دواکەوتوو پێکهاتبوو... بیرو ژیریو توانای ئەوتۆیان نەبووە، کە خۆیانو نەتەوەکەیان پێش بخەن... وردە بازرگانو سەرمایەدارەکانیش بەهۆی خۆخوازییانو هەڵپەی پێکەوەنانی سامان وەك پێویست راژەی نەتەوەکەیان نەکردووە.

رۆشنبیریی نەتەوایەتی کورد پێشکەوتوو و دواکەوتووی هەیە... لە رووی زمانەوە سەرەڕای بەربەرەکانیکردنی لەلایەن دگیرکەرانی کوردستانەوەو راژەنەکردنی وەك پێویست، سەرەڕای ئەوەی، کە سەدان ساڵ نەیانهێشتووە زمانی کوردی زمانی رێبەری (administration)و دادو خوێندنو بازرگانی بێ، ئەوجاش زمانێکی پوختو دەوڵەمەندو ناسكو خۆشە... زۆر لە خوێندەوارانی کورد، بەتایبەتی وەچە پێشینەکانی، بایەخیان بە زمانی خۆیان نەداوەو کەمیان کاریان

بۆ کردووە... ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە زمانی داگیرکەر بەسەر کاروباری وڵاتدا زاڵکراوە... زۆر لەو هاووڵاتییانە نازانن، کە زمان ئێجگار گرنگو کاریگەرە... ئەوانەی بایەخ بە زمانی خۆیان نادەن بە چاکی نایزاننو بەدوای زمانی بیانیی داگیرکەرەوەنو بیروباوەڕیشیان دواکەوتووە !

لە رووی "بیر"ەوە، کە بەشێکی رۆشنبیریی نەتەوایەتییە، لە نێو کورددا بیری نەتەوەیی، بیری زانستی، بیری رامیاریو بیری باوەڕو ئاینو ئەفسانە هەن... کەمایەتییەکی نەتەوەی کورد هەڵگری بیری زانستین... زۆری کورد بیری نەتەوایەتییان هەن، بەڵام ئەم بیرە لای کەمایەتییەکیان بووەتە بیروباوەڕ... بیری باوەڕ (belief)و ئاینیو ئەفسانەیی لای زۆر لە کورد هەیە... ئەم جۆرە کوردانە زانستییانەو نەتەوەییانە بیر ناکەنەوەو وەك پێویست سوودیان لە خوێندەواری وەرنەگرتووە... بیرکردنەوەیان شێواوەو تێکەڵێکە لە خوێندەواریو ئەفسانەو نەدیاری... رووداوو (داکەوت- reality)و رەوش بە هۆکارەکانیانەوە نابەستنەوە... پەیڕەوی رێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی ناکەن... زۆربەی قەسەکانیان خۆیەکیو سۆزین... لێکدانەوەیان بەپێی بەڵگەی زانستیو تاقیکردنەوەو پێوانە نییە... مەترسیو بیرتاریکی ئەو جۆرە خوێندەوارە ساکارانە لە نەخوێندەوارو نیمچە خوێندەواری ناتێگەیشتوو کەمتر نییە. زۆر هاووڵاتی کورد خۆیەکیو سۆزیو ئەندێشانە بیردەکەنەوە، پێچەوانەی رۆڵانی نەتەوەی پێشکەوتوو، کە بابەتی (objectively)و نیهادی (conscience)و زانستی بیر دەکەنەوە... لێرەدا ئەرکی کوردی رۆشنبیرە، کە رێی تاریك بۆ هاووڵاتییانی رووناك بکاتەوە... بە بەڵگەو نموونە هێنانەوە باوەڕو بیری ئەفسانەیان نەهێڵێ... راستیو داکەوتیان (reality) بۆ بخاتە روو.

هەندێ لە ئاخوندو پەندیارانی کورد لەبەر کەمی خوێندەوارییانو نادروستی بەرنامەی خوێندنیان، لەجیاتی ئەوەی جەختی رەوشتی بەرزو رەفتاری جوان بکەن، قسەو چیرۆکی هەڵبەستراوو پووكو ئەفسانە بۆ گوێگرە

ساویلکەکانیان دەڵێن... بە هەڵەو نانەتەوەیی هەندێکیان ئاراستەی هاووڵاتییانیان دەکەن، کە ناوی عەرەبی لە منداڵەکانیان بنێن بەو بیانووە ناراستەی، کە ئەو ناوانە ئیسلامین... نازانن و ئەوەندە بێ ئاگان لەبارەی مێژوو، کە ناوی عەبدوڵلا، محەمەد، بەکر، عومەر، عوسمان، عەلی، حەسەن و ئەوانی دی پێش ئیسلام بوون و بت پەرستە عەرەبەکان ناویان ناون... ئەو ئاخوندانە واتای ئەو ناوانە بە کوردی نازانن !... ئەگەر بێت و بزانن هەندێ لەو ناوانە واتای چاکیان نییە پەسەندی ناکەن.

لە رووی داب و نەریت و بەهای کۆمەڵایەتییەوە، کورد لایەنی خراپ و دواکەوتووی هەیە، کە گۆڕین و پێشخستنیان زۆر لەسەرخۆیە... لەو کۆت و تەگەرانەی، کە رێی پێشکەوتنی کۆمەڵگەی دواکەوتوو دەگرن، توند خۆبەستنەوەی رۆڵەکانیتی بە داب و نەریت و بەهای کۆمەڵایەتی خراپ و دواکەوتوو !

بە رادەی پێشکەوتنی باری ئابووری - کۆمەڵایەتی - رۆشنبیری داب و نەریت و بەهای کۆمەڵایەتی پێشدەکەون، بەڵام زۆر لەسەرخۆتر... راستە نەتەوەی کورد باوەڕی بە بەهای کۆمەڵایەتی بەرزە، کە پەیوەندییان بە قارەمانێتی، مەردی، دادوەری، دۆستایەتی، پاکی، ئاشتی، بەخشین، بەزەیی، بەختکردن، خۆشی و ئەم بابەتانەوە هەیە... بەڵام بەشێ لە کورد بە ساویلکەیی پەیڕەویان دەکەن... چاك و خراپ بە چاکی لەیەك ناکەنەوە... وەك پێویست دۆست و دوژمنی خۆیان ناناسن... درۆ و فێڵ و پەناوپێچ نازانن.

هەندێ نەریتی خراپ و دواکەوتوو لە هەندێ هاووڵاتی نەزانی نەتەوەکەمان رەچاو دەکرێن، لەوانە : تەمەڵی، فێڵ، درۆ، تۆڵە، چرا داگیرساندن لە ژووری کۆرپە بۆ دوورخستنەوەی جنۆکە، نوشتە و جادوو، ناڵ هەڵواسین لەسەر دەرگە بۆ چاو و زار، رشتنی ئاو بەدوای کەسێ بۆ بێوەیی، چەقۆ دانان لەسەر سکی مردوو بۆ نائاوسانی !!... زۆری دی لە داب و نەریتی دواکەوتووە، کە هەموویان بەهۆی

نەزانیو ترسەوەیە... بەڵام لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی خوێندەواریو زانیاریو هۆشیاری ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووانەو باوەڕکردن بە ئەفسانەو نەدیارو توخمی نەبوو و بێ واتا زۆر کەمبوونەتەوەو بەرەو نەمان دەڕۆن.

زۆرینەی هاووڵاتییان بۆ چاولێکەریی کەرەستەیی خێران... بۆ گۆڕینو نۆژەنکردنی خانوو کەلوپەلی ناومالو بەرگو گەڕێنو کەرەستەی پێویستو ناپێویست گورجن... زوو دوای شتی کەرەستەیی دەکەون، مالو مایەو دراو کەڵەکە دەکەن، بەڵام هەمان ئامادەییو گوڕیان بۆ گۆڕینو پێشخستنی لایەنەکانی رۆشنبیرییان نییە... بۆ گۆڕینو چاکردنی بیرو رەفتاریان، بۆ بایەخدان بە زانیاری، بۆ پێشخستنی دابو نەریتو بەهای کۆمەڵایەتییان لەسەرخۆن... ئەمەش ئاساییەو ماوەیەکی زۆری دەوێ تا سەرجەمی نەتەوەی کورد، هەروەك نەتەوانی دی، لایەنی دواکەوتووی بیرو رەفتاری هاووڵاتییانی، باوەڕو رەوشتی خراپیان بگۆڕنو دەستی لێهەلگرنو پەیڕەوی بابەتی بەجێو زانستی و پێشکەوتوو بکەن.

دیاردەی کۆمەڵایەتی دواکەوتووی دی، کە لە هەندێ هاووڵاتی رەچاو دەکرێن، ئەمانەن: کات بەفیڕۆدان، بایەخدان بە رووالەتی پووك، کەڵەکەکردنی کەلوپەلی پتر لە پێویست، پووکە شانازی، هۆزگەری لە هەندێ ناوچەی کوردستان، زۆر لە هاووڵاتی کورد ژیرییان لە چاویاندایە... واتا تێگەیشتنیان بای بینینیانەو بە رووالەتو شێوە دەخەڵەتێن... لە گەوهەرو ناوەڕۆکی شت ناکۆڵنەوە... بیر لە چییەتی شت ناکەنەوە... لێکدانەوەو شیکردنەوەیان کزو سستە... چی دەبینن و دەبیستن باوەڕی پێ دەکەن !

زۆربەی کورد، هەروەك رۆڵانی نەتەوانی دراوسێو خۆرهەڵات، پتر لە پێویست بایەخ بە رووالەتی کۆمەڵایەتی وەك پرسەو بۆنەی ئاینی دەدەن... پرسە بەلایانەوە رووەتە !... هەروەها وەك پێشتر وتم کات بەفیڕۆدان لە نێو زۆرینەی کورد باوە... کاتی پاش کار، یان لە بێکاری بە دانیشتنی بۆشو قسەی پووكو

خۆهەڵکێشانو گلەیی‌و باس‌و خواسی کەسان دەیبەنە سەر... کەمینەیەکی کورد کات بەفیڕۆ نادەن و لە حەزو پیشەی چاکی وەك خوێندنەوەو نووسین‌و مۆسیقاو نیگارکێشی‌و رازاندنەوەو داتاشین‌و گوڵبازی‌و مەلبازی‌و دروستکاری‌و وەرزش‌و کشتوکاڵ‌و کارەباو میکانیك‌و شتی بەکەڵك بۆ خۆیان‌و نەتەوەکەیان دەبەنە سەر.

لایەنێکی کۆمەڵایەتی دواکەوتووی دی، کە لە نێو هەندێ کورددا هەیە پووکە شانازیکردنە بە رووالەتی وەك : دەوڵەمەندی، ئاغایەتی، شێخایەتی، نازناوی وەك "بەگ"، کە بەرماوەی سەردەمی دوابڕاوی عوسمانییە... ئەو جۆرە کوردانە لە رووی شارستانێتی‌و رۆشنبیرییەوە پێشکەوتوو نین... مرۆڤ کاتێ دەشێ شانازی بە خۆی بکا، کە بەختکردن‌و شتی گەورەی بۆ نەتەوەکەی بوو بێ... راژەی رۆشنبیریی نەتەوایەتی‌و بەشداری دروستکردنی شارستانێتی وڵاتەکەی کردبێ... لەگەڵ ئەوەشدا ئەو جۆرە مرۆڤە سەرکەوتووانە شانازی بە خۆیان ناکەن، بەڵکو هاووڵاتییان بەهایان دەزانن‌و رێزیان دەگرن.

لێرەدا پێویستە بوترێ، کە هەموو نەتەوەیەك، بگرە ئەوانەی پێشکەوتووشن، لایەنی خراپ‌و دواکەوتووی کۆمەڵایەتیان هەیە... کێشەکە رێژەییە... ئەوەی پێویستە لەسەرمان ئەو لایەنە خراپ‌و دواکەوتووانە بزانین‌و هەوڵی چاکردن‌و گۆڕینیان بدەین، کە بە ماوەیەکی کورت نایەتە دی... کارو رەنجێکی زۆری دەوێ... بێجگە لە گەشەو پێگەیشتن‌و پێشکەوتنی نەتەوە لە مەیدانی شارستانێتی‌و رۆشنبیریدا، پەروەردەو ئاراستەو کاریگەری کاربەدەستی دڵسۆزو بەتوانا لەم رووەوە کاری خۆیان دەکەن.

نەتەوەیەك تا لە مەیدانی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیری‌و رێبەری (administration) پێش نەکەوێ، لایەنەکانی بیروباوەڕ (ideology)و داب‌و نەریت‌و بەهای کۆمەڵایەتی وەك پێویست پێشناکەون !

# کوردو نووسینی کۆمەڵایەتی

کۆمەڵزانی (sociology) زانستێکی کۆمەڵایەتییە لە سەدەی نۆزدەیەمەوە دەستی پێکردووە... لە پێکهاتو پێڕۆ (regime)و دیاردەو گیروگرفتو کەسێتیو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکۆڵێتەوە... "ئۆگێست کۆنت"، فەیلەسوفی (داناییزانی- philosopher) فرەنسایی (١٧٨٩ - ١٨٥٧) لەبەر ئەم هۆیانە بە دامەزرێنەری کۆمەڵزانی دادەنرێ: یەکەم کەس بووە، کە ناوی کۆمەڵزانی لە لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان ناوە، بابەتەکانی کۆمەڵزانی لە بابەتەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی دی جیاکردۆتەوە، لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی بە شێوەیەکی زانستیو رێك کۆکردۆتەوە. لە پاش ئەو، کەسانی وەك "کارل مارکس"(١٨١٨ - ١٨٨٣)و "فریدریك ئەنگلز"(١٨٢٠ - ١٨٩٥)، "هێربەرت سپێنسەر"ی ئینگلیز (١٨٢٠ - ١٩٠٣)، "ئەمیل دۆرکهایم"ی فرەنسایی (١٨٥٨ - ١٩١٧)، "ماکس فێبەر"ی ئەڵمان (١٨٦٤ - ١٩٢٠)و کەسانی دی لە ئەڵمانیاو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (U.S.A)و وڵاتی دی، لەبارەی کۆمەڵزانی بیردۆزییان داناوە.

نەتەوەی کورد وەك نەتەوانی دراوسێو زۆربەی نەتەوانی جیهان، دەستی لە دامەزراندنی کۆمەڵزانی نەبووە، بەڵام نووسینی کۆمەڵایەتی لەبارەی بارو گیروگرفتو دیاردەی کۆمەڵایەتی بە شێوەی وتەی نەستەقو پەندی پێشینانو هۆنراوەو چیرۆكو شانۆنامە لە سەردەمی زووتردا، لە دوایشدا لە سەردەمی نوێ بە شێوەی وتارو لێکۆڵینەوەو پەیامو زانستنامەی زانکۆیی نووسینی کۆمەڵایەتی بووە.

هاووڵاتی زیرەكو بیرمەندی کوردستان لە ئەنجامی تاقیکردنەوەو شارەزایی پەیداکردن، تووشبوونی گیروگرفتی کۆمەڵایەتی، سەرنجدانو تێبینی کۆکردنەوە

لەبارەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان هەزاران قسەی نەستەقو پەندی ریکوپێکی داناوە، کە واتادارو بەجێو بەهادارو بنچینەی بیری کۆمەڵایەتینو سوودیان لێوەردەگیرێ... ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەکیانن :

- دەستی ماندو لەسەر زگی تێرە.
- تێر ئاگای لە برسی نییە.
- ئەم دەستە پێویستی بەم دەستە نەبێ.
- دەست پانکەیتەوە لە پێ دەکەوی.
- سواری ئەسپی خەڵکی بی هەر پیادەی.
- شەڕ بە چەك، سەودا بە پارە.
- پێ بە قەد بەڕەی خۆت راکێشە.
- دەوڵەمەندی کەموکورتی دەپۆشێ.
- کێ دەیکاو کێ دەیبا.
- بکەی بیانی پەرستی، هەر دێنی نوشستی.
- مرۆڤ بچێتە شاری کوێران، دەبێ دەست بە چاویەوە بگرێ.
- بەرد لەجێی خۆی سەنگینە.
- مرۆڤ بە تەمای دراوسێ بێ، بێ شێو سەردەنێتەوە.
- چەپڵە بە دەستێ لێ نادرێ.
- چەم بێ چەقەڵ نابێ.
- چی بچێنی ئەوە دەدرویتەوە.
- قسە کەوتە زارێ دەکەوێتە شارێ.
- خێر بە خوێش نەك بە دەروێش.
- کوتەك دەزانێ قۆناغ لە کوێیە.
- نان بدە بە سەگ، مەیدە بە سپڵە.
- نە ئەوەندە تاڵ بە فڕێت بدەن، نە ئەوەندەش شیرین بە قووتت بدەن.

هەموو ئەوانەی کتێب

بە شێوەی هۆنراوە، هۆنەرانی کورد لەبارەی بارو کێشەو گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان دواون... "حاجی قادری کۆیی" (١٨١٥ - ١٨٩٢) پاش "ئەحمەدی خانی" (١٦٥٠ - ١٧٠٧) بە رابەری هۆنراوەی نەتەوەیی کوردو وریاکردنەوەی کۆمەڵایەتی دەژمێردرێ... "حاجی" هۆنراوەی بۆ بزواندنی هەستی نەتەوایەتیو رێبازی نوێی ژیانو رەخنە لە نالەباری کۆمەڵایەتیو نەخوێندەواریو کۆنەپەرستیو گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان داناوە.

"حاجی" خوێندەواری بۆ نێرو مێ بە پێویست زانیوە... ئەو کۆلکە مەلایانەی خوێندنی ئافرەتیان بە رەوا نەزانیوە، بە لە ئاین دەرچوویان دادەنێو دەڵێ :

بۆچی فەرموویەتی "نبی الأمين"
"اطلبوا العلم ولو بالصين"
نێرو مێ لەم "حەدیثە" "فەرقی"نییە
گەر مەلا "نەهی" لێکرد "دینی" نییە

"حاجی" بە نەخوێندەواری زۆربەی نەتەوەکەی زۆر دڵتەنگ بوو... زۆری پێ ناخۆشبوو، کە دەیبینی زۆر لە خوێندەواری کوردی سەردەمی خۆی وەك پێویست بایەخ بە زمانی خۆیان نادەن... لەم رووەوە دەڵێ :

هەر کوردە لە "بەینی""کوللی" میللەت
بێ بەهرە لە خوێندنو "کتابات"
بێگانە لە "تەرجومەی" زوبانی
"ئەسراری کتێبی خەلقی" زانی
یەکسەر "عولەما" درشتو وردی

هەولێرنامەی کتێب

"ئوستادی خەتن" لەم سێیانە
وەکی دی لە زمانی خۆی نەزانە !

عوسمانییە داگیرکەرەکانی کوردستان بۆ ئەوەی بەسەر نەتەوەی کورددا زاڵ بن، بێجگە لە بەکارهێنانی هێزو ئاین‌و فێڵ‌و درۆو کوشتن، تا بۆیان کرابێ نەیانهێشتووە خوێندەواری‌و زانیاری لە کوردستاندا بلاوبنەوە... تەکیەو خانەقایان لە کوردستان زۆر دەکرد بۆ ئەوەی کورد لە خوێندن‌و کارو پیشەی بەکەڵك دووربخەنەوە... ویستوویانە کورد نوقمی ئەفسانەو بیری نەدیاری‌و تەمەڵی‌و تاریکی بێ... لە ڕێی هەندێ شێخەوە جەماوەری کوردستانیان بیرمردوو کردبوو... لە کاتی پێویستیش کراونەتە سوتەمەنی ئاگری جەنگەکانیان‌و دەوڵەتی خۆیانیان پێ پاراستوون.

"حاجی" باسی ئەوەی کردووە، کە چۆن هاوولاتییان لە کارو پەیداکاری خراون‌و دوای شێخ ومشایەخ کەوتوون‌و بە تەمای ئەو بوون گوزەران بکەن‌و پاش مردنیش بچنە بەهەشت !!... لەم بارەیەوە وتوویەتی :

"دەخیلی شێخ‌و مێخ" مەبن "ئەبەدا"
هیچ کەسێ "ڕزقی" هیچ کەسێ نادا
"عشق" بازی‌و هەوای دەروێشی
میللەتی خستە "فەقر"و دەروێشی

"حاجی" ئاراستەی هاوولاتییانی بۆ کارکردن کردووەو وتوویەتی :

بە قسەی سادە برسی تێر نابێ
"عەمەلە عیززی دین‌و دونیا" بێ
ئاسنی سارد بە فوو نەرم نابێ

تەمەڵی کاری "حیز"و بێ "خێر"ـە
دەستی ماندوو لەسەر زگی تێرە

لـەبارەی ئەوانـەی کوردیـان دواخـستووەو تەگـەرەی پێـشکەوتنی بـوون، فەرموویەتی :

سەد شێخو مەلاو میرو خانی
بۆ "لەزەتی عەیش"و زیندەگانی
لەولاوە ئەوانە بە "حیلە" سازی
لەم لاوە ئەمان بە تەقڵەبازی
قوڕیان بە هەموو وڵاتەوە دا
تا "مولكو رەعیە" پاکی فەوتا

"ئەحمـەد موختـار جـاف"یش (١٨٩٦ - ١٩٣٥) نەخوێنـدەواری بـە تەگـەرەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی کورد زانیوە... دەیزانی کورد بە رۆشنبیری پێش دەکەوێو مافەکانی وەدەست دەهێنێو دەڵێ :

لە خەو هەستن درەنگە میلەتی کورد خەو "زەرەرتانە"
هەموو "تەئریخی عالەم شاهیدی فەزل"و هونەرتانە
بخوێنن چونکە خوێندن بۆ "دیفاعی" تیغی دوژمنتانە
هەموو "ئانو زەمانێ عەینی قەڵغان"و سوپەرتانە

هـەروەها "فـائیق بێکـەس" (١٩٠٥ - ١٩٤٨) بایـەخی بـە لایـەنی دەردە کۆمەڵایەتییەکان داوە... لە رووی هەندێ لایەنی نەرێیانەی هەڵوێستی کورد لە ناو خۆیدا، بە زۆرڕەوییەوە باسی کردووەو دەڵێ :

کورد "ئەبەد" ناگاتە "مەقسەد" نۆکەری بێگانەیە

دوودڵن، پیسن لەگەڵ یەك، بۆیە وا بێ لانەیە
میللەتێکن بۆ نەمانی یەکتری هەر هەوڵ ئەدەن
داخەکەم وردو درشتی شێتو شەیدای "ئانەیە"
"سەنعەتو عیلمو مەعاریف زەڕەیەك" باوی نییە

هەموو نەتەوەیەك چاكو خراپی هەیە... زۆربەی نەتەوەی کورد پاكو دڵسۆزن، کەمینەیەکی نزمو نۆکەر نابنە نموونەی تێکڕای نەتەوەیەك... لە پاشدانا ئەوەی نەتەوەیەك بە ئاواتەکانی دەگەیەنێ هەر تەنیا هۆکارە ناوخۆییەکان نییە، بەڵکو هۆکارە دەرەکییەکانیش یاریدەرن، یان تەگەرەی ئەو مەبەستەن... لە لایەکی دی مرۆڤ بە سروشت بەرژەوەندخوازە، بەڵام نابێ بەرژەوەندی تایبەت بخرێتە سەرووی بەرژەوەندی گشتی.

"بێکەس" لایەنگری ئازادیی ئافرەتو خوێندنو کارکردنی کردووە... دژی پۆشینو ئارایشتو خۆڕازاندنەوەی ئاسایی‌بەدەر بووە... بەلای ئەو جوانی ئافرەت بە خوێندەواریو کارکردنو ژیرییەوە تەواو دەبێو دەڵێ :

نەسرین ! دەمێکە داخت لە دڵمە
گیرۆدەی بەندی ژیانت "زوڵمە"
وا من پێت ئەڵێم چونکە لەسەرمە
هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە
سەرپۆش فڕێدە چ "وەعدەی" شەرمە
ئەمڕۆ "زەمانی عیلمو عیرفانە"
"عالەم" شەوو ڕۆژ وا لە فەرمانە
"فەرقی" نێرو مێ نییە بیزانە
هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە
سەرپۆش فڕێدە چ "وەعدەی" شەرمە

"قانیع" (١٨٩٨ - ١٩٦٥) هۆنراوەی لە بواری کۆمەڵایەتیەوە زۆرە، هەندێ لە نموونەی هۆنراوە کۆمەڵایەتییەکانی ئەمانەن : "ماڵ بەشکردنمان"، "بەری یەکیەتی"، "لەگەڵ قەڵەمەکەم"، "مازوو چنین لە لادێ"... لەبارەی شێوەیەکی "مارەبڕین" ئەم پارچە هۆنراوەی دەخەمە روو :

کچ هاوار ئەکا ئەڵێ کاك مەلا
پەنام بۆ هانیت ئەی مەردی خودا
مەیلێن بمدەن بەم کابرا کەرە
نە "عەقل"و زانین، زۆر بێ "خەبەرە"
مەلا دێتە "جواب" : دادە زۆر چاکە
پیاوێکی "کاسبە" زۆر "نیەت" پاکە
تمەس مامۆستا زۆر بە کوڵە بۆی
پەلە پەلیەتی بۆ "حەقەکەی" خۆی

زۆر هۆنەری کوردی دی هۆنراوەی کۆمەڵایەتییان هەیە لەبارەی بارو گیروگرفتو دیاردەو لایەنە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووەکانمان... چیرۆکنووسانی کوردیش، بەتایبەتی لە شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە چیرۆکی کۆمەڵایەتییان نووسیوەو رەوشو دەردە کۆمەڵایەتییەکانیان دیاریکردووەو پتر جوڵەیان خستۆتە نێو کورد بۆ چارەکردنیان... لە خوارەوە وەك نموونە ئاماژە بە هەندێ لەو چیرۆکانە دەکەم :

| | |
|---|---|
| جەمیل سائیب | لە خەوما |
| پیرەمێرد | دوانزدە سوارەی مەریوان |
| عەلائەدین سجادی | شاییەکەی رەشە خەجەلاو |

هەواڵنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| حسێن عارف | چای شیرین، چاڵی جەرگی پیرێژن |
| کاکە مەم بۆتانی | تۆنێلی دەربەندەکە |
| محەمەد مەولود مەم | بێ وڵات نیم |
| حەسەن قزڵجی | شەهیدی زوڵمە کوفنو شۆردنی ناوی |
| محەمەد ساڵح سەعید | شمشاڵی شوان |
| عەرەب شەمۆ | ژینا بەختەوەر |
| محەڕەم محەمەد ئەمین | ڕێگای ئازادی |
| جگەر خوێن | ڕەشۆی داری |
| د. کاوس قەفتان | بەڵام کوردمو خۆری ئاوابوو |

بێجگە لە سەدان چیرۆکی کۆمەڵایەتی کوردی دی، هەندێ لە بویژانی کورد شانۆنامەشیان نووسیوە، کە کراونەتە شانۆگەریی تەلەفزیۆنو سەرشانۆ، کە ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەکیانن :

| | |
|---|---|
| حەمە کەریم هەورامی | فاڵچی |
| حەمە کەریم هەورامی | ژن بە ژنێ |
| مەکی عەبدوڵلا | باوەژن خوا بناسە |
| د. جەمال نەبەز | لالۆ کەریم |
| جەلیل زەنگەنە | ژاڵە |
| تەڵعەت سامان | مەرەزە |
| گۆران | گوڵی خوێناوی "ئاهەنگ سازییە" |
| فەتاح کەریم | کچو قوتابخانە |
| ژیر | ئافرەتو نوشتە |

لەگەڵ دەیان شانۆنامەی دی... بە شێوەی نووسراوە (book) نووسەرانی کورد لەبارەی لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی نەتەوەی کورد نووسیویانە، ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەکن :

| | |
|---|---|
| عەلائەدین سجادی | گەشتێك لە کوردستاندا |
| عەلائەدین سجادی | کوردەواری |
| مەلا مەحموودی بایەزیدی | داب و نەریتی کورد |
| د. عەبدولڕەحمان قاسملو | کوردو کوردستان |
| بورهان قانیع | بنچینە کۆمەڵایەتییەکان |
| عەبدول رەقیب یوسف | بانگەوازێك |
| د. هیوا عمر | دەرمانگەری کوردی |
| عیززەت رەشید | پەروەردەی کۆمەڵایەتی و نیشتمانی |
| محەمەد مەلا کەریم | گەنجینەی فۆلکلۆری کوردی |
| سالح عەلی سالح | فۆلکلۆری یاری وەرزشی |
| عەبدول حەمید ئەلبەکر | قوتابخانە مەڵبەندێکی کۆمەڵایەتییە |
| محەمەد مستەفا یەحیا | گیروگرفتە پەروەردەییەکانی قوتابخانە |
| خالید حسێن | کۆمەڵە تێکستی فۆلکلۆری کوردی |
| مستەفا نەریمان | هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری |
| مەولود قادر بێخاڵی | لە گەنجینەی کوردەواریدا |
| عەلائەدین سجادی | ڕشتەی مرواری (٨ بەرگە) |
| مەحموود زامدار | دەروازەیەك بۆ ئاوازو گۆرانی کوردی |
| محەمەد روشدی دزەیی | ژیانی دێهاتی |

ئەمانەو سەدان نووسراوەی کۆمەڵایەتی کوردی دی... نووسەرو لێکۆڵیاری بیانیش، لەوانە: رووس و ئینگلیزو ئەڵمان و لە نەتەوەی دی، لەبارەی ژیانی کۆمەڵایەتی نەتەوەی کورد نووسیویانە... ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەکیانن:

| | |
|---|---|
| هینی هارۆلد هانسن | ژیانی ئافرەتی کورد |
| م. س. لازاریف | چەند کێشەیەکی رامیاریو ئابووریو کۆمەڵایەتی کورد |
| تۆما بۆوا | ژیانی کوردەواری |
| أ. شامیلۆف | حول مسأله الاقطاع بين الكرد |

ئەمانەو زۆری دی.

لە ماوەی ئەم بیست - سی ساڵەی دواییدا، زۆر پەیامو ماستەرنامەو دکتۆرانامە لە زانکۆکانی کوردستانو دەرەوەی لەبارەی کێشەو رەوشو دیاردەو گیروگرفتو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی نەتەوەی کورد نووسراونو بلاوکراونەتەوە... ئەمە بێجگە لە وتارو لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵایەتی زۆر، کە لە گۆڤارو رۆژنامەکانی کوردستانو دەروە بلاوکراونەتەوە... نموونەی ماستەرنامەی بواری کۆمەڵایەتی کوردستان لە زانکۆی سەلاحەدین ئەمانەی خوارەوەیە :

| | |
|---|---|
| ئاسۆ ئیبراهیم عەبدوڵلا | گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکانی ئافرەتی کورد "ماستەرنامە" - زانکۆی سەلاحەدین ١٩٨٢ |
| فازیل ئەحمەد محەمەد | گۆڕانی کۆمەڵایەتیو بەهایی لە شاری سلێمانی "ماستەرنامە" - زانکۆی سەلاحەدین ١٩٨٩ |

لە بیری نەکەین، کە زۆر نووسراوەی مێژووو باری ئابووریو رامیاری کوردستان، کەمو زۆر، لە باری کۆمەڵایەتی دواون... ئەوانەی لەبارەی باری کۆمەڵایەتی کوردستان نووسراون وەك پێویست لێکۆڵینەوەی زانستی سەرجەمی لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی نەتەوەی کورد نین... هەندێکیشیان لایەنی کۆمەڵایەتی نەتەوەی کوردیان بە ناتەواویو کەموکورتی خستۆتە روو.

# کەسێتی کورد

پـێش ئـەوەی لـە کەسـێتی کـورد بـدوێم، پێویـستە بزانـرێ کەسـێتی (personality) چییە... کەسێتی مرۆڤ لە دەوروبەرە کۆمەڵایەتیو سروشتییەکەی پێکدێو پێدەگاو قـاڵبی خـۆی وەردەگـرێ... هۆکـاری رەچـەڵەکیو کۆمەڵایـەتیو دەروونی پێکیدەهێنن... کەسێتی مرۆڤ بیرو بیرکردنەوەو کارو کردارو هەڵوێستو رەفتـارێتی... خـووو ئادگـارو تێکـڕای هەڵسوکەوتەکانێتی... کەسـێتی پێکهـاتێکی رووڵەتی - دەروونی - کۆمەڵایەتییە.

کەسێتی کەسێك یەکەیەکی تێکڕایەو پشك ناکرێ... شێوەو رادەی پۆشـتەیی، لێوەشـاوەییو قـسەزانی لـە رووڵەتـەکانێتی... رادەی گـورجیو زیرەکـی، پلـەی ئامـادەیی فێربـوون، کارامـەییو بەرهەمـداریو کـەڵك لـە تواناکـانێتی... رادەی هۆشیاریو ئاستی رۆشنبیرییەکەی، بیرو رەفتـارو ژیرییەکـەی، هیـواو ئامانجەکانی لە گەوهەرەکانێتی... چاکیو خراپییەکەی، رادەی مرۆڤایەتییەکـەی دەردەخـەن... چـەندێتی پـشت بەخۆبەسـتنی، کـار لـە کەسـان کـردنو هەڵسوڕاندنی کاروبـار لـە هێزەکانێتی... ئەمانە، لایەنی چاكو خراپی، جۆری کەسێتی پێکـدەهێنن... خـووو سـۆزو نیهـاد (conscience)، توانـاو ئامـادەییو هەڵوێـست لـە نێـو دەوروبـەری کۆمەڵایەتیو سروشـتی بـەهۆی پـەروەردەو فێربـوونو کارکردنـەوە، لـە منداڵیـەوە دەست بە پێکهاتن دەکەن.

مـرۆڤ چـەندەها دیـاردەی کەسـێتی هەیـە، کـە لـە سـەرجەمی ئادگـارو بـیرو رەفتـاری جیـاوازی کەسـان دەردەکـەون، لەوانـە : رەشـبین، گەشـبین، شـەڕانی، ئاشـتیخواز، خوێنڕێـژ، بێـوەی، کـراوە، کۆمەڵایـەتی، داخـراو، گۆشـەگیر، هەڵەشـە، هێمن، ئاشکرا، مۆن، تـوڕە، لەسـەرخۆ، میـان، سـەنگین، دامـێن پـاك، دامـێن پـیس، سەرسەری، رەوشت بـەرز، مـەرد، نامـەرد، دڵڕاگـر، رووشـکێن، گـورج، خـاو، زۆربڵێ، کەم دو، دڵنیا، دڵەڕاوك، باوەڕبەخۆ، هەست بەکەمیکەر، خۆ بە زلزان، خۆش باوەڕ،

گومانبەر، ژیر، گەوج، بلیمەت، گێل، قسەزان، بەستەزمان، راستگۆ، درۆزن... .و ئەم شێوانە.

بە وردبوونەوە لە کورد، بۆمان دەردەکەوێ، کە تێکڕای کەسێتی کورد "کەسێتی بنچینەی کورد" بەم شێوەیە : لە رووی رووالەتەوە، بالآی کورد میانە لە نێوان ١٦٠ - ١٨٠ سم... روخساری رووی هەرمێیە... تێکڕای چاوی کورد ناوەندیو کالەو رەنگەکەی هەنگوینی، یان ئاسمانی یاخود سەوزی کاڵە... لووتی زۆری کورد بەرانییە... لە رووی بەرگەوە، بەرگی نەتەوایەتی کورد گورجو توندو پۆشراوو رەنگینە... پاکیو مرۆڤایەتیو نیازچاکی لە رووی کورددا دەبینرێ... کورد بەدو شەڕانی نییە... لێرەدا مەبەست لە تێکڕای کوردە، کە دەکرێتە پێوانە.

بە شێوەیەکی گشتی کورد ئازان، گیانی یارمەتییان هەیە، روویان خۆشە، میوانداری دەکەن، کۆمەڵایەتین، حەزی هاریکاریو هاوکارییان هەیە، ئەمەکدارنو خاوەن بەڵێنن، راستگۆو شەرم بەخۆن، سۆزو بەزەییو نیهادیان هەن، زیرەکنو خێرا فێردەبن، چنۆك نین، چاویان لە زەوتکردنو تاڵانکردن نییە... ئەمەش بەهۆی سروشتی کوردستانەوەیە، بەهۆی بەپیتیو سامانداریو ئاوزۆری خاکی کوردستانە، کە وای کردووە نەتەوەی کورد هەر لە کۆنەوە چاوتێر بێو چاوی لە داگیرکردنی خاکی نەتەوەی دی نەبێ.

بەرامبەر بەو لایەنە چاكو ئەرێیانەی کەسێتی کورد لایەنی نەرێیو کەموکورتیشی هەیە... لایەنە خراپو نەرێیەکانی کەسێتی کورد زیانی خۆیو نەتەوەکەیەتیو بیانیو داگیرکەر سوودیان لێ وەرگرتووەو دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری باری ئابووریو دەسەڵاتی رامیاریو دواکەوتوویی پێکهاتنی کۆمەڵایەتیو نزمی ئاستی رۆشنبیریو کەمیی هۆشیاری. زۆری کورد خۆخوازن، ساویلکەو خۆش باوەڕن، بە قسەی خۆش دەخەڵەتێن، لەگەڵ بیانیو دوژمن ئاشکران، بە گیانی یەکدی ئازاو رق ئەستوورن، خراپەو ستەمکاری دوژمن لە بیر دەکەن، راژەی بیانی دەکەن، تورەو کەللە رەقن، لە دەروونی خۆیانەوە تەماشای بەرامبەریان دەکەن بەو

باوەڕەی، کە ئەوانیش وەك خۆیان نیاز پاكو حەز بە چاکەو پیاوەتیو مرۆڤایەتی دەکەن... کەچی لە زۆر بارو چۆنیەتیو هەڵوێستدا، لە زۆر کاتو شوێنو رووداودا پێچەوانە بووە. لایەنێکی دی، کە هەر لە کۆنەوە خراپ کاری کردۆتە چارەنووسو مێژووەکەی، توندی سۆزی باوەڕو ئاینە بە رادەی گەمژەیی. توندڕەویو زۆرڕەوی سۆزی ئاینی بۆ کەمی رۆشنبیریو نزمی ئاستی هۆشیارییەکەی دەگەڕێتەوە... ئەمە وای لە هەندێ کورد کردووە بکەونە دوای دوژمنە داگیرکەرەکانی کوردستانو ببنە داردەستیان دژی بەرژەوەندی نەتەوەکەیان !

پاکیو ئاشتیخوازیو دڵچاکی کورد، هەروەك پێشتر وتم، بۆ پەروەردەو دەوروبەرەکەی دەگەڕێتەوە... کوردستان، کە خاکی بەپیتو زۆرئاوو پڕ سامانی کشتوکاڵو ئاژەڵو کانزایە، وای کردووە کورد چاوتێر بێو پەلامار نەداو تاڵانیو داگیرکردن نەکات... دلۆڤان بێو بەزەیی بە نەدارو لێقەوماوا بێتەوەو چاکەیان لەگەڵ بکات... کورد پاکیو نیازچاکی لێدەردەکەوێ... چاوی لە زەوتکردنو شتی بیانی نییە... ئازاییو باوەڕ بە خۆکردنی کورد وای لێکردووە رێی فێڵو ساختەو خەڵەتاندن نەگرێتە بەر، بەڵکو ئاشکرا بێو نیازی لە روو بێ... لەگەڵ دۆستو دوژمن کراوە بێ... ناخو رووی وەك یەك بن... بێگومان ئەمە لەگەڵ بیانیو دوژمنو بەرامبەر راست نییەو نابێ وەها بێ، چونکە ئەوان ئەوها نینو بە پێچەوانەن.

زۆر لە کورد بەهۆی خوێندەواریو زانیاری (knowledge) وەرگرتنو تاقیکردنەوەو بەسەرهاتی زۆرو شارەزایی پەیداکردن، ئێستا ئاستی هۆشیارییان بەرز بووەو لە ساویلکەییەوە بۆ خۆخوازی گواستویانەتەوە... هەرچەندە خۆخوازی لە ساویلکەیی باشترو بەرزترە، بەڵام، کە هەر هاووڵاتییەکی کورد بەرژەوەندیو چارەنووسو ئایندەی بە نەتەوەکەیەوە بەندە، دەبێ لە خۆخوازییەوە بۆ "خۆو نەتەوەخوازی" بگوازێتەوە... ئەوسا سەرجەمی نەتەوەکەمان کەڵەهەنگاوی گەورە لە کاروانی پەرەسەندنو پێشکەوتندا دەنێ !

# لە خۆخوازییەوە بۆ خۆو نەتەوەخوازی

لە ئەنجامی سەرنجدانو تێبینی کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی دەیان ساڵ لەبارەی هاووڵاتییانمانو باری کۆمەڵایەتیمان، لێکدانەوەی بیرو رەفتارو هەڵوێستیان، بەراوردکردنیان لەگەڵ باری کۆمەڵایەتی نەتەوانی پێشکەوتوودا، گەیشتمە ئەم بۆچوونو بیرۆکەیە لەبارەی باری بیرو بیرکردنەوەو رەفتارو هەڵوێستی هاووڵاتییانمان لە رابردووو رانەبردو ئایندەدا.

رەفتارو هەڵوێستی رۆڵانی کۆمەڵانی مرۆڤایەتی بە شێوەیەکی گشتی ئەم شێوانە وەردەگرن : ساویلکەیی، خۆخوازی رووت، خۆو نەتەوەخوازی... هەریەك لەو شێوانە ئەنجامی چەند هۆکارێکەو پێوەندییان بە ئاستو پەرەسەندنو پێشکەوتنی باری ئابووری - کۆمەڵایەتی - رۆشنبیری - رامیارییەوەیە.

کۆمەڵگەی دواکەوتوو، چەند ئابووریو باری کۆمەڵایەتی دواکەوتوو بێ، ئاستی رۆشنبیریو هۆشیاری نزم بێ، رۆڵەکانی گۆشەگیرو پەرشو بڵاو بن، ژیانیان ساکار بێو بە کەمی پێویستی ژیان بیبەنەسەر، ئەوەندە ساکارو ساویلکە دەبن... بەرژەوەندی خۆیان بە چاکیو تەواوی نازانن... ژیرییان لە چاویاندایە... ناچنە ناخی شتو رووداوو داکەوت (reality)... لێکدانەوەو شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەیان زۆر کەمە.

زۆری کورد تا شەستەکانی سەدەی بیستەم، بەهۆی دواکەوتنی باری ئابووری - کۆمەڵایەتی - رۆشنبیریو خراپەو ستەمکاریو نادڵسۆزی دەسەڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان، بیرو بیرکردنەوەو کارو کرداریان، هەڵوێستو رەفتاریان لەبارەی خۆیانو هاووڵاتییانیانو بیانی ساویلکانە بووە... لەگەڵ بیانیو دوژمن کراوەو

ئاشکرا بوون... چاكو خراپو دۆستو دوژمنیان وەك پێویست نەناسیوەو لە یەکدییان جیا نەکردۆتەوە... ژیرییان لە چاویاندا بووە... بێ بەرامبەر راژەی کەسانو بیانییان کردووە... لێکدانەوەو شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەیان کز بوون... بە شێوەیەکی بەجێو وەك پێویست بیریان لە بەرژەوەندی خۆیانو نەتەوەکەیان نەکردۆتەوە... بە ژیانێکی کەمو ساکار قایل بوون...، کە زۆری رۆڵانی کورد بەو شێوە بوون، رۆڵانی نەتەوە دراوسییەکانو جیهانی سێیەم هەر ئەوها بوون.

لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمەوە، بەهۆی گۆڕانو پێشکەوتنی باری ئابووری - کۆمەڵایەتی - رۆشنبیری، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی زانیاریو شارەزایی پەیداکردنو بەسەرهاتو تاقیکردنەوەی زۆر، بە زۆربوونی خوێندنگەو خوێندەواری لە کوردستاندا، کردنەوەو چاکردنو قیرتاوکردنی رێگەو دروستکردنی پرد، بڵاوبوونەوەو زۆربوونی هۆیەکانی راگەیاندنی بیستراوو بینراوو خوێندەواری وەك رادیۆو تەلەفزیۆنو چاپەمەنی، دامەزراندنی دەزگاو دامەزراو (establishment)و راژەکان (services)و گەیشتنی بە هەموو لایەکانی کوردستان... ئەمانە وایانکرد ئاستی رۆشنبیریو هۆشیاری کورد بەرزبێتەوە... وردە وردە تێگەیشتنو ناسینو زانین، چاكو خراپ لە یەك کردنەوە جێی ساویلکەییانی گرتەوە... وای لێهات، کە بەشێکی زۆری کورد لەجیاتی مانەوە بە ساویلکەیی، بایەخ بە خۆیان بدەنو رێبازی خۆخوازی (self - interest) بگرنە بەر.

هەرچەندە زۆربەی رۆڵانی نەتەوەی کورد لە ساویلکەییەوە گواستیانەوە بۆ خۆخوازی، کە ئەمە گاڤە بەرەو پێش، بەڵام بەم رێبازو رەفتارو بیرکردنەوەیە ئاواتی نەتەوەی کورد نایەتە دی، چونکە تەنیا راژەی خودی کەسان دەکات، نەك سەرجەمی نەتەوە... هەروەها لایەنی خراپو نەرێیی هەیە... ئەو هاووڵاتییە خۆخوازانە پێویستییان بە گۆڕانو کەڵەبازێکی دی هەیە بۆ ئەوەی بگوازنەوە بۆ "خۆو نەتەوەخوازی"... واتا بەرژەوەندی خۆیان بە بەرژەوەندی نەتەوەکەیانەوە ببەستنەوەو داینەبڕن لێی... گەیشتن بەو ئاستو کاروانگەیە (stage) بە

ئاواتخوازیو نزا نایەتە دی... تا نەتەوەیەك لە مەیدانی ئابووری - کۆمەڵایەتی - رۆشنبیری پەرە نەستێنیو پێشنەکەوێو پێنەگات، ناگاتە ئەو پایە بەرزو پێویستە... لێرەدا بێگومان سەروەریو سەربەخۆییو دەسەڵاتداری نەتەوەیی دڵسۆز لەگەڵ پەروەردەو فێرکاریو ئاراستە بۆ پەلەکردن لە گواستنەوە لە خۆخوازی بۆ خۆو نەتەوەخوازی کاریگەرو گرنگن.

لە کاروانگەی خۆخوازی، کە زۆر لە رۆڵانی نەتەوەکەمان لەم سەردەمەدا پێیدا تێدەپەڕن، بەشێکی بۆ هەڵپەی پارەو هەبوونییە، کە بە رادەیەکە رێبازی ناڕەواو نادادوەریش دەگیرێتە بەر بۆ دەستکەوتی خێراو زۆرو سامان پێکەوەنان، بێ گوێدان بە ئابڕوو، سەربەرزیو بەرژەوەندی نەتەوەو ئایندەی کوردستان... خۆیان تێرو دارا بن، گوێیان لە بەرژەوەندی گشتی نەتەوەکەیان نییە.

راستە رۆڵانی نەتەوانی پێشکەوتوو تا بڵێی بۆ خۆیان خۆخوازو بەرژەوەندخوازن، بەڵام لە هەمان کاتدا بەرژەوەندی نەتەوەی خۆیانیان دەویو لە بەرژەوەندی خۆیانی دانابڕن... خۆو نەتەوەخوازن... زۆربەیان نەتەوەییو نیشتمانپەروەرن... بە دەگمەن ناپاکیان هەیە... هەرچەندە زۆر هەوڵی پارە دەدەن، بەڵام خۆیانو نەتەوەکەیان بۆ پارە نادۆڕێنن... جیاوازی تێکڕای سویدیو سویسریو ئەڵمانێك، بۆ نموونە، لەگەڵ تێکڕای کورد لەم رووەوە ئەوەیە، کە ئەوان خۆو نەتەوەخوازن، کەچی کورد لەم سەردەمەدا خۆخوازی رووتن ( pure self - interest)... زۆرمان پێدەوێ تا ئاستی رۆشنبیریو هۆشیاریمان بگاتە ئەو رادەیەی، کە لە جیاتی ئەوەی تەنیا هەوڵی خۆمان بدەین، هەوڵیش بۆ نەتەوەکەمان بدەینو لە یەکیان دانەبڕین... لێرەدا هاووڵاتی رۆشنبیرو هۆشیار نابێ چاوەڕوانی پێشکەوتنی کۆمەڵگەکەی بکات تا بگاتە ئەو کاروانگەیە، بەڵکو دەبێ بە بیری بەجێو کارو کرداری سوودبەخشو رێنمایی بڵاوکردنەوە هەڵوێستی ببێ.

گەیشتنە کاروانگەی "خۆو نەتەوەخوازی" خێراو ئاسان نایەتە دی... پەرەسەندن‌و پێشکەوتنی باری ئابووری - کۆمەڵایەتی - رۆشنبیری کوردستانی دەوێ... هەر هاووڵاتییە، کە بۆ خۆی ئازاو رەنجدەر بێ، وای لێ بێ ئەوەندەش بۆ بەرژەوەندی نەتەوەکەی گوردو پەرۆش بێ‌و هاوبەندی بەرژەوەندی خۆی بکات‌و لە یەکیان دانەبڕێ.

گواستنەوەی کورد لە ساویلکەییەوە بۆ خۆخوازی ئەوە ناگەیەنێ، کە بەرماوەو تۆوی ساویلکەیی لە بیرو ژیرییان نەمابێ... خۆخوازی رووت بێ نەتەوەخوازی، واتا کوردێک بەرژەوەندی خۆی بە بەرژەوەندی نەتەوەکەی نەبەستێتەوە، لە ناوەڕۆکدا ساویلکەییە.

"ساویلکەیی"و "خۆخوازی"و "خۆو نەتەوەخوازی" ( self and nation - interest) رێژەیین‌و رەها نین... بیرو رەفتارو هەڵوێستی ئێستای کورد لەچاو پێش هەشتاکانی سەدەی بیستەم، وای دەردەخا، کە ساویلکە زۆر کەمبۆتەوەو نەتەوەکەمان پێی ناوەتە کاروانگەی خۆخوازییەوە... زۆری هەوڵ‌و بایەخیان بۆ خۆیانە... ئەمە ئاساییەو رۆڵانی نەتەوانی پێشکەوتووش ئەوهان، چونکە مرۆڤ بە سروشت بەرژەوەندخوازە... بەڵام رۆڵانی نەتەوەی پێشکەوتوو بەرژەوەندی نەتەوەی خۆشیان دەوێ‌و لە بەرژەوەندی خۆیانی جیا ناکانەوە.

ئەوەی بە توندی خۆی دێنێتە پێش‌و پێویستی ئێستاو ئایندەمانە، کارکردن‌و رەنجدانە بۆ خێراکردنی گەشەو پێگەیشتنی نەتەوەکەمان‌و گواستنەوەی لە "خۆخوازی"یەوە بۆ "خۆو نەتەوەخوازی"... ئەمەش ئەرکی هەموو هاووڵاتییەکی نەتەوەیی‌و دڵسۆزە.

نۆشتنی خۆشی‌و چێژتنی ناخۆشی، ئازادی‌و ژێردەستی، چارەنووس‌و ئایندە، دارایی‌و نەداری، سەیران‌و گەشت‌و زەماوەند، وەی‌و بەسەرهات‌و تەنگانە، ئەمانە

هەموو رۆڵانی نەتەوەیەك دەگرێتەوە... سەروەریو سەربەخۆیی، چەوسانەوەو ژێردەستی تێکڕاو پێکڕایە بۆ گشتیان... هەموویان رۆڵەو پەروەردەی یەك نیشتمانن، هی یەك خاكو ئاوو هەوان... خۆشی بێ هەموویان دەگرێتەوە... ناخۆشیش هەموویان دەپێچێتەوە... یەك چارەنووسو ژیانی هاوبەش وا دەخوازێ، کە بە هۆشیارییەوە روو لە "خۆو نەتەوەخوازی" بکەین.

هەواڵنامەی کتێب

# بەندی پێنجەم

- هۆشیاریی کۆمەڵایەتیمان
- گرنگیی ڕەوشت لە ژیانماندا
- هاوچەشنیی نەتەوایەتیمان
- نەتەوایەتی نەک هۆزایەتی
- هۆکارەکانی یەکنەگرتنی کورد

هەواڵنامەی کتێب

# هۆشیاریی کۆمەڵایەتیمان

هۆشیاری ناسینو زانینە، ئاگاو هەستکردنە، پێزانینو تێگەیشتنە، دانەوەی دەوروبەری کۆمەڵایەتیو سروشتە لە مێشکی مرۆڤدا لە ڕێی هەستەکانیەوە... هۆشیاریی کۆمەڵایەتی زانینو تێگەیشتنە لەبارەی بارو پێکهاتو دیاردەو گیروگرفتو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان... چەند کۆمەڵگە پێشکەوتوو بێو زانینی لەبارەی کۆمەڵانی مرۆڤایەتیو کاروانگەی پەرەسەندنو پێشکەوتنیان ببێ ئەوەندە ڕۆڵەکانی هۆشیاریی کۆمەڵایەتییان دەبێ.

هۆشیاریی کۆمەڵایەتی لە خۆناسینو بەهای خۆزانینەوە دەست پێدەکات... مرۆڤ دەبێ ئەوە بزانێ، کە چەندین مافی سروشتی هەیەو نابێ زەوت بکرێن: مافی ژیان، مافی ئازادی بیرو کار، مافی خوێندن بەزمانی خۆ، مافی هەبوونیو خاوەنێتی، مافی دابینکردنی پێویستی، مافی سەوداو کڕینو فرۆشتن، مافی پراوەکردنی تواناو کارامەیی، مافی گەڕانو گەشت، مافی بڕیاردانی چارەنووسو ئەم شێوانە. ئەم مافانە هەموویان بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ، بۆ دەربڕینی تواناو هێزو وزەی، بۆ کاراییو بەرهەمداریو سوودگەیاندن بە کۆمەڵگە پێویستن.

هۆشیاریی کۆمەڵایەتی ڕێزو بەهانانە لە نەتەوەو نیشتمانی خۆ... کۆششو ڕەنجدانە بۆ پێشخستنو پاراستنو بەرزڕاگرتنی نەتەوە... باوەڕهێنانە کە ژیان هەر خواردنو حەسانەوەو ڕابواردنو زایەند (sex) نییە، بەڵکو بەرهەمداری بیرو کاریشە... دروستکاریو شاکاریو داهێنانە... زانینی مافو ئەرکە لەلایەن هاووڵاتییانەوە... هەستی بەرپرسیاریو هەڵوێستو وەستانە لە ڕووی ناڕێکیو ناکۆکی نێو کۆمەڵگە... دژی چەوساندنەوەو ژێردەستییە... لەگەڵ ڕیکوپێکیو سەروەری یاساو ڕێسایە.

هۆشیاریی کۆمەڵایەتی دانەوەی بوون‌و پێکهات‌و بارو ئاستی کۆمەڵایەتییە لە مێشکی مرۆڤدا... کارو بەرهەمهێنان‌و گۆڕینەوەو دابەشبوون‌و لەکارهێنانی (consumption) شمەك‌و راژە، تاقیکردنەوەو شارەزایی‌و زانیاری وەرگرتن‌و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئەو هۆشیارییە پێکدەهێنن... لایەن‌و بەشەکانی رۆشنبیریش لە بیر، زمان، زانیاری "وێژە، هونەر، زانست، فەلسەفە- دانایی‌زانی"، داب، نەریت، بەهای کۆمەڵایەتی، رەوشت، کەلەپوور، باوەڕو ئاین‌و شێوەی ژیان خۆیان لە هۆشیاریی کۆمەڵایەتی دەدەنەوە... هەر لایەنە کەلێن‌و ئەرك‌و پێویستی کۆمەڵایەتی پڕ دەکاتەوە.

نەبوونی، یان کەمیی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی لە نێو نەتەوەیەکدا لێقەومان‌و دەردێکی گران‌و گەورەیە... هۆشیاریی نەتەوایەتی پتەوو کاریگەر نابێ، ئەگەر هات‌و لەسەر بناخەی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی دانەمەزرابێ‌و لەوەوە پێکنەهاتبێ... رۆڵانی نەتەوەیەك بەهای ژیان نەزانن، رەنجی بۆ نەدەن‌و بەختکردنیان بۆی نەبێ، بەرەو باشی نەیگۆڕن‌و ئازادی‌و سەربەرزی وەدی نەهێنن، هەست بە چەوساندنەوەو ژێردەستی‌و بارخراپی‌و کەم‌وکورتی نەکەن پێگەیشتن‌و گەشانەوەی هۆشیاریی نەتەوایەتییەکەیان ئاسان نابێ... ئەگەر هۆشیاریی کۆمەڵایەتی سەرەتاو بنچینە بێ، هۆشیاریی نەتەوایەتی بەرو ئەنجامێتی... هات‌و یەکەمیان کزو تەسك بێ، دووەمیان نابزوێ‌و بەئاگا نایە.

مێژووی کۆمەڵانی مرۆڤایەتی بۆمان دەردەخات، کە هەر گۆڕان‌و گۆڕینێك لە بارو پێکهاتی ئابووری - کۆمەڵایەتی روویدا بێ، هۆشیاریی کۆمەڵایەتیش پەرەی سەندووەو گۆڕاوە... بیروباوەڕ (ideology)و داب‌و نەریت‌و بەها کۆمەڵایەتییەکان دەستیان بە گۆڕان کردووە. رەوشتی کۆمەڵگە گۆڕاوەو زانیاری پێشکەوتووە... هەروەها لایەنەکانی دی بەو شێوەیە دەگۆڕێن. ژیانی ئابووری بە هەموو لایەن‌و چالاکییەکانی بنچینەو سەرچاوەی هۆشیاریی کۆمەڵایەتییە... بەڵگەش بۆ ئەمە

ئەوەیە، کە مرۆڤ پێش ئەوەی بایەخی بە رۆشنبیری دابێ، هەوڵی سازدانی پێویستییەکانی ژیانی وەك خۆراكو بەرگو کەلوپەلو خانوو داوە... بۆ ئەم مەبەستە کاری کردووەو بەرهەمی بووە. باری ئابووری بنچینەی دامەزراوە (establishments) کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریو رامیارییەکانە... لەگەڵ ئەوەشدا هۆشیاری جۆرە سەربەخۆییەکی لە رەوەنی کردەی دروستکاریو پێشکەوتندا هەیە... هەرچەندە پێشکەوتنو پەرەسەندنی هۆشیاری پێوەندی بە باری ئابووریو کۆمەڵایەتییەوە هەیەو کارتێکەری یەکن، جاری وابووە لەگەڵ یەکدی نەڕۆیشتوون.

وتمان پاش گۆڕانو گۆڕینی باری ئابووری - کۆمەڵایەتی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی پەرەدەستێنێو دەگۆڕێ... چەند پاش ئەوە، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك، لەوانە : ماوەو رادەی مانەوەو خۆڕاگرتنی بیروباوەڕی کۆن، رادەی هەوڵی دەسەڵاتی پێشوو بۆ پاراستنو چەسپاندنی بەرژەوەندیو رامیارییەکەی، چەند لایەنە کۆنەکانی رۆشنبیری لە مێشکی رۆڵانی کۆمەڵگە دەمێننەوە.

هۆشیاریی کۆمەڵایەتی هەردەم دوای پێشکەوتنی بوونو پێکهاتی کۆمەڵگە ناکەوێ، جاری وابووە مرۆڤی بلیمەتو دانای هەڵکەوتوو بەر لە پێشکەوتنی کاروانی پەرەسەندنی کۆمەڵگە بەرنامەو بیردۆزییان داناوە... پێش روودانی گۆڕانی ژیانی کەرەستەیی کۆمەڵگە، نەخشەو ئامانجی دەیان ساڵی پێشکەوتنی داهاتوویان دیاریکردووە... چاكو دروست مەزەنەو هەڵسەنگاندنی ئایندەیان کردووەو بیردۆزییان بۆ پاش سەردەمی خۆیان داڕشتووە.

کۆمەڵانی مرۆڤایەتی، بە تایبەتی لەم سەردەمەدا، لە یەك کاروانگەو ئاستی پێکهاتی ئابووری - کۆمەڵایەتی نین... هەن سەدان ساڵ پێش کۆمەڵانی دی کەوتوون... بەو پێیە هۆشیاریی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگەیانە وەك یەكو لە یەك ئاستدا نین... دەوروبەری سروشت بە رادەی سامانداری سەرچاوە سروشتییەکان لە

لایەکـەوە، بـاری ئـابووری - کۆمەڵایـەتی - رامیـاری - رۆشـنبیری لەگـەڵ کـاراییو چالاکیی رۆڵانی کۆمەڵگەو بەرهەمدارییان لەلایەکی دی، هۆکاری پێکهێنانی جۆری کۆمەڵگەو هۆشیاریی کۆمەڵایەتییەکەیەتی.

کەمایەتییـەکی نەتـەوەی کـورد رۆشـنبیرو هۆشـیارن، زۆرینەکـەی ئاسـتی هۆشیارییان بەگشتیو هۆشیاریی کۆمەڵایەتییان بەرز نییە... بەو پێیە تێگەیشتنو زانینیـان لـەبارەی بـارو پێکهـاتو کاروانگـەو دیـاردەو دامـەزرەو پێوەنـدیو گیروگرفـتو کـۆتو تەگـەرە کۆمەڵایەتییـەکان، کەسـێتی کـوردو لایەنـە چـاکو لاوازەکانیو ئەم بابەتانە کەمو کزن.

هۆشیاریی کۆمەڵایەتیمان دانەوەی بوونو پێکهاتی باری کۆمەڵایەتیمانـە، کـە پێشکەوتووو هاوچەشنی تەواوو پتەو نییە... تا ئیمڕۆ هەندێ هۆزو هۆزگـەری لـە کوردسـتاندا مـاونو لـە بۆتـەی نەتەوایـەتیو شارسـتانێتیدا نەتواونەتـەوە... ژێردەستیو چەوساندنەوە، هۆزگەریو ناوچەگەریو تیرەگەریو بازرگانی کردن بە ئاین لەگەڵ هەژاریو نەخوێندەواریو نەخۆشی تەگـەرەی پێـشکەوتنی کۆمەڵگـەی کوردستانن.

زۆر لـە کـورد مافـە سروشـتییەکانی خۆیـان، کـە نـابێ زەوت بکـرێن نـازانن، لەوان: مافی ژیان، مافی بڕیاردانی چارەنووس، مافی ئازادی...........و تادوایی. ئایا چەند خۆمان دەناسینو بەهای خۆمان دەزانـین ؟!... چـەندمان بـەرگری لـە خـاکی نیـشتمانو نـاوو ئـابووری نەتەوەکـەمان دەکـەینو رەنجـی بـۆ دەدەیـنو پێـشی دەخـەین؟... چـەندمان هەسـت بـە ژێردەسـتیو چەوسـاندنەوەو بارخراپیمـان دەکەین؟...، کە ژێردەستینو کوردستانی نیشتمانمان داگیرکراوە، گـرنگ ئـەوە، کـە سەرجەمی هاووڵاتییانمان خۆیان بە ژێردەست دابنێنو خەباتی رزگاری بکەن.

ئافرەتی كورد هەر لە كۆنەوە، بەتایبەتی لە گوند، شان بەشانی پیاو كاریان كردووەو بەرهەمیان بووە... لە شەستەكانی سەدەی بیستەمەوە بەهۆی خوێندنو فێربوونو زانیاریو پسپۆڕی وەرگرتن، زۆریان لە بواری فێركاریو پەروەردەو نۆشدەریو راژەكانی دی كار دەكەن... ئیمڕۆ ئافرەتی كورد لە شووكردن، هەڵبژاردنو بواری دی رای خۆی هەیە... شیربایی، ژن بە ژنێ، زاوارە، ژن بەسەرهێنان، بەدوكەوتن، سوورانەو ئەم شێوانە، یان نەماون یاخود زۆر كەمبوونە... بەردەوام كار دەكرێو رەنج دەدرێ بۆ ئەوەی ئافرەتی كورد بە تەواوی لە مافو ئەركدا لەگەڵ پیاو یەكسان بێ... ئایا چەند لە ئافرەتی كورد هەست بە ستەمكاری كۆمەڵایەتیو نایەكسانی دەكەنو چەندیان رەنج بۆ نەهێشتنیان دەدەن؟ گرنگ ئەوەیە ئافرەتی كورد ئەوەندە هۆشیاریی كۆمەڵایەتی ببێ هەست بە ستەمی كۆمەڵگەو دواكوتوویی بیروباوەڕی بەشێكی بكات!!

لەگەڵ ئەوەی، كە نەتەوەی كورد خاوەن دابو نەریتو بەهای كۆمەڵایەتی چاكو بەرزە، لەوان : پیاوەتی، راستگۆیی، مرۆڤایەتی، هاریكاری، دڵچاكی، میوانداری، رەندی، ئەمەكداری، چاكەو ئەم شێوانە... هی خراپو دواكەوتووش لە نێو كورددا رەچاو دەكرێن، وەك : تەمەڵی، درۆ، كات بەفیڕۆدان، تۆڵەسەندن، نوشتەو جادووكردن، ئەفسانە، كەڵەكەكردنی كەلوپەل، توندی سۆزی باوەڕو ئاین، كە داگیركەران بۆ مەرامی خۆیان قۆستویانەتەوە !!... ئایا چەند كورد هەست بەو لایەنە خراپانەی دابو نەریتیان دەكەنو رەنج دەدەن نەیانهێڵنو بەرەو چاكتر بیانگۆڕن.

لە رووی باوەڕو ئاینەوە، زۆری كوردی موسڵمان نوێژ بە زمانی عەرەبی دەكەنو زۆر هەڵەی تێدا دەكەنو زۆربەشیان تێی ناگەنو لەبەریان كردووە... بایەخ بە رووالەتو شێوەكانی پەرستن دەدەن، لەجیانی بایەخدان بە گەوهەرەكەی لە خواناسیو رەوشتی بەرزی وەك : راستگۆیی، دەست پاكی، پەیمانو بەڵێن بەجێگەیاندن، دڵسۆزیو رێكوپێكی لە ئەرك، جوانی رەفتار، نیشتمانپەروەری،

دووركەوتنەوە لە ئەفسانەو پیرۆزیدان بە كەسانو گۆڕو دارو دیوارو ئەم بابەتانە... سەدەی بیستەم كۆتایی هاتو مەلایانی كورد تا ئیمڕۆ نەیانتوانی ڕێباوەڕێكی (creed) ئاینی سەربەخۆ دانێن !... دەبوایە دەمێكی زۆر پێش ئێستا بە هەڵبژێرییەكی گوڵبژێری "ڕێباوەڕی خواناسی"یان بە زمانی كوردی دانابا... بانگو دەستنوێژو نوێژو قورئانیان كردبانە كوردی، لە كاتێكدا هیچ دەقێك لە قورئاندا نییە ڕێی ئەمە بگرێ... لێرەدا پێویستە بوترێ، كە هەندێ كەسانو لایەن لە ئێران قورئانیان وەرگێڕاوەتە كوردیو ئەو كۆتەیان شكاندووە !! هەروەها دەبێ "پێوتن"ی "تلقین" سەرگۆڕ بە كوردی بێ بۆ ئەوەی ئامادەبووانی زیندوو پەند لە مردنو ئەنجامی ژیان وەربگرن... پێویستە بەرنامەی خوێندن بۆ پێگەیاندنی مەلا لە كوردستان بگۆردرێ بە شێوەیەك ڕاژەی ڕێبازی خواناسیو زمانو كەلەپووری كوردیو كێشەی نەتەوایەتیمان بكا.

هۆشیاریی كۆمەڵایەتی بنچینەی هۆشیاریی نەتەوایەتیو هۆشیارییەكانی دیكەیە... تا ئەو هۆشیارییە لە نێو كۆمەڵگەكەمان بە چاكیو فراوانی بڵاو نەبێتەوە، ئەوانی دی ناگەشێنەوە... دەبا بۆ خێرا گەشەكردنی بەرنامەمان ببێو ڕەنجی بۆ بدەین... با لە خۆخوازییەوە بۆ خۆو نەتەوەخوازی بگوازینەوە.

# گرنگیی رەوشت لە ژیانماندا

کەسانی ناشارەزا، کە بە تەواوی‌و زانستی لە رەوشت ناگەن، بە هەڵە وادەزانن، کە رەوشت تەنیا لەبارەی زایەندە (sex)، مەردی‌و نامەردی دەگرێتەوە.

کوردستانی ژێردەست‌و دابەشکراومان، سەرەڕای زۆری سامان‌و سەرچاوە سروشتییەکانی، ئابوورییەکەی لەدوایە... باری رامیاریمان خراپەو لە نێو گوشارو شەپۆل‌و چەوسانەوە دایە... داگیرکەرانی کوردستان بەردەوام لە دژمان کار دەکەن‌و پیلان دەگێڕن. نەتەوەی کورد خاوەن قەوارەیەکی رامیاری سەربەخۆی دانپێنراو نییە... سەرباری ئەوانەش رەوشتی کۆمەڵگەکەمان بەرەو خراپ دەڕوا... مێژوو بەزەیی نییەو بڕێنەرەوەیە... ئەو نەتەوەی یارمەتی خۆی نەدا، مێژوو یارمەتی نادا... تا زووە با فریای خۆمان بکەوین‌و بارەکانمان بە گشتی‌و رەوشتمان بە تایبەتی راست بکەینەوە، پێش ئەوەی هەرەس بێنین‌و نەتوانین هەستینەوە !

کێشەی رەوشت زۆر گرنگ‌و کاریگەرەو شایستەی بایەخ‌و مەراق‌و پەرۆشییە... بای پەرۆشیمان بۆ گوزەران‌و ژیان، بۆ چارەنووس‌و ئایندەمان دەبێ گرنگی بدەینە لایەنی رەوشت... لەپێناو بەرژەوەندی نەتەوەکەمان دەبێ رەوشتی بەرز پەیڕەو بکا... رەوشتی بەرز ستوونێکی کاریگەری پێشکەوتنی نەتەوەیە... رەوشتی بەرز مرۆڤایەتی مرۆڤە !... نەتەوە بێ رەوشتی چاك‌و بەرز تێك دەچێ‌و گەندەڵ دەبێ‌و هەرەس دێنێ.

رەوشت لەگەڵ پێکهاتنی کۆمەڵانی مرۆڤایەتی پێکهاتووە... بەهۆی کارو بەرهەمهێنانەوەو لە رێی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە، پێویستی دیاریکردنی

مافو ئەرك، چۆنیەتی سەوداو رەفتارکردن لەگەڵ یەكدی، بەپێی بەرژەوەندو باری کۆمەڵایەتی - رامیاری - رۆشنبیری لایەنە چاكو خراپەکانی رەوشت پێکهاتوون. رەوشت چەسپاو نییەو بە پەرەسەندنو گۆڕانو گۆڕینی پێکهاتی ئابووری - کۆمەڵایەتی دەگۆڕێ !

پێوانەو رێسایەکانی رەوشت لە کۆمەڵانی سەرەتاییدا بە شێوەیەکی گشتی تا رادەیەکی زۆر هاوچەشن بوونو سەرجەمی رۆڵەکانیان پەیرەویان کردووە... بەڵام لە کاروانگەی دواتر لە ئەنجامی پەرەسەندنو پێشکەوتنی باری ئابووری - کۆمەڵایەتی - رۆشنبیری ئەو کۆمەڵانە، هەڵپەی هەبوونیو پێکەوەنانی سەرمایە، دەسەڵاتخوازیو داروخوازیو هەلخوازی (opportunism)، زۆرانو ناکۆکیو نارێکی رەوشتیان گۆڕی... بێگومان چینی دەسەڵاتدار بیروباوەڕو دابو نەریتو بەها کۆمەڵایەتییەکانیو رەوشتی خۆی بەسەر کۆمەڵگە سەپاندووە.

رەوشت تەنیا رێبازو پێوانەو رێسای رەفتاری کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو خووو زەمینەی پێکهاتی بیروباوەڕو دەروونی هاووڵاتییانە... رەوشت لایەنێکی رۆشنبیریی نەتەوایەتییەو کار لە ژیانە کۆمەڵایەتییەکەی دەکات... لە رێی راو هەڵوێستەوە کار لە ئاستو شێوەی گوزەرانو ژیانی ئابووری دەکات... رەوشت راستەخۆ پێوەندی بە رامیارییەوە هەیە... هەر کارو هەڵوێستێکی رامیاری، بە چاك، یان بە خراپ بەهای رەوشتی وەردەگرێ.

رەوشت ئاکاری پەیرەوکردنی بیروباوەڕو بەها کۆمەڵایەتییەکانە... رەفتار هەڵدەسوڕێنێو هەڵوێست دەنوێنێ... رەوشت کارتێکراوی باری ئابووری — کۆمەڵایەتی — رامیاری — رۆشنبیرییە... مرۆڤ بەپێی بەرژەوەندو بیروباوەڕو بەها کۆمەڵایەتییەکانی هەندێ رەوشت بە چاك دادەنێو پەسەندیان دەکات، هەندێکیشیان بە خراپ دەزانێو نایەوێ... بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ، کە رەوشت پێوانەی چاكو خراپی نەبێ.

رەوشت کۆمـەڵێك راو هـەڵسو کـەوتو رەفتـارو هەڵوێـستن... بکـەو مەکـەن، رەواو نارەوان، رێدراوو رێ نەدراون بەپێی بەرژەوەندو بیروباوەڕەوە، بەپێی ئاستی رۆشـنبیریو هۆشـیارییەوە، بـەپێی دابو نـەریتو بـەهای کۆمەڵایـەتی پـەیڕەو دەکرێن. حەزو ویست (will)و باوەڕی هاووڵاتییان رەوشت دیاری دەکەن... رەوشت شێوەی سەوداو رەفتاری کۆمەڵایـەتی رێك دەخـا... راسـتگۆیی، رێکوپێکی، دەسـت پاکی، پیاوەتی، بـەزەیی، خۆشویـستی، بەخـشین، گیـانی یارمـەتی، هاریکـاری، ئـارام، سـەربەرزی، دەروون بـەرزی، مـەردی، دادوەری (justice)و هاوتایـەکانیان شـێوەی چـاکی رەوشـتن... لـە لایـەکی دی درۆ، دووڕوویـی، چـەوتی، پیـسی، گەنـدەڵی، دڕی، خراپـــە، دڕنـــدەیی، رقو قـــین، لەچـــەری (jealousy)، رژدی (stinginess)، خۆپەرسـتی رووت، مەلۆسـی (adulation)، دەروون نزمـی، خۆبـایی، سـتەمکاری، تۆڵـە، نامـەردی، زۆرداری، تـاڵانکردن، زەوتکـردنو ئـەم چەشـنانە لایـەنی خراپـی رەوشتن.

ژیانی کۆمەڵگەیەك چەند ساکارو سروشـتی بـێ ئەوەنـدە رەوشـتی رۆڵـەکانی هاوچەشـنو باشـتر دەبـێ... چـەندیش بـاری ئـابووری - کۆمەڵایـەتی - رۆشـنبیری - رامیاری پەرە بستێنێو پێش بکەوێ ئەوەنـدە رەوشـتیان ئـاڵۆزو هەمـەجۆر دەبـێو لەگـەڵ پێـشکەوتنی ژیـانی کەرەسـتەیی تـەریب نـاڕوا... بەرژەوەنـدخوازی بـەتینتر دەبێو بـە خـراپ کـار لـە توخمـە باشـەکانی رەوشـت لـە راسـتگۆییو دەسـت پـاکیو ئەمەكو پیاوەتیو هاریکاریو هاوچەشـنەکانی دەکـات... هەلـپەی دەسـەڵاتو دراو بەگوڕتر دەبێو رەوشت دوا دەخاو بـەها کۆمەڵایەتییـەکان بـەرەو خـراپ دەگـۆڕێ. بـەڵام سـەرەڕای ئـەو راسـتیانە، وڵاتـە شارسـتانییە دیموکراتـە پێـشکەوتووەکان بـە دەستوورو سەروەری یاسایەکانو پـەیڕەوکردنی دیموکراسـیو رادە دانـان بـۆ مـافو ئەرك، رەواو نارەوا، دروستو نادروست، بەجێو بێجێ، دەسـتورێتیو دارسـتانێتی، یاسایێتیو نایاسایێتیو تـا دوایـی رەوشـتی بـەرزیان پاراسـتووە... بـەو شـێوە کێـشەی لادان لە رەوشتی بەرز چارەکراوە... بەرژەوەندی گـشتیو کۆمـەڵخوازی (altruism)

هەواڵنامەی کتێب

بەسەر خۆخوازیو هەوەسو نارەوەشتی زاڵکراوە... کەچی لە وڵاتی دواکەوتوودا هەوەسو سەرپێچی یاساو دزی داهاتی گشتیو درۆو ستەمو زۆرداریو بێ پێوانەییو بێ نیهادی باون.

زۆربەی هاووڵاتییانی باشووری کوردستان تا سەرەتای حەفتایەکانی سەدەی بیستەم پەیڕەوی رەوشتی چاكو بەرزیان دەكرد... بەڵام بەهۆی چەند هۆکارێکەوە، کە خراپەو کردەوەو نەخشە گڵاوەکانی دەسەڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان لە سەرووییانە، رەوشت لە هەشتایەکانی سەدەی بیستەم بەرەو نزمی رۆیی... لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین، کە دیاردەی خراپبوونی رەوشت هەموو جیهانی گرتۆتەوە بەهۆی هەڵپەی دراو پەیداکاری... هۆکاری ئابووریو گرانیو ناکۆکیو جەنگ بە خراپ کاریان کردە رەوشتی هاووڵاتییانمان.

لە هەشتایەکانی سەدەی بیستەم دەسەڵاتی بەعسی داگیرکەر بە روخاندنی هەزاران گوندو دەیان شارچەی باشووری کوردستانو ئاوارەکردنی نزیکەی دوو ملیۆنو کوشتنی سەدان هەزار کورد، زۆری کوردیان لە کارو بەرهەمهێنان خستو کرانە "لەکارهێنی رووت" (pure consumer)... نیشتەجێکردنی کوردە ئاوارەکان لە گوندە کۆکراوگە زۆرەملییەکانی بەعس، کە لە راستیدا بەندیخانەی گەورە بوونو بە دڕکەزیو سەنگەری دوژمن گەمارۆ درابوونو کشتوکاڵو ئاژەڵدارییان لێ قەدەغەکرابوون، زۆر بە خراپ کاری کردە رەوشتی زۆریان... هەندێ لەو کوردە راگوێزراوانە لە شەرم بەخۆییو پشت بە خۆبەستنو چاوتێریو دەروون بەرزییەوە کرانە بێ چاوڕووو تەمابەرو دەست پانکەرەوەو چاوبرسی !!... بۆ بەخێوکردنی ماڵو منداڵیان ناچارکران رێبازی خراپ بگرنە بەر، کە پێشتر نەیاندەکردن... بەعسی داگیرکەر رەوشتی هەندێکیانی تێکدا.

پێوەندیی کۆمەڵایەتی کوردی ئاوارە تێکدراو لە یەکدی دابڕێنران... ئومێدو خۆشیو گەشی دەروونیان کز کران. دەسەڵاتی داگیرکەر بەهای کۆمەڵایەتی نزمی

سەپاند، گەندەڵی بڵاوکردەوە، جڵەوی گوزەران‌و ژیان لە دەستیان سەندرا، هەرەسی بە ئابووری کوردستان هێنا، دەروون بەرزی‌و رەوشتی چاك وەك جاران نەما.

ناکۆکی‌و شەڕە ناوخۆییەکانیش بە زۆر شێوە زیانی لە نەتەوەی کورد دا... دەسەڵاتی بەشە ئازادەکەی باشووری کوردستان لەتکرا... کاروانی رزگارکردنی کوردستانی دواخست... بێجگە لە زیانی گیانی‌و ماڵی زۆر، بەخراپ کاری کردە باری کۆمەڵایەتی‌و رەوشتی کورد.

رزگاربوون لە ژێردەستی‌و چەوساندنەوەو بێبەشی، دەستەبەرکردنی ئازادی‌و ماف، دابینکردنی گوزەران‌و ژیانی شایستە بۆ هاووڵاتییانمان، پەیڕەوکردنی دادوەری‌و سەروەری یاسا، بوونی پێوانەو تەرازووو مەرج، یەکبوونی دەسەڵات‌و دروشم‌و دەنگ، نەهێشتنی سەرپێچی‌و خراپە، پەروەردەی چاك‌و راگەیاندنی بە کەڵك، بەخۆداچوونەوە، چەسپاندنی بەهای کۆمەڵایەتی‌و رەوشتی بەرز، گواستنەوە لە خۆخوازییەوە بۆ "خۆو نەتەوەخوازی" رێبازو شێوازی دروستن بۆ دەربازکردنی نەتەوەکەمان لە زەنکاوی بەدڕەفتاری‌و رەوشتی خراپ.

رەوشتی بەرز رێی یەکگرتن‌و وڵاتپارێزی خۆش دەکات... ئەرك بەجێگەیاندن بە رێکوپێکی‌و ماف وەدەستهێنان‌و پاراستنی نیشانەی رەوشتی بەرزە... رەوشت بەرزی خۆ نەدۆڕاندنە، مرۆڤایەتی‌و بەرزی بەهای ژیانە... شارستانێتی‌و رۆشنبیری پێشکەوتوو بێ رەوشتی بەرز دانامەزرێ... نزمی رەوشت نیشانەی گەندەڵی‌و سەرەتای کەوتنە !

دەبا فریای خۆمان بکەوین‌و لەپێناو پاراستن‌و بەرزکردنەوەی رەوشتمان کار بکەین‌و بەخۆمانا بچینەوە.

# هاوچەشنی نەتەوایەتیمان

"نەتەوایەتی" داکەوت (reality)و پێکهاتێکی کۆمەڵایەتییە، هەستو بیروباوەڕو بزاڤیشە، هۆکاری کۆمەڵایەتی –جوگرافی - مێژوویی پێکیانهێناوە... نەتەوایەتی ژیانو گوزەرانو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی رۆڵانی نەتەوەیەکە، کە نیشتمانو زمانو ئابووریو رۆشنبیریو مێژووو پێکهاتی دەروونی هاوبەش هاوبەندی کردوون... بەرژەوەندو چارەنووس، خۆشیو ناخۆشی، رابردووو رانەبردو ئایندەیان یەکیانی خستووە... نەتەوایەتی هەستکردنە بەو داکەوتەو باوەڕهێنانە، کە ژیانیان، شکۆو سەربەرزیو ئازادییان، مافو ئەرکیان لەبارەی خۆو هاووڵاتییانیان بەیەکەوەن... نەتەوایەتی بیرو رەنجو بزاڤیشە لەپێناو ئاواتو ئامانجی نەتەوە... رزگارکردنیتی لە چەوسانەوەو بێبەشیو دواکەوتن... کارو خەباتە بۆ ئازادیو کامەرانی پێشکەوتنی نەتەوە.

هەرچی "هاوچەشنی"یە وەك یەکی دەگەیەنێ... لە بواری نەتەوایەتیدا، مەبەستمان لە هاوچەشنی رێکوپێکی پێکهاتی کۆمەڵایەتی نەتەوەیە... هاوهەستیو هاوبیروباوەڕیانە لەبارەی ئاواتو ئامانجیان... بەدەمەوەهاتنی (response) رۆڵانی نەتەوەیە بۆ هاوژیانو چارەنووسو ئایندەیان... هاوئاستی هۆشیارییانە لەبارەی خواستو حەزو هەڵبژاردنی شێوەی ژیانیان، لەبارەی رادەی وەدەستهێنانو پاراستنی مافو بەرژەوەندیان.

رادەی رێکیو پتەوی هاوچەشنی نەتەوایەتی نەتەوان وەك یەك نین... چەند نەتەوەیەك لە رووی شارستانێتیو رۆشنبیرییەوە پێشکەوتوو بێ، ئەوەندە هاوچەشنییە نەتەوایەتییەکەی رێكو پتەو دەبێ... چەندیش لەو مەیدانەدا دواکەوتوو بێ، ئەوەندە هاوچەشنییە نەتەوایەتییەکەی ناڕێكو فشۆڵ دەبێ... بۆ

نموونە هاوچەشنی نەتەوایەتی نەتەوانی ئەوڕوپا زۆر لەوانی نەتەوانی ئەفریکاو ئاسیاو ئەمریکای باشوور ڕێکترو پتەوترە !

ڕێکیو پتەوی، یان ناڕێکیو فشۆڵی هاوچەشنی نەتەوایەتی نەتەوەیەك بۆ هۆکاری مێژوویی، ئابووری، رامیاری، رۆشنبیریو جوگرافی دەگەڕێتەوە... ئەگەر هاتو ئەو لایەنانەی نەتەوەیەك پێشکەوتوو و ئەرێیی (positive) بن، بە چاك کار لە پتەوی هاوچەشنی نەتەوایەتییەکەی دەکەن... بە پێچەوانەی ئەوە، بێتو لەو رووانەوە خراپ بیٚو تەگەرە بن، دەبنە هۆی ناڕێکیو فشۆڵی هاوچەشنییە نەتەوایەتییەکەی.

لە رووی مێژووییەوە. زۆر لایەن کاریان کردۆتە هاوچەشنی نەتەوایەتی نەتەوەیەك، لەوان: رەوەنو کاروانگەی (stage) پێکهاتی ئابووری - کۆمەڵایەتییەکەیو رادەی پەرەسەندنی لە مێژوودا، زووو درەنگی سەربەخۆبوونی، یان کەمیو زۆری ماوەی ژێردەستی، رادەی بلاوبوونەوەی زانیاری لە نێو نەتەوەیەکدا، رادەی پێشکەوتنی نەتەوەیەك لە مەیدانی شارستانێتیدا بە درێژایی مێژووەکەی.

ئەو نەتەوەی کە پێکهاتی ئابووری - کۆمەڵایەتییەکەی زووتر گەشەی کردبیٚو پێشکەوتبیٚ، گاڤی خێراترو زۆرتری نابیٚ، هاوچەشنییە نەتەوایەتییەکەی ڕێکترو پتەوترە لە نەتەوەیەکی دی، کە لەم رووەوە لە دواتربیٚ... بۆ نموونە ئەو نەتەوانەی، کە پێشتر لە دەرەبەگایەتییەوە گواستویانەتەوە سەرمایەداری، پێکهاتو هاوچەشنییە نەتەوایەتییەکەیان ریكو پێکترە لەو نەتەوانەی، کە پەرەسەندیان لە دواترە. لە لایەکی دی ئەو نەتەوەی، کە بە درێژایی مێژووی، یان بەشی زۆری مێژووی سەربەخۆ بووبێت، دەسەڵاتو ریبەری وڵاتەکەی لە دەست رۆڵانی دڵسۆزی خۆی بوو بن، بە چاك کاری کردۆتە هاوچەشنی نەتەوایەتییەکەی... چەندیش نەتەوەیەك ژێردەستی چێژتبیٚو لەوەش خراپتر وڵاتەکەی دابەش کرابیٚ، ئەوەندە

بە خراپ کاری کردۆتە هاوچەشنی نەتەوایەتییەکەی... نەتەوەیەك لە مێژوودا پێوەندی بازرگانی زۆری لەگەڵ نەتەوانی دی بووبێ، پتر لە مەیدانی شارستانێتیو رۆشنبیری پێشکەوتووەو هاوچەشنی نەتەوایەتییەکەشی خێراترو زۆرتر پێگەیشتووە.

ئابووری وڵاتێك چەند بۆ ماوەیەکی زۆر ئابوورییەکی سروشتی مابێتەوە. تەنیا کشتوکاڵیو ئاژەڵداری بووبێ، ناوچەکانی بەپیتو زۆرئاوو "بای خۆ" ( self - sufficient) بێو پێویستییان بە یەکدی نەبووبێ، چالاکییە ئابوورییەکانیان هاوبەندو پشت بەستی یەکدی نەبووبن، گوزەرانو ژیانیان، بەرژەوەندو پێوەندیی کۆمەڵایەتییەکانیان پەرشو لە یەك دابڕاو بوونو خراپ کاریان کردۆتە هاوچەشنی نەتەوایەتییەکەی. لەلایەکی دی دەرەبەگو سەرەك هۆزی ئەو جۆرە وڵاتە بۆ پاراستنی سنووری دەسەڵاتو بەرژەوەندیان، سەرباری نەزانیو دواکەوتوویيان، ئەوەندە بواری هاتوچووو تێکەڵیو سەوداو کڕینو فرۆشتنو گۆڕینی شوێنی دانیشتووانی دەرەبەگایەتییەکانیان نەدابێ هاوچەشنی نەتەوایەتییەکەی کزکردووەو دوایخستووە... پێچەوانەی ئەوانەش، چەند ناوچەکانی وڵاتێك لە رووی ئابوورییەوە بۆ دابینکردنی پێویستییە کەرەستەییەکانی ژیانو گوزەرانیان، پێویستییان بە بەرهەمو شمەكو هاوکاری یەکدی بێ، هاتوچووو تێکەڵیو گۆڕینەوەیان نەك هەر شمەکی کەرەستەیی دەبێ، بەڵکو لایەنەکانی کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریی نەتەوایەتیش دەگرێتەوە... ئەمانە هۆکاری سەرەکی یەکخستنی پێکهاتی دەروونیو پتەوکردنی هاوچەشنی نەتەوایەتییە. لەلایەکی دی جیاوازی زۆری نێوان ژیانو ئاستی شارو گوندی وڵاتێك هاوچەشنییە نەتەوایەتییەکەی کز دەکات... ئەم هاوچەشنییە لە باری ئەوهادا لە نێو شارییەکانی بەتینتر دەبێ لەوەی نێو گوندییەکانی.

باری جوگرافی وڵاتێك، سروشتی زەوییەکەی، کەمو زۆر، کاردەکاتە رادەی هاوچەشنی نەتەوایەتی نەتەوەیەك... ئەو وڵاتەی رووبەرەکەی فراوان بێ، ئاستی

ڕۆشنبیری‌و هۆشیاری نەتەوەکەشی نزم بێ، ڕێگەو هۆیەکانی گواستنەوەو پێوەندی کەم‌و دواکەوتوو بن، سەوداو تێکەڵی ڕۆڵانی ناوچەکانی لەگەڵ یەکدی زۆر نەبێ، هاوچەشنییە نەتەوایەتییەکەی لاواز دەبێ... چەندیش وڵاتێك ڕووبەرەکەی تەسك بێ‌و شارو گوندەکانی نزیك یەك بن هاوچەشنییە نەتەوایەتییەکەی پتەو دەبێ... لەلایەکی دیکەوە ئەو وڵاتەی دەشتایی بێ، تەگەرەی سروشتی وەك زریزە چیاو دەریاچەو زێی نەبێ، یان کەم بێ، هاوچەشنییە نەتەوایەتییەکەی ڕێك دەبێ... چەندیش وڵاتێك سەخت بێ‌و ناوچەکانی بە تەگەرەی سروشتی لە یەکدی دابڕابن، بە خراپ کاردەکاتە سەر هاوچەشنییەکەی... ئەمە بەتایبەتی لە سەردەمی کۆن، کە ڕێگەو پردو هۆیەکانی گواستنەوەو پێوەندی‌و ڕاگەیاندن نەبوون، یان خراپ‌و دواکەوتووو لەسەرخۆ بوون وا بووە.

ئەو وڵاتەی، کە ڕێگەو پردو هۆیەکانی گواستنەوەو پێوەندی‌و ڕاگەیاندنی چاك‌و خێرا بن‌و هەموو ناوچەکانی بگرنەوە، ڕۆڵانی نەتەوەکەی لە هەر لایەکی بەیەکەوە هاوبەند دەبن... بیر‌و ڕەفتار‌و هەڵوێستیان وەك یەك، یان نزیك یەکدی دەبن، هەست‌و خواست‌و ئاواتیان بەیەکەوە دەلکێن، هاوچەشنی نەتەوایەتییان پتەو دەبێ.

لە مەیدانی ڕۆشنبیریدا، لە ڕووی ئاستی زانیاری‌و ڕادەی هۆشیاری، جیاوازی زۆر لە نێو دانیشتووانی ناوچەکانی وڵاتێکی دواکەوتوو، بەتایبەتی لە نێو شاری‌و گوندییەکانیدا هەیە... ئەم جیاوازییە بە خراپ کار لە هاوچەشنی نەتەوایەتی نەتەوەکە دەکات. چەند نەتەوەیەك لە مەیدانی ڕۆشنبیری پێشکەوتوو بێ هاوچەشنییە نەتەوایەتییەکەی پتەو دەبێ... بە پێچەوانەی ئەمەش فشۆڵ دەبێ.

ئەو نەتەوەی ماوەیەکی زۆر ژێردەستە بێ‌و وڵاتەکەی دابەشکرابێ، ڕۆشنبیریی داگیرکەر، کەم‌و زۆر، کار لە ڕۆشنبیرییەکەی دەکات... ئەم ژێردەستەییە هاوچەشنی نەتەوایەتی نەتەوەی ژێردەست لاواز دەکات، بە تایبەتی ئەگەر هات‌و

رۆشنبیری دەسەڵاتی داگیرکەر لە رۆشنبیری نەتەوەی ژێردەست بەرزترو پێشکەوتووتر بێ... داگیرکەر هەردەم هەوڵی سەپاندنی رۆشنبیری خۆی، بەتایبەتی زمانەکەی، بەسەر نەتەوەی ژێردەست دەدا... ئەمە بێجگە لە بێبەشکردنی نەتەوەی ژێردەست لە زانستو پیشەسازیزانی (technology) پێشکەوتووو بەکارهێنانی درۆو فێڵو خەڵەتاندنو گرتنو کوشتنو داپڵۆساندنو تالانکردنو گەندەڵکردنو کووکە نانەوە دژی رۆڵەکانی.

هاوچەشنی هەستو بیر، یەکبوونی ئاواتو ئامانج، رێکیو کۆکی رەفتارو هەڵوێستی رۆڵانی نەتەوەیەك پێویستو بنچینەییە بۆ پتەوی یەکیەتی نەتەوایەتی... هەرچەندە پەروەردەو فێرکردنو ئاراستە کاری خۆیان دەکەن، بەڵام نەتەوەیەك پێ نەگاو پێش نەکەوێ، هۆزگەریو تیرەگەریو ناوچەگەریو بازرگانی ئاین بە تەواوی لە بۆتەی نەتەوایەتی نەتوێنەوە، ئاستی رۆشنبیریو رادەی هۆشیاری رۆڵانی بەرز نەبنەوە، هاوچەشنی نەتەوایەتییەکەی رێکوپێكو پتەو نابێ.

لەگەڵ ئەوەی، کە نەتەوەی کورد سەدان ساڵ لە مێژوودا راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ ژێردەستی بیانی بووە... لە سەدانی شانزەدەم - بیستەمدا ژێردەستی تورکە عوسمانییەکانو فارسە سەفەوییەکان بووە، لەپاش یەکەم جەنگی جیهانی (١٩١٤ - ١٩١٨) بریتانیاو هاوپەیمانەکانی کوردستانیان کردە پێنج بەشو نەتەوەی کورد راستەوخۆ کەوتە ژێردەستی تورکو فارسو عەرەب... لەبەر ئەوەی رۆشنبیریی نەتەوایەتی ئەو نەتەوانە لە رۆشنبیریی نەتەوایەتی کورد بەرزتر نین، نەیان توانیەوە بەسەری زاڵ بن... بەڵام زۆر مانەوەی کوردستان بە ژێردەستیو دابەشکراوی بەخراپ کاری لە هاوچەشنییە نەتەوایەتییەکەی کردووە.

درەنگ دروستکردنی خوێندنگەی هاوسەردەم لە کوردستان، سەپاندنی زمانەکانی داگیرکەران، تورکیو فارسیو عەرەبی، وەك زمانی خوێندنو رێبەری

هەواڵنامەی کتێب

(administration)و دادو بارزگانی بەسەر نەتەوەی کورد زیانی بە هاوچەشنییە نەتەوایەتییەکەی گەیاندووە... لەلایەکی دی سەپاندنی ڕێباوەڕی (creed) سوننی بەسەر کوردی باکوورو باشوورو خوۆرئاواو کوردی خۆرهەلاتی کوردستانو ڕێباوەڕی شیعیش بەسەر کوردی باشووری خۆرهەلاتەکەی زیانیان لە پتەوی هاوچەشنییە نەتەوایەتییەکەی داوە... ئێستاشی لەگەڵ بێ شیعەگەری لای زۆری کوردی شیعە بەهۆی نزمی ئاستی ڕۆشنبیریو هۆشیارییان لە کوردایەتییان زاڵترە !

چەند ڕۆشنبیری لە ناوچەکانی کوردستان پێش بکەوێ، ئاستی هۆشیاری دانیشتووانیان بەرز بێتەوە، ئەوەندە هاوچەشنی نەتەوایەتی کورد ڕێکوپێکتر دەبێت... زمان، کە مەرجێکی بوونی نەوایەتییەو بەشێکی گرنگی ڕۆشنبیریی نەتەوایەتییە پێویستە راژە بکرێتو بایەخی زۆری بدرێتێ... کاربکرێت بۆ تێکەڵکردنو نزیك کردنەوەی شێوازە کوردییەکان بەتایبەتی شێوەزاری کرمانجی باکوورو شێوەزاری (dialect) کرمانجی ناوەند، کە بوونەتە زمانی وێژەیی... بەهۆی ئەوەی زۆری کورد بە شێوەزاری کرمانجی باکوور دەدوێن دەبێت پتر سوود لە وشەو زاراوەکانی وەربگیرێت... کام وشەو زاراوەی شێوەزارێکی کوردی باشترو کورتترو خۆشتر بێ ئەوە بەکاربهێنرێ... بۆ نموونە وشەی بزاڤ، گاڤ، نوچە، کە هی شێوەزاری کرمانجی باکوورن لە وشەی بزووتنەوە، هەنگاو، دەنگوباسی شێوەزاری کرمانجی ناوەند باشترو کورتترو خۆشترن... ئەمانە لە پاڵ زۆر وشەی دیکەی باکووری وەك : مرۆڤ، تاڤگە، ئاڤان، ڤیان، ئەڤین، ژووان، پەیڤین، هێژا، هاڤرکێ، ژێ تادوایی بەکاریان بهێنن بە مەبەست تێکەڵکردنو نزیك کردنەوەو کەمکردنەوەی جیاوازی شێوەزارە کوردییەکان... بۆ ڕاژەکردنی یەك زمانی وێژەییمان چەند بکرێ ئەو وشانە بەکاربهێنین، کە پیتی "ڤ"و "ژ"، یان هەن لەبەر دوو هۆ : یەکەمیان دەنگەکانیان خۆشو مۆسیقین، دووەمیان وشەکانی باکوور ئەو پیتانەیان زۆرە.

ئەوەی راژەی رۆشنبیریی نەتەوایەتیو یەکبوونی پێکهاتی دەروونیمان بکا، زۆر تێکەڵی رۆڵانی ناوچەکانی کوردستانە بە زۆر شێوە، لەوان : زۆرکردنی چالاکی بازاڕکاری کڕینو فرۆشتن لە نێویاندا، پەرەپێدانی هاتوچووو گەشتو گوزار بۆ ناوچەکانی یەکدی، سازدانی ئاهەنگو کۆڕی رۆشنبیریو هاڤرکێی وەرزشی لە نێو هاووڵاتییانی ناوچەکانی، پترکردنی خزمایەتی بە هاوسەری (marriage) لە نێو دانیشتووانی ناوچەکانی... ئەمانەو هاوجۆرەکانیان هاوبەندی (correlation) کورد بەتین دەکەن.

پەروەردەو فێرکردنو ئاراستە بۆ پێگەیاندنی رۆڵانی نەتەوە کاری خۆیان دەکەن... هۆشیاریو هاوچەشنی نەتەوایەتی بە رۆشنبیریی نەتەوایەتی پتەو دەکرێن... ئەوها بکرێ، کە سەرجەمی هاووڵاتییان بەهاو گرنگی ئازادیو خۆشی بزانن... لە هەمان کاتدا هەست بە چێژتنی ئازارو چەوسانەوەو ناخۆشی هاووڵاتییانیان بکەن... نیشتمان لایان بەرزو پیرۆز بێو رەنجی بۆ بدەنو کاری بۆ بکەنو بەختکردنیان بێ بۆی... هاووڵاتییان ئەو راستییە بزانن، کە بەهاو رێزی کەسێتییان بە بەهاو بەرزی کەسێتی نەتەوەکەیانەوە هاوبەندە... فێربکرێن لە ئەرکیان رێکوپێك بنو بۆ مافەکانیشیان خێراو وێرا بن... لە خۆخوازییەوە بۆ "خۆو نەتەوەخوازی" بگوازینەوە.

ئەوەی لە دەستمان دێ بیکەین لەپێناو یەکیەتیو پتەوکردنی هاوچەشنی نەتەوایەتیمان چاك پەروەردەکردنی منداڵەکانمانە بە کوردایەتییەکی پوختو رۆشنبیریی نەتەوایەتی... ئەوەی پێمان دەکرێ بڵاوکردنەوەی هۆشیارییەو وریاکردنەوەی نوستووانە... رووناك کردنەوەی مێشکی تاریك بیرانە... نزیك کردنەوەی بیروباوەڕە جیاوازەکانە لە کوردایەتی.

# نەتەوایەتی نەک هۆزایەتی

- هۆزگەری کاروانگەیەکی دواکەوتووی پێش نەتەوایەتییە
- ناوچەگەری تەگەرەی نیشتمانپەروەرییە

لە سەردەمی کۆندا ژمارەی دانیشتووانی وڵاتێك زۆر کەم بووە... لە سەرەتادا مرۆڤ هۆبە هۆبە پەرش‌و بڵاو ژیاون... ژیانیان ساکار بووەو بە شێوەی "کۆمەڵەیتی سەرەتایی" (primitive communism) ژیاون... ئابووری سروشتی‌و سەرەتایی بووە... نەخوێندەواری‌و ئەفسانەو دواکەوتن‌و هەژاری‌و نەخۆشی باو بوون... دەسەڵات لە دەست سەرەك خێڵ‌و ئاخوند بووە.

لەم سەردەمەدا کۆمەڵگەو ژیانی کۆمەڵایەتی فراوان‌و ئاڵۆز بووە... باری ئابووری - کۆمەڵایەتی - رامیاری - رۆشنبیری پەرەیان سەندووەو پێشکەوتوون... زۆر لە کۆمەڵانی مرۆڤایەتی لە ئابووری سروشتییەوە گواستویانەتەوە ئابووری بازرگانی —دارایی - راژەکاری - پیشەسازی - کشتوکاڵی پێشکەوتوو... لە هۆزی - ئابووری سروشتی بۆ نەتەوایەتی - شارستانێتی - ئابووری پێشکەوتوو... لە رۆشنبیرییەکی سەرەتایی دواکەوتوو بۆ رۆشنبیرییەکی تەواوو ئاست بەرز... لە دروستکاری ساکار بە دارو گڵ‌و کەرەستەی سەرەتایی بۆ ئاوەدانکردنەوە بە نەخشەو ئەندازیاری‌و ئامێرو بگێڕی کانزایی‌و پیشەسازیزانی (technology)و کەرەستەی دروستکاری پێشکەوتوو.

چەند هۆکارێك کۆمەڵانی مرۆڤایەتی پێکهێناوە... جیاوازی جۆرو ئاستی ئەو هۆکارانە، جیاوازی دەوروبەری سروشتی‌و کۆمەڵایەتی، کۆمەڵگەی جیاوازی پێکهێناوە... دەوروبەری سروشتی نەتەوان لە رووی خاك‌و ئاوو هەواو گەرمی‌و

ساردیو ساماندای کانزاو سەرچاوە سروشتییەکان وەك یەك نین... بێجگە لەوانە، نەتەوان هەموویان وەك یەك تووشی داگیرکردنو شاڵاوی دوژمنو دراوسێی درِو خراپو دواکەوتوو نەهاتوون... وەك یەك لەلایەن بیانییەوە بەربەرەکانی نەکراونو کۆتو تەگەرەی پێشکەوتنیان بۆ دروست نەکراوەو دابەش نەکراون.

کۆمەڵانی مرۆڤایەتی لەم سەردەمەدا لە یەك کاروانگەی پێکهاتی ئابووری - کۆمەڵایەتی نین... هەن سەدان ساڵ پێش کۆمەڵگەکانی دی کەوتوون. دەوروبەری سروشتی، خاکی بەپیتو ئاوو هەوای ساز، سامانی کشتوکاڵو کانزاو سەرچاوە سروشتییەکان، هەندو جۆری بەرهەمهێنانو چالاکی بازرگانی، سەربەخۆییو دەسەڵاتی نیشتمانی دڵسۆزو رۆشنبیری پێشکەوتوو بەشداری گەورە لە پێشخستنی شارستانێتیو کۆمەڵگە دەکەن !

پێکهاتی کۆمەڵایەتی نەتەوەی کورد لەم سەردەمەدا بەم شێوەیە : سەرجەمی کۆمەڵگەی کوردستان پوخت شارستانی نییە، بەڵکو کۆمەڵگەیەکی شارستانی - هۆزییە... هەرچەندە زۆری هۆزەکانی لە بۆتەی نەتەوایەتیو شارستانێتی تواونەتەوە، بەشێکی وەك هۆز ماوەتەوە... ئەو هۆزە کوردستانییانەی، کە تا ئێستا بە تەواوی نەتواونەتەوە، بە پەرەسەندنو پێشکەوتنی شارستانێتیو رۆشنبیری لە ناوچەکانیاندا بەرەو هەڵوەشان دەچن. ژمارەی ئەو هۆزانەی، کە لە باشووری کوردستان نەتواونەتەوە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن... پتەویو هاوبەندی جارانیان نەماوەو وردە وردە بە بڵاوبوونەوەی خوێندەواریو زانیاریو کردنەوەی رێگەو دروستکردنی پردو گەیاندنی پێوەندیو بەکارهێنانی هۆیەکانی گواستنەوەو سازدانی راژەکانی دی بۆ ناوچەکانیانو دامەزراندنی رۆڵەکانیان بە فێرکارو نۆشدەرو کشتوکاڵیو ئەندازیارو کارمەندی دی، ئەوسا تەزووی شارستانێتیو نەتەوایەتی دەیانپێچێتەوە.

سەرەك هۆزو دەرەبەگی کورد، کە سەدان ساڵ چینی دەسەڵاتدار بوون،

بـەهۆی نەخوێنـدەواریو دواکـەوتنی زۆربـەیان، نـەك هـەر نـەیانزانیوە ڕاژەی نەتـەوەی کـورد بکـەنو کوردسـتانی نیـشتمانیان پێـشخەن، بـەڵکو وەك پێویـستو شایـستەی ژیـانی شارسـتانیو پێـشکەوتوو ڕاژەی خۆشـیان نـەکردووە... تەنانـەت هەندێکیان لەبەر گەمژەییو ساویلکەییو نەزانی، نۆکەرو دارەدەستی داگیرکـەرانی کوردسـتان بـوون، وەرزێـرو جووتیـاری کوردیـان چەوسـاندۆتەوەو کردویاننەتـە سوتەمەنی جەنگەکانی کاربەدەستانیان... لەلایـەکی دی نـاکۆکیو شـەڕەکانی نێـو خۆیان باری کوردی دواکەوتووترو ئاڵۆزترو گرانتر دەکرد.

شارو شارستانێتی، نەتەوەو نەتەوایەتی تا دامەزراونو پێکهاتوونو گەشـەیان کـردووەو گەشاونەتەوە بـە چـەندین سـەردەمو کاروانگـە (stage) تێپـەڕیون... لـە هۆبـە هۆبــەوە بــۆ خێــڵو هــۆز پێکــەوەنان... لــە نیمــچە کۆچــەرییەوە بــۆ نیـشتەجێبوون... وردە وردە گونـد گـەورە بـوونو هەنـدێکیان بـە فراوانبوونیـان بازاڕو پیشەو کاریان لێ پەیدابوونو بوونەتە شارچە (town)... هەندێ شارچـەش لە ئەنجامی گەورەبوونو پێشکەوتن بوونەتە شار (city).

کاروانگـــەی شارســـتانێتیو نەتەوایـــەتی، کاروانگەیـــەکی پێـــشکەوتووی پەرەسەندنی مرۆڤایەتییە... هەرچی هۆزگەرییە کاروانگەیەکی دواکـەوتووی پـێش شارستانێتیو نەتەوایەتییـە... لەگـەڵ ئـەم ڕاستییەشـدا هـاوولاتی ئـەوتۆمان هەیـە بەهۆی دواکـەوتنو نـەزانی شـانازی بـەوە دەکـات، کـە هۆزگـەرە (tribal). ئەوانـەی کۆتو تەگەرەن لە ڕێی شارستانێتیو نەتەوایەتیو پێشکەوتن ئەمانـەن : هۆزگەری، ناوچەگەری، تیرەگەری، بازرگانی ئاین، نەخوێندەواری، هەژاری، نەخۆشی، گەندەڵی (corruption)، تەمەڵیو هاوشێوەکانیان.

شارگەریو ناوچەگەری کاروانگەیـەکی دواکـەوتووی پـێش نیـشتمانپەروەریو نەتەوایەتییــە... هــاوولاتی خۆخــوازی ئــەوتۆ هەیــە بــەهۆی بیرتەسـکیو ئاسـۆ تەنگییەوە شـارگەری، یـان ناوچـەگەری دەکـات، کـە زیـان بـە نەتـەوەو نەتەوایـەتی

دەگەیەنێ... لەلایەکی دی تیرەگەری (sectarianism)، کە لە نێو کورددا شێوەی توندڕەوی وەرنەگرتووە، تەسکی بیروباوەڕ دەردەخاو تەگەرەی یەکبوونی کوردە لە رووی بیری نەتەوەییو یەکبوونو رێکخستنی ریزەکانی... جۆرە دابڕانێکی هاووڵاتییانە لە یەکدی بەهۆی جیاوازی رێباوەڕەوە، کە زیان لە نەتەوایەتییەکەیان دەدا. لە رووی باوەڕەوە نەتەوەی کورد موسڵمانو ئێزدانیو مەسیحی هەن... موسڵمانەکانی سوننیو شیعەن... هاووڵاتی خوێندەوارو تێگەیشتووی کورد بایەخ بەو جیاوازییە ناداو جیاوازی لە نێو هاووڵاتییانمان ناکا... ئەو ناوچانەی کوردستان، کە ئاستی رۆشنبیریو هۆشیارییان بەرز نەبن، بە خراپ کاری کردۆتە رەوەنی بزاڤی رزگارکردنی کوردستان... بۆ نموونە شیعەگەری، لە کرمانشاو ئیلامو لووڕستانو دەرسیمو شوێنی دی، کەمو زۆر، هاووڵاتی ساویلکەو ناهۆشیاری لە کوردایەتی دوورخستۆتەوەو تیرەگەرییەکەی زاڵترەو تەگەرەی یەکگرتنی سەرجەمی کوردە... هەر بۆیەش دەبینین کوردایەتی وەك پێویست لەو ناوچانە پەرەی نەسەندووە... شیعێتییان بەسەر کوردایەتییان زاڵە ! چەند ئاستی رۆشنبیری نەتەوەیەك بەرز بێو رۆڵەکانی هۆشیار بن، ئەوەندە کاریگەری جیاوازی باوەڕو رێباوەڕ (creed) کەمو تەسك دەبێ.

بازرگانیکردن بە ئاینو بەدواکەوتنی بیانی تەگەرەی شارستانێتیو نەتەوایەتییەو بەشێکی نەتەوە دادەبڕێ... ئەم بازرگانیکردنە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی –باوەڕی توێژێکی تەمبەڵو تەڵەکەبازو درۆزنی کۆمەڵگەیە، کە زیان بە نەتەوە دەگەیەنێ.

گەلانی سەرەتایی توند پابەندو ملکەچی هۆزەکانی خۆیانن، نەك هی سەرجەمی نەتەوەکەیان... لە سەردەمی پێش زاییندا، دانیشتووانی شاری ئەثیناو سپارتای یۆنان، بۆ نموونە، ملکەچو دڵسۆزی دەسەڵاتی شارەکانیان بوون... لە وڵاتی دی لەو رۆژگارانەدا، دانیشتووان ملکەچی شاو میرەکانیان بوون... بۆ نموونە رۆمانەکان بۆ کیسرایەکانیان... فرەنسایەکان لە سەدەی شانزدەم ملکەچی شا

شارلی پێنجەم (١٣٦٤ - ١٣٨٠) بوون... لە راستیدا پێش سەدەی هەژدەم هەستی نەتەوایەتی دیارو جیا دەرنەکەوتو باو نەبوو... کەسان ملکەچی بەیەکداچووو تێکەڵیان بووە... ملکەچی ئاینو دەرەبەگو کەنیسە بوون... کەمینەیەکی ئەوروپاییەکان، بەتایبەت فرەنسایی و ئەڵمانو ئینگلیز، نەتەوەو نەتەوایەتییان زانیوەو پابەندی بوون... کەسێکی وەك "جان دارك"ی فرەنسایی (١٤١٢ - ١٤٣١)، کە ئافرەتێکی مەسیحی شاپەروەر بوو، خەباتی گەڕاندنەوەی شا شارلی حەوتەمی (١٤٣٣ - ١٤٦١) بۆ سەر تەخت دەکرد نەك بۆ نەتەوەو نەتەوایەتی... نیشتمانپەروەری و نەتەوەیی پاش سەدەی هەژدەم پەیدابوو.

نەتەوە پێکهاتێکی کۆمەڵایەتی - جوگرافی - مێژووی - رۆشنبیری – دەروونییە... هاونیشتمانی، هاوڕۆشنبیری بەتایبەت یەك زمانی، هاوبەرژەوەندو هاوچارەنووسی، هاومێژوویی و هاوپێکهاتی دەروونی هاوبەش رۆڵانی نەتەوە یەك دەخەنو نەتەوایەتییان پێك دەهێننو لە نەتەوانی دی جیایان دەکاتەوە. نەتەوایەتی دڵسۆزی و هاوبەندییە بە سەرجەمی نەتەوە، نەك بە توێژێکی، یان بە چینێکی یاخود بە بەشێکی وەك هۆز، یان بە ناوچەیەکی نیشتمان، هاوبەندییە بە گشت نیشتمان. نەتەوەو نەتەوایەتی بەری کەڵەکەبوونو پەرەسەندنو پتەوبوونی توخمەکانی پێکهێنانی نەتەوەیە، کە هەزاران ساڵی خایاندووە.

راپەڕینە (renaissance) مەزنەکەی سەدەی شانزدەمی ئەوروپا، کە سەرەتا لە ئیتاڵیا دەستی پێکرد، رۆشنبیرەکانی بەشدارییەکی چاکیان لە رەوەنی پەرەسەندنو پێشکەوتنی کۆمەڵانی مرۆڤایەتی کرد... بوو بە هۆی گەشانەوەو دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی... لە ئیتاڵیا کەسانی وەك "دانتی" (١٢٦٥ - ١٣٢١)و "پترارك" (١٣٠٤ - ١٣٧٤) بایەخیان بە نیشتمانپەروەری دەدا.

لە سەرەتای سەدەی چواردەمدا "ڕۆبەرت گلۆستەر"ی ئینگلیز لەبارەی وڵاتەکەی وتوویەتی : "وڵاتێکە دڵخۆش دەکاتو خۆشترین وڵاتی جیهانە"... "شا

هێنـــری حەوتـــەم"ی ئینگلتـــەڕا (١٤٨٥ - ١٥٠٩) ناوەنـــدێتی بـــەهێزکردو یاســـای نەتەوایەتی دانا... لە ئسپانیا "جوان دی ماریانـا" (١٥٣٦ - ١٦٢٤) یەکـەم مێژووی ئسپانیای بە زمانی ئسپانی دانا... لە کۆتایی سەدەی شانزدەم "لادی بەزایل"ی جوو دووسـاڵ پـێش شۆڕشـی ١٤ی تـەمووزی ١٧٨٩ی فرەنـسا لـەبارەی "مـافی دیـاریکردنی چارەنووس" نووسیوەتی‌و دەڵێ :"هـەموو گـەلێك سروشـت‌و مۆرك‌و هێزی خۆی هەیە، کە تێیدا دەژی، مافی هەڵبژاردنی خوای خۆشی هەیە"[1*].

لە ئینگلتەرا شۆڕشی "کرۆمویل ئۆلیڤـەر" (١٥٩٩ - ١٦٥٨) لـە داسـتانێکیدا بـە نـاوی "گـەلی هەڵبـژاردە" هەنـدێ تـوخمی مـۆرکی نەتەوایـەتی تێدایـە. وشـەی "نیشتمانپەروەر" دەستی کـردە دەرکـەوتن، مەبەسـت ئـەو کەسـەیە، کـە نیـشتمانی خۆی خۆش بوێ‌و خـۆی بـۆ تـەرخان بکـات... بـە واتایـەکی دی راژەی بەرژەوەنـدی گشتی بکات.

هەواڵنامەی کتێب

"فیختـە"ی بیرمەنـدی نەتـەوەیی ئـەڵمان (١٧٦٢ - ١٨١٤) لـە ئاخاوتنێکیـدا بـۆ نەتەوەکەی لە ساڵی ١٨٠٧دا وتوویەتی : "هـاووڵاتی لـە سـەربەخۆیی نەتەوەکەیـەوە نەمری خۆی دەبینێ"[2*].

یۆنانییـەکان لـە سـاڵی ١٨٠٠دا "کۆمـەڵی دۆسـتانی یۆنـان"یـان بـۆ دەرکردنـی تورکەکان پێکیهێنا... هەر ئەندامێکی ئـەو کۆمەڵە ئـەم سوێندەی دەخـوارد : "بـە توندی قینم لەوانە دەبێتەوە، کە ستەمیان لە وڵاتەکەم کردووە... هەموو رێبازێك دەگرم بۆ ئەوەی زیانیان لێ بدەم... سوێند دەخۆم لەپێناویدا خۆم بـەخت بکـەم... بیرو بیرکردنەوەم لای نیشتمانم بێ... خۆشی نەتەوەکەم پاداشتی رەنجەکانمە"[3*]... سـروودی "گاریبالـد"ی ئیتـالی (١٨٠٧ - ١٨٨٢) لـەپێناو یەکیـەتی وڵاتەکـەی سکاڵا لـە

---

[1*] بۆید شیڤەر القومیه نیویورك لاپەڕە ٢٣٢

[2*] بۆید شیڤەر القومیه نیویورك لاپەڕە ٢١٦

[3*] بۆید شیڤەر القومیه نیویورك لاپەڕە ٤١٧

ستەم دەکاتو دەڵێ : "مێژوو ریسوای کردووین چونکە دابەشبووین... دەبا لەسەر هیوای هاوبەشمان یەکبگرین"[4*].

زمان، کە مەرجێکی بوونی نەتەوەیەو بەشێکی گرنگی رۆشنبیریی نەتەوایەتییەو لایەنێکی سەرەکی جیاکردنەوەی نەتەوانە لە یەکدی، ئەوڕوپاییەکان زووتر بایەخیان بە زمانی نەتەوایەتیو پێشخستنی داوە... لە ساڵی ١٤٥٠دا خوێندن بە ئینگلیزی لەجێی زمانی لاتینیو فەڕەنسی لە ئینگلتەڕا دەستی پێکرد، لە ساڵی ١٥٣٩دا لە فڕەنسا بڕیاردرا، کە زمانی فەڕەنسی لە جێی زمانی لاتینی بکرێتە زمانی وڵاتەکە[5*].

لە سەدەی شانزدەو حەڤدەمدا گەلانی ئەوروپا دەستیان کردە بەکارهێنانی زمانی نەتەوەیی خۆیانو زمانی لاتینی لە کەنیسە مایەوە... لە ساڵی ١٦٩٤دا ئەکادیمیای فڕەنسا یەکەم فەرهەنگی زمانی فەڕەنسی دانا، کە نیشانەیەکی گەشەی هەستی نەتەوایەتی بوو[6*].

ئینگلیز درەنگتر لە فڕەنساییەکان دەستیان دایە بەکارهێنانی زمانی نەتەوەیی خۆیان لە نووسیندا... شێوەزاری هەرێمی ناوەندی خۆرهەڵات، کە ناوچەی ئۆکسفۆردو کامبریجو لەندەن دەگرێتەوە بوو بە زمانی وێژەیی ئینگلیز... فەڕەنسیو لاتینی وردە وردە ئاوابوون. لە ساڵی ١٣٨٨دا بۆ یەکەم جار "ویکلف" لەگەڵ کەسانی دی مێژووی سەردەمی کۆنی وەرگێڕایە زمانی ئینگلیزی... لەو ماوەیەشدا دەستکرا بە خوێندنی زمانی ئینگلیزیو دەست لە فەڕەنسی هەڵگیرا.[7*]

---

[4*] بۆید شیڤەر القومیە نیویورک لاپەڕە ٤١٦
[5*] بۆید شیڤەر القومیە نیویورک لاپەڕە ٢٠٩
[6*] بۆید شیڤەر القومیە نیویورک لاپەڕە ٢١١
[7*] بۆید شیڤەر القومیە نیویورک لاپەڕە ٢٠٩

زمـانی هاوبـەش، زمـانی وێـژەیی، هاوبەندییـەکی بـەتینی ژیـانی کۆمەڵایـەتی نەتەوەیە.

مـرۆڤ، کە لـە دایك دەبێ نەتـەوەیی نییـە، واتـا هۆشیاری رەچـەڵەکی نییـە بـەڵکو پەیـداکراوە... پەیـداکردنی هۆشـیاریی نەتەوایـەتی بـەهۆی بڵاوبوونـەوەی رۆشـنبیری‌و پێـشکەوتنی شارسـتانێتی بـووە. نەتـەوەو نەتەوایـەتی شـێوەی بـاوی رێکخستنی کۆمەڵگەیە لـە سـەردەمی نوێدا، چونکە رۆشنبیری ژیـانی کۆمەڵایـەتی نەتەوەی زۆر لە ژیانی خێزان‌و هۆز بەرزترو گەورەتر کردووە.

نووسـینەکانی "جـان جـاك رۆسـۆ" (١٧١٥ - ١٧٧٨) نموونـەی ئـەو نووسـینانە بوون، کە هەسـتی نەتـەوەییان لـە نێو گـەلانی ئـەورووپا بڵاوکـردەوە... پەلـەیان لـە رووداني شۆڕشـی فەرەنـساو سـەرهەڵدانی نـاپلیۆن کـرد... بزاڤـی رۆشـنبیریی نەتەوایەتی‌و راپەڕینەکانی، گۆڕانی گرنگی لە بواری بیردا هێنایە کایەوە، لەوان :

١. پتربوونی هۆشیاری وەك پێویستییەکی یەکبوونی نەتەوە.
٢. هەڵوەشانی دەرەبەگایەتی‌و کزبوونی ناوچەگەری‌و هۆزگەری.
٣. پێویستی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی.
٤. دانەوەی زمان‌و کەلەپوور لە رۆشنبیریی نەتەوایەتیدا

پەرەسـەندن‌و پێـشکەوتنی بـاری ئـابووری - کۆمەڵایـەتی‌و پێگەیـشتنی سەرمایەداری کۆتی دەرەبەگایەتی‌و چێوە تەسکە ناوچەییەکەی‌و هۆزگەری شکاندو بـیرو ئاسۆی مرۆڤـی کـشاند تـا وای لێهـات سـەرجەمی نەتـەوەو هـەموو لایـەکانی نیشتمانی گرتەوە. سروشتی سەرمایەداری پێویستی بە ئازادی کارو بەرهەمهێنانـە، پێویـستی بـە گـشت بازاڕەکـانی نیـشتمان‌و بـازاڕی دەرەوەش هەیـە... لـە چێوەی دەرەبەگایەتییـەك، یـان ناوچـەیەکی بـچووکی هۆزێـك نامێنێتـەوە... سـەرمایەداری پێویـستی بـە گـشت کـارو رەنـج‌و هاریکـاری هـەموو هاووڵاتییـانی وڵات هەیـە... سەرمایەداری لە هۆکارە سەرەکییەکانی هەڵوەشاندنی دەرەبەگایەتی‌و هۆزگەرییە...

هەروەها بوو بەهۆی نەهێشتنی زاڵی پەرستگەو پیاوانی ئاین بەسەر کاروبارو دەسەڵاتی رامیاری... نیمچە دەوڵەمەندو رۆشنبیران پشتیوانییان لە دەوڵەتی نەتەوەییو ئازادی بازاڕ کرد... دڵسۆزی بۆ دەسەڵاتی نەتەوەیی بە نیشتمانپەروەری دانرا.

هاووڵاتییان بەهۆی نەتەوەو ڕێبازی نەتەوایەتی شاکاریو داهێنانیان دەبێ... هەست بە هاوبەندی بە نەتەوەو ئاواتو ئایندە دەکەن... بگرە بەهۆیەوە لە ناخی خۆیاندا هەست بە نەمری دەکەن... هاووڵاتییان بەهۆی نەتەوایەتییەوە وەك براو خوشك لەپێناو وەدیهێنانی ژیانێکی شایستەو سەربەرزو کامەران دەتوانن رێزو پایەو ناوبانگو هێز وەدەست بهێنن... هەروەها بەهۆیەوە بەوپەڕی جۆشو گوڕو دڵسۆزییەوە خەباتی رزگارکردنی نیشتمانو دروستکردنیو بەرگری لێکردنی دەکەن.

هەواڵنامەی کتێب

یەکخستنی نەتەوەو نیشتمان لە دەوڵەتێکی سەروەردا، بەهێزکردنو پێشخستنی نەتەوەو شکۆدارکردنی، بوار بۆ راژەکردنو وەدیهێنانی سەربەرزی بۆ هاووڵاتییان پێك دەهێنن... هەروەها دەبنە ئامانج بۆیو لەپێناویدا دەژیو دەمری... ئەو ئامانجانە بۆ مرۆڤ مانو نەمرییە !... نەتەوەپەروەری هەستی بەرز لە گیاندا دەڕوێنێو وا لە کەسان دەکات خۆیان لە سەرووی مرۆڤی ئاسایی دابنێن... نەتەوەپەروەری ترس نازانیو مردن بە بەرگریکردن لە نیشتمانو ئازادی نەتەوە بە سەربەرزیو نەمری دادەنێ.

چەند بڵاوبوونەوەی خوێندەواریو زانیاری هەموو ناوچەکانی کوردستان بگرێتەوە، هۆیەکانی راگەیاندنو پێوەندی بگاتێ، رێگەو پردیان بۆ بکرێ، راژەکانی فێرکاریو نۆشدەریو رێبەری (administration)و گواستنەوەو ئەوانی دی بۆ دابین بکرێن، پیشە وپیشەسازیو بازرگانیو دروستکاریو کشتوکاڵیان ببن، رۆڵەکانیان دامەزرێن ئەوەندە خێراترو زووتر ئەو هۆزانەی ماون لە بۆتەی

نەتەوایـەتیو شارسـتانێی دەتوێنـەوەو هاوچەشـنی نەتەوایـەتیمان پتـەتر دەبـێ... ئەوسا ئەو هۆزگەرانەی، کە ماون دەبنە نەتەوەییو شارستانێتی... لەجیاتی ئەوەی پابەندو ملکەچی هۆز بن، دڵسۆزو ملکەچی سەرجەمی نەتەوەکەیان دەبن.

مرۆڤ بۆی هەیە شانازی بە پێشکەوتنی نەتەوەکەیەوە بکات لـە رووی ئـەوەی چەند لە مەیدانی شارستانێتیو رۆشنبیری گاڤی ناوەو راژەی مرۆڤایەتی کردووە... شـانازی بـەوە بکاتـچەند هاووڵاتییـانی بەرهـەمهێنو کارامـەو کـاران... نـەك بـەوە بنازێ رۆڵەی هۆزێکە، کە دەمێکە سـەردەمی بەسەرچووەو نیـشانەی دواکـەوتنو جێمانـە لـە کـاروانی پەرەسـەندنو پێـشکەوتن... هـاووڵاتی دەبـێ بـۆ سـەرجەمی نەتەوەکـەی کـار بکاتنـەك بـۆ بەشـێکی بـچووکی، کـە بـە دابـڕاوی شـتێکی ئـەوتۆ وەدەست ناهێنێ شایەنی بـاس بـێ... کوردی هۆشـیارو شارسـتانی نیـشتمانپەروەرو وڵاتپارێز دەبێ، نەك ناوچەگەرو شارگەر... نەتەوەیی دەبێ نەك هۆزگەر.

دڵسۆزیو پابەندبوونو ملکەچی بۆ نەتـەوە نـەك بـۆ هـۆز... بـۆ سـەرجەمی نیشتمان نەك بۆ ناوچەو شارێکی.

هەواڵنامەی کتێب

# هۆکارەکانی یەکنەگرتنی کورد

رەوشی هەر سەردەمێ گواستنەوەو کشانو گەوی سەردەمی پێشتری خۆیەتی... بێ لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەو شیکردنەوەی سەردەمی رابردوو بە چاکیو دروستی لە سەردەمی خۆمان ناگەین... رابردوومان رابردووی ئێستامانەو لێی دانابڕێ... رابردووو رانەبردو ئایندەمان لە یەکدی دانەبڕاون، چونکە رەوتی ژیان یەکەیەکی لە یەك بەستراوە... رابردوومان کاری کردۆتە باری رانەبردوومانو بەشداری پێکهێنانی ئایندەمان دەکات... بۆیە بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە هەندێ لایەنی مێژوویی بدەم، کە پێوەندییان بەم بابەتەوە هەیە.

زۆربەی یەکخستنی نەتەوانو ناوچەکانی نیشتمان لە سەردەمانی پێشوو تا نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بە هێزو خەباتی چەکداری کراون... نموونەی ئەو جۆرە یەکخستنانە، کە بە توانای سەربازیو رێبەری کراون ئەمانەن :

- ئیڤانی سێیەم (١٤٦٢ - ١٥٠٥) روسیای پاش ٢٤٠ساڵ لە ژێردەستی مەغۆلەکان رزگارکردو ناوچەکانی یەکخست.
- جۆرج واشنتن (١٧٣٢ - ١٧٩٩) لە ساڵی ١٧٨٧دا هەرێمەکانی باکوورو باشووری وڵاتەکەی یەکخستو "هەرێمە یەکگرتووەکانی ئەمریکا"ی (U.S.A) دامەزراند.
- بسمارك (١٨١٥ - ١٨٩٨) ئەڵمانیای یەکخست.
- هۆشی مینە (١٨٩٠ - ١٩٦٩) ڤێتنامی لە ژێردەستی فرەنساو ئەمریکا رزگارکردو باکوورو باشووری یەکخست.

پاش روخاندنی دەوڵەتی مادی کورد لە ساڵی ٥٥٠ی پێش زایین لە لایەن ئەخمینییەکانەوە، کوردستانو نەتەوەی کورد یەکخستنو یەکگرتنی بەخۆیەوە

نەدیوە... لە رابردووی نزیکی نێوان سەدەی نۆیەم‌و سەدەی نۆزدەیەم نەتەوەی کورد چەند میرنشینییەکی بووە، کە زۆریان هاوکاری‌و هاریکاری‌و هەوڵی یەکگرتنیان نەبووە... عوسمانی‌و سەفەوییەکانیش ناو بە ناو پەلاماری ئەو میرنشینییانەیان دراوە...، کە میرنشینییەکی کوردی پەلامار داوە، ئەوانی دی نەك هەر تەماشەکەرو بێ هەڵوێست وەستاون، بەڵکو جار بووە بەهۆی نزمی ئاستی رۆشنبیری‌و هۆشیارییان یارمەتی داگیرکەرە بیانییەکەیان داوە... نموونەی میرنشینییە کوردییەکانی ئەو ماوەیە ئەمانەن : میرنشینی روادی، دۆستەکی، لووڕی گەورە، لووڕی بچووك، بتلیس، ئەردەڵان، جزیرە، بادینان، موکری، بابان، سۆران‌و هتد.

میرنشینییەکی وەك " میرنشینی بۆتان"ی بەدرخان پاشای ساڵانی ١٨٤٣ - ١٨٤٨ لێ دەرچێ، کە سەربەخۆیی کوردستانی راگەیاند، زۆربەی ئەو میرنشینییە کوردییانە تەنیا کارو بایەخیان بۆ ناوچەی خۆیان بوو نەك بۆ سەرجەمی کوردستان... هۆزگەری‌و ناوچەگەرییان دەکردو بەرنامەیان یەکخستنی ناوچەکانی کوردستان نەبووە.

کتێبخانەی کورد

سەرەك هۆزو دەرەبەگانی کورد، کە سەدان ساڵ تا پەنجاکانی سەدەی بیستەم لە کوردستان دەسەڵاتدار بوون، هەر یەکەیان بە جیاو بۆ بەرژەوەندی تەسکی خۆی کاری بۆ پاراستنی سنووری خۆی کردووە... بەهۆی ئەوەی، کە زۆریان نەخوێندەوار بوون، ئاستی هۆشیارییان نزم بووە، بۆیە نەتەوەیی بیریان نەکردۆتەوەو بۆ گشت نەتەوەی کوردو کوردستان رەنجیان نەداوە... هیچیان خۆی لە سەرەك هۆزو دەرەبەگی کوردی دی بە کەمتر نەزانیوە... بۆ یەکدی دانەبەزیون‌و یەکێ لە خۆیان بە سەردار دابنێن... هۆزگەری‌و دەرەبەگایەتی دیموکراسی‌و دەنگدان‌و هەڵبژاردنی نەزانیوەو پێی پەروەردە نەبوون. بەڵکو دەسەڵاتیان لە باوك‌و باپیرانەوە بۆ ماوەتەوەو وا رۆیشتووە.

هۆزەکانی عەرەبو تورکو فارس لەوانەی کورد دواکەوتووترو نەخوێندەوارتر بوون، بەڵام لەبەر وشکانیو نەهاتیو کەم ئاوی وڵاتە بنەچەکەیان، بۆ تاڵانیو دەسکەوتو زەوتکردنو داگیرکردنی خاکی نەتەوانی دی یەکیان دەگرت... پێویستی ژیانو گوزەران ئەوهای کردووە بە کۆمەڵ پەلاماری وڵاتان بدەن... هەرچی کورد بووە بەهۆی بەپیتی خاکی کوردستان هەر ناوچەیەکی ئابووری سروشتی، کشتوکاڵو ئاژەڵداری، "بای خۆی" (self - sufficient) بووەو چاویان لە پەلاماردانو داگیرکردنی خاکی نەتەوەی دی نەبووەو بە ژیانی خۆیان قایل بوون... لەلایەکی دی ئاستی رۆشنبیریو هۆشیاری زۆریان ئەوەندە نەبووە، کە نەتەوەیی بیر بکەنەوەو بۆ هەموو کوردستان کار بکەنو رەنجی بۆ بدەن.

نەبوونی یەکگرتنو هاوکاریو هاریکاری لە نێو زۆر لە میرو سەرەك هۆزانی کورد، رێی بە داگیرکەرانو هێرشبەرانی بیانی دەدا، کە ناوچە بە ناوچە پەلاماری کوردستان بدەنو وردە وردە داگیری بکەن... لە سەدەی حەوتەمدا خێڵە کۆچەرە عەرەبەکان لەژێر پەردەی ئاینەوەو پاش ئەوانیش خێڵە کۆچەرە تورکەکان لە سەدەی یانزدەیەمەوە تا سەدەی سێنزەیەمو سەدانی داهاتوو بەو شێوەیە گوندو شارۆچکەو شارەکانی کوردستانیان داگیرکردووە.

کوردستان بەپێی شوێنەکەیەوە ناوەندی دەوڵەتو هێزە گەورەکان بووە... هەر لە کۆنەوە مەیدانی پێکدادانی لە شکرە بیانییەکان بووە... بەر هێرشەکانیان کەتووەو وێرانو تاڵان کراوە، بەشی زۆری کەلەپووری رۆشنبیریو شارستانێتییەکەی لەناوبراوە... بەشێکی کوردستان، یان هەمووی ناو بە ناو بووەتە بەشێکی ئیمپراتۆرێتی ئەخمینی، یۆنان، ساسان، رۆمان، ئەمەوی، عەبباسی، عوسمانیو سەفەوی... هێرشو پەلامارەکانیان، وێرانکاریو تاڵانکردنەکانیان بوارو ماوەی نەداوە، کە پێ بگاتو بگەشێتەوەو زەمینە خۆش بێ بۆ هەندێ سەرداری کورد بتوانن ناوچەکانی کوردستان یەك بخەن. لێرەدا ئاماژە بە هەندێ لەو هێرشو پەلامارانەی داگیرکەران بۆ سەر کوردستان دەدەم :

- ئاشوورییەکان لە سەدەی حەوتەمی پێش زایین.
- ئەخمینییەکان لە سەدەی شەشەمی پێش زایین.
- ئەخمینیو یۆنانییەکان لە سەدەی پێنجەمو چوارەمی پێش زایین.
- ڕۆمانەکانو ساسانییەکان لە سەدەی سییەمو حەوتەمدا
- خێڵە کۆچەرە عەرەبەکان سالآنی ٦٣٤ - ٦٥٠
- خێڵە کۆچەرە ئەمەوییەکان سالآنی ٦٦٣ - ٦٧٨
- خێڵە حەمدانییە عەرەبییە دواکەوتووەکان سالآنی ٨٩٠ - ٩١٠
- خێڵە تورکە سەلجوقیو تورکمانە کۆچەرە دواکەوتووەکان لە سەدانی یانزدەم - سێنزدەمدا
- مەغۆلە کۆچەرەکان لە سەدەی سێنزدەمو پانزدەمدا
- تورکە عوسمانییەکانو فارسە سەفەوییەکان لە سەدەی شانزدەمو حەڤدەمدا
- عوسمانیو فارسو رووس لە سەدەی هەژدەمو نۆزدەمدا
- بەعس لە ساڵی ١٩٦٣، ١٩٦٨ — ١٩٧٠و ١٩٧٥ تا ١٩٩١ لە باشووری کوردستان
- تورکە داگیرکەرە ڕەگەزپەرستەکان لە ساڵی ١٩٢٥ تا ئێستا لە باکووری کوردستان
- فارسەکان لە پاش یەکەم جەنگی جیهانی تا ئێستا لە خۆرهەڵاتی کوردستان
- دەسەڵاتی عەرەبی سوریا لە پەنجایەکانی سەدەی بیستەم تا ئێستا

لە سەدە دواییەکانو تا یەکەم نیوەی سەدەی بیستەم، هەرکاتێ داگیرکەرانو هێزەکانی بیانی پەلاماری ناوچەیەکی کوردستانیان دابێ، کوردی ناوچەکانی دی وەك پێویست فریای برایانی ستەملێکراوی خۆیان نەکەوتوون... لەوەش خراپتر هەندێ لە سەرانی کورد هاوکاری داگیرکەریان کردووەو سەرکەوتنو شکۆیان بۆ وەدەستهێناوە... هەر ئەو جۆرە سەرانەی کورد بوون، کە "سەلیم یاوز"ی سوڵتانی عوسمانییان لە ساڵی ١٥١٤دا بەسەر "شا ئیسماعیل سەفەوی"، یان سەرخست...

عوسمانییەكان وەك پاداشت بۆ كورد "حەكیم ئیدریسی بەتلیسی"، یان كردە میری میران‌و فەرمانی پێكهێنانی میرنشینییە كوردییەكانیان بەو سپارد... حەكیم باج‌و سەربازی لەسەر هۆزەكانی كورد هەڵگرت بە مەرجێ هەركاتەی بۆ جەنگ بانگكران ئامادە بن !!

كە دەڵێم یەكنەگرتنی كورد، مەبەست سەردارو دەسەڵاتدارانی كوردە... لەم سەردەمەدا مەبەستمان هەندێ لە سەرانی رێكخراوە كوردستانییەكانە... ئەگینا زۆرینەی كورد هاوسۆزو هاودەردو هاوبیری یەكدین. باشە، كە زۆر لە سەرەك هۆزو دەرەبەگانی كورد لەبەر نزمی ئاستی رۆشنبیری‌و هۆشیارییان هۆزگەری‌و ناوچەگەری‌و تیرەگەرییان كردووە، خۆخواز بوون‌و بۆ یەكدی دانەبەزیون‌و یەكیان نەگرتووە، ئەی لەم سەردەمەدا، كە خوێندەواری بڵاوەو ئاستی رۆشنبیری‌و هۆشیاری كورد وەك جاران نەماوە، رێكخراوی رامیاری كوردستانی هەن، هۆیەكانی گواستنەوەو پێوەندی‌و راگەیاندن سازدراوو پێشكەوتوون، دەبێ هۆكارەكانی یەكنەگرتنی كورد چی بن ؟!... لێرەدا زۆر بە كورتی‌و چڕی هۆكارەكان دەخەمەڕوو :

١. <u>هۆكاری جوگرافی</u>: كوردستان وەك شوێن باش هەڵنەكەوتووەو بە نەتەوانی داگیركەری دواكەوتوو گەمارۆ دراوە... كوردستان پاش یەكەم جەنگی جیهانی دابەشكراو خرایە ژێردەستی گەلانی تورك‌و فارس‌و عەرەب... لەلایەكی دی هیچ لایەكی كوردستان لەسەر دەریا نییە بۆ ئەوەی بۆ جیهان كراوە بێ‌و بواری پێوەندی‌و هاتوچووو هاوردن‌و ناردنی ببێ... بێجگە لەوانەش سەختی خاكی كوردستان‌و دابڕانی ناوچەكانی بە تەگەرەی سروشتی وەك زریزە چیاو زێی بێ پردو دەریاچەی بێ هۆی گواستنەوەو بەفرو سەهۆڵی زۆری زستانی... ئەمانە بەتایبەتی لە سەردەمی پێشوو تەگەرەی لە یەك دابڕاندنی كوردی ناوچەكانی كوردستان بوون.

٢. <u>هۆکاری مێژوویی</u>: پەلامارو هێرشی داگیرکەران بەسەر کوردستان نەك هەر وێرانکاریو تالانیو لەناوبردنی کوردو تێکدانی شارستانێتی کوردستانو دواخستنی رۆشنبیرییە نەتەوایەتییەکەی لێکەوتۆتەوە، بەڵکو تەگەرەی پێگەیشتنو گەشانەوەو یەکگرتنی ناوچەکانی کوردستان بوون... لە هەموو داگیرکردنەکان خراپتر ئەوانەی خێڵە کۆچەرە عەرەبەکانی سەدەی حەوتەم بوو، کە بە ناوی ئاینەوە کران... لە پاش ئەوانیش ئەوانەی خێڵە کۆچەرە تورکەکان بوو لە سەدانی، یانزدەم – سێنزدەم... لە سەدەی شانزدەمیش پەلامارەکانی فارسەکان، کە بەشێکی کوردستانیان داگیرکرد بەشێکی کوردیان لەناوداو بەشێکیشیان ئاوارەکردن... خراپترینیان ئەو ستەمە مێژووییە گەورەیە بوو، کە بریتانیاو هاوپەیمانەکانی پاش یەکەم جەنگی جیهانی دژی ویستی نەتەوەی کورد کوردستانیان کردە پێنج بەشی ژێردەست... هەرچی بەسەر کورد هاتووە لەوساوە تا ئێستاو رزگاری، لە کۆکوژی، ئاوارەو دەربەدەرکردن، وێرانی، تالانی، هەژاری، نەخۆشی، نەخوێندەواری، داپلۆساندن، ئەشکەنجەو ئەم شێوانە ئەنجامی ئەو ستەمە گەورەیەیە، کە ئینگلتەرا لە نەتەوەی کوردی کردو پێی دەنالێنێو کوردستانیان کردە وڵاتێکی ژێردەستی دەوڵەتان... کورد نابێ ستەمی لە بیر بچێ.

هەواڵنامەی کتێب

٣. <u>هۆکاری ئابووری</u>: بەهۆی ئەوەی کە وڵاتی کوردستان بەپیتو زۆرئاوو فراوانەو ژمارەی دانیشتووانی لە چاو رووبەرەکەی کەمە، هەر ناوچەیەکی ئابوورییەکی سروشتی "کشتوکاڵو ئاژەڵداری" "بای خۆ"ی بووە... ئەمە وای کردووە، کە ناوچەکانی پێویستییان بە یەکدی نەبێ !... زۆرداری زۆربەی میرو سەرەك هۆزو دەرەبەگانی کورد، کارو هەوڵیان پاراستنی ناوچەی خۆیان بووەو ناوچەگەرییان

کردووە... زۆریان هاوکارییان لەگەڵ یەکدی نەبووە ! ئابووری سروشتی کوردستان زۆری خایاندووەو تا یەکەم نیوەی سەدەی بیستەم درێژەی بووە... بازرگانیو پێگەیشتنی سەرمایەداری درەنگ لە کوردستاندا دەستی پێکردو پێکهات... ئەمەش بەخۆی هۆیەکی درەنگ پێگەیشتنو گەشانەوەی بیرو بزاڤی نەتەوایەتی بووە لە کوردستان.

لایەنێکی ئابووری دارایىو دراو دەرکردنە، کە زۆر کاریگەرە لە دەست هەر دەسەڵاتێ بێ بەهۆیەوە تا رادەیەکی باش بەسەر دانیشتووان زاڵ دەبێ... داگیرکەرانی کوردستان بە زەبری دراوو باج سەپاندنو گومرگ بەسەر کوردستان زاڵ بوونو هەردەم دەستیان خستۆتە قورگی نەتەوەی کورد... بەهۆی دراوەوە کاریان کردۆتە زۆر لە سەرەك هۆزو دەرەبەگو کارمەندانی کوردو کراونەتە داردەست.

٤. <u>هۆکاری کۆمەڵایەتی:</u> بەهۆی زۆر مانەوەی دەرەبەگایەتیو هۆزگەریو درەنگ پێگەیشتنی سەرمایەداری لە کوردستاندا، کە تا سەرەتای دووەم نیوەی سەدەی بیستەمی خایاند. پێکهاتنی کۆمەڵایەتی نەتەوەی کورد هۆزی – شارستانییەو هاوچەشنییە نەتەوایەتییەکەی پتەو نییە... سەرجەمی نەتەوەی کورد لە بۆتەی نەتەوایەتیو شارستانێتی بە تەواوی نەتواوەتەوە... تا ئێستا بەرماوەی دابو نەریتو بەهای کۆمەڵایەتی هۆزگەریو دەرەبەگایەتی وەك بەزۆر خۆ سەپاندن، لووت بەرزی، خۆ بەزلزانین، دانەبەزین بۆ یەکدی، گیانی تۆڵە سەندنو ئەم شێوانە لە بیرو رەفتاری بگرە هاووڵاتییانی خوێندەواری شارییەکانیش هەر ماوە... ئەم دیاردانە بە زەقی لە رەفتارو هەڵوێستی زۆر لە سەرانی ریکخراوە کوردستانییەکان رەچاو دەکرێن !... دەبێ هاووڵاتییان بە گیانی یەکیەتیو لێبوردنو هەرەوەزیو یاسا پارێزیو

دەنگدان و هەڵبژاردن و کۆمەڵخوازی و بەژەوەندی گشتی پەروەردە بکرێن و فێر بکرێن و رابهێنرێن.

٥. <u>هۆکاری خۆخوازی</u>: زۆری هاوولاتی کورد بە هۆی نەخوێندەواری و کەم هۆشیارییان زیاتر هەر بایەخیان بە خۆیان داوە... تەسك و شێواو و تاریك بیریان کردۆتەوە... خۆخوازییان بەسەر کۆمەڵخوازییان زاڵ بووە... هۆکاری خۆ نەك هۆکاری بابەت هەڵیاندەسورێنێ... بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان لە سەرووی بەرژەوەندی گشتی نەتەوە دادەنێن... بیرو کاریان بۆ خۆیانە... خۆیان ژیانیان باش بێ، گوێیان لە سەرجەمی نەتەوەکەیان نییە.

٦. <u>هۆکاری دەرەکی</u>: کوردستان، کە لە سەدەکانی شانزدەم — بیستەم ژێردەستی فارس و عوسمانی بووە، هێزە دەرەکییەکانیش لە دژی بزاڤی رزگاری نەتەوەی کورد هاوکاریان بوون... هەر، کە میرنشینییەکی کوردستان گەشابێتەوەو پێشکەوتبێ داگیرکەران پەلاماریان داوەو هێزی بیانیش یارمەتییان داون بۆ تێکدانی دەسەڵاتی کورد، بۆیە راستە بوترێ کوردستان وڵاتی ژێردەستی دەوڵەتانە... نموونەی ئەو دژایەتیکردنەی کوردو پشتیوانیکردنی داگیرکەرە راستەوخۆیەکانی کوردستان ئەمانەن :

- لە ساڵی ١٨٤٨دا بریتانیاو فرەنساو ئەڵمان پشتیوانی عوسمانییەکانیان کرد دژی دەسەڵاتی بەدرخان پاشای بۆتان، کە لە ساڵی ١٨٤٣ـەوە سەربەخۆیی کوردستانی جاڕدابوو.
- لە بیستەکانی سەدەی بیستەم بریتانیا دژی شۆڕشی شێخ مەحموودو خواستەکانی کورد پشتیوانی عێراقی کرد.

- لە ساڵی ١٩٤٧ بریتانیاو ئەمریکاو یەکێتی سۆڤێت بۆ تێکدانی کۆماری کوردستان پشتیوانی ئێرانیان کرد.
- لە ٦ی ئازاری ١٩٧٥دا لە پلانێکی دەوڵەتانیدا دژی شۆڕشی باشووری کوردستان ئەمریکاو جەزائیرو میسرو تورکیاو بریتانیا بەشدار بوون.
- وەزیرانی دەرەوەی تورکیاو ئێرانو سوریا ناو بە ناو دژی باشووری کوردستان بە تایبەتیو سەرجەمی کوردستان بە گشتی لەم ساڵانەی دواییانەدا کۆبوونەوەیان کردووە... داگیرکەرە راستەوخۆیەکانی کوردستان دژایەتی کوردی لێ دەربچێ لەسەر هیچ شتێکی دی رێك نین.
- لە ساڵی ١٩٩٨دا بە پیلانێکی دەوڵەتانی، کە ئەمریکاو بریتانیاو ئیسرائیلو یۆنانو میسرو کینیا بەشداربوون عەبدووڵلا ئۆجەلانی سەرۆکی پەکەکەیان دەستگیرکردو دایانە دەست دەسەڵاتی ئەنقەرە.

ڕاستە هەر بەشەی کوردستان ڕاستەخۆ ژێردەستی دەوڵەتێکە، بەڵام ناڕاستەخۆش دەوڵەتە گەورەکان بەتایبەتی بریتانیاو ئەمریکاو ئەڵمانیاو فرەنسا بەشداری ئەو داگیرکردنانەن... کوردستان بە ژێردەستیو دابەشکراوی دەهێڵنەوە وەك دەروازەیەکی دەست تێخستنو گوشار بۆ خۆیان بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندەکانیان لە هەرێمی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا.

٧. هۆکاری ڕۆشنبیری: داگیرکەران تا بۆیان کرابێ نەیانهێشتووە ڕۆشنبیری بە گشتیو زانیاریو خوێندەواری بە تایبەتی لە کوردستاندا بڵاوبێتەوە... عوسمانییەکان لە جیاتی کردنەوەی خوێندنگە، تەکیەو

خانەقایان بۆ دەروێشیو تەمبەڵیو نەزانیو ئەفسانەو نوشتەفرۆشیو تاریکی دەکردەوە. دامەزراندنی خوێندنگە لە کوردستان درەنگ لە سییەکانی سەدەی بیستەم زۆر بە کەمی دەستی پێکرد... هەر بۆیەشە بەشێکی کورد نەخوێندەوارنو بە خراپ کاری کردۆتە ئاستی هۆشیارییان... کوردی نەزانو ناهۆشیار کار بۆ یەکگرتنی سەرجەمی نەتەوەکەی ناکا... بۆیە ئەوانەی بوونە داردەستی ناکۆکی نێو کورد کەسانی نەخوێندەوارو دواکەوتوو بوون... کوردی خوێندەواری هۆشیار نابێتە داردەستی تێکدەرو وێرانکەرانی کوردستان!

بەهۆی بڵاوبوونەوەی زانیاریو پێشکەوتنی شارستانێتی کوردستانو بوونی هۆیەکانی راگەیاندنو پێوەندیو گواستنەوە، ئاستی رۆشنبیریو هۆشیاری زۆرینەی کورد وەك جاران نەماوە... بیرو کاریان بۆ یەکگرتنو رزگاری لە پێشدان باشترە. چاندنی خۆشەویستی بۆ وڵاتو نەتەوەو رۆشنبیریی نەتەوایەتی لە مێشکی هاووڵاتییانماندا ئەرکەکی پێویستو پیرۆزە.

هەرالنامەی کتێب

٨. هۆکاری نادیموکراتبوون: زۆرینەی سەرانی کورد لە میرو سەرەك هۆزو دەرەبەگ، هەروەك ئەوانەی نەتەوانی وڵاتانی دواکەتوو، تا دووەم نیوەی سەدەی بیستەم باوەڕیان بە دیموکراسی نەبووەو پەیڕەویشیان نەکردووە... بۆ سەپاندنو چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆیان هێزیان بەکارهێناوە... لە دوایییەکانی سەدەی بیستەمدا هەرچەندە زۆر لە رێکخراوە کوردستانییەکان دروشمی دیموکراسییان هەڵگرتووە، بەڵام لە راستیدا وەك پێویست پەیڕەویان نەکردووە... خۆیان بە دیموکرات ناو دەبەن، بەڵام بەپێی بەرژەوەندی تەسکی خۆیان بەکاری دەهێنن... کەسانێ پەیڕەوی دیموکراسی دەکەن، کە بە تەواوی باوەڕیان پێی بێ... دیموکرات بە پەروەردەو پراوەی درێژخایەن دروست دەبێ...

دیموکراسی پابەندییە بە دەستوورو یاساپارێزییەو پێشێل نەکردنیتی، دڵسۆزیو پاکییە لە ئەرك بەجێگەیاندن... سوربوونە لەسەر ماف، رێزگرتنی مافی هاووڵاتییانە. نادیموکراتبوون هۆکارێکی یەکنەگرتنی کورد بووە !

٩. <u>هۆکاری دەروونی</u>: رەفتارو کردە ژیرییەکان دوو توخمی سەرەکی دەروونی مرۆڤن... با بزانین چۆن پێکهاتی دەروونی مرۆڤی کورد تەگەرەی یەکگنەگرتنی کوردە.

دەمێك نییە بەشێکی کورد لە کاروانگەی (stage) هۆزگەری دەرباز بووەو لە بۆتەی نەتەوایەتیو شارستانێتی تواوەتەوە... ئەم پەرەسەندنو پێشکەوتنە کۆمەڵایەتییە دەیان ساڵێکەو چوار - پێنچ وەچەیەکی بەسەردا تێپەڕیوە، کە بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی ماوەیەکی زۆر کورتە !... بۆیە دەبینین، کە بەرماوەکانی بیرو دابو نەریتو بەهای کۆمەڵایەتیو رەوشتو رەفتاری هۆزگەری — دەرەبەگایەتی وەك زاڵخوازیو ئاغایەتیو خۆ بە زل زانینو گیانی تۆڵەسەندنو ئەم شێوانە لە کوردی شاریی رەچاو دەکرێنو تەواو بنبڕ نەبوون.

توندوتیژیو نەبوونی، یان کەمی گیانی بەخشینو دانەبەزین بۆ یەکدی، بەڵام ملکەچبوون بۆ زەبرو هێزو داگیرکەری ستەمکارو لەبیرکردنی خراپەکانی، دیاردەیەکی ناپەسەندو نانەتەوەییو ناهۆشیارییە... ئەو جۆرە کەسانە بۆ ئەوەی ئاغای هاووڵاتییانی خۆیان بن بەلایانەوە قەیناکە گەر ببنە پیاوی بیانیش... ئەمە لە راستیدا پێکهاتی دەروونی کۆیلەیە... کۆیلە بەردەستی گەورەکەی دەکاتو لەسەر هاووڵاتییانی وەك خۆشی خۆی گیف دەکاتەوە... کەسێ ئەو پێکهاتە دەروونییەی ببێ نابێتە توخمی هاوکاریو یەکگرتنی هاووڵاتییانی!

١٠. هۆكاری نۆكەری: ئەو هاووڵاتییەی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەر نەبێ، ئامادەیە بۆ بەرژەوەندی تەسكی خۆی نۆكەری بكا... كەسی لەو جۆرە كار بۆ یەكگرتن و رزگاری نەتەوەكەی ناكا، بەڵكو بیریشی لێ ناكاتەوە... كار بۆ خۆی و گەورەكەی دەكات و چاوەڕوانی لێ ناكرێ هاوكاری هاووڵاتییانی بێ بۆ راژەكردنی كێشەی نەتەوەكەی و كوردستانی نیشتمانی !

١١. هۆكاری تیرەگەری: كە ئاستی سەرجەمی دانیشتووانی ناوچەكانی كوردستان وەك یەك بەرزو پێشكەوتوو نەبێ، داگیركەری جیاوازو بەسەرهات و رووداوی مێژوویی رێباوەڕی (creed) جیاوازی لە كوردستان پێكهێنابێ، نەتەوەی كورد خۆی خاوەن یەك رێباوەڕی ئاینی نەبێ، كەم و زۆر تیرەگەری بووەتە تەگەرەی پتەوی هاوچەشنی نەتەوایەتیمان و یەكگرتنی تەواوی نەتەوەكەمان... ئەمە راستە بەتایبەتی لە خۆرهەڵاتی كوردستان... بۆیە ناوچە شیعەنشینەكانی كوردستان : دەرسیم، لووڕستان، ئیلام و كرمانشا بە هۆی نزمی ئاستی رۆشنبیری و هۆشیارییان، بە تایبەتی هۆشیاریی نەتەوایەتییان، دەبینین تیرەگەرییان "شیعێتییان" بەسەر نەتەوایەتییەكەیان "كوردایەتییەكەیان" زاڵە و وەك پێویست خەباتی رزگاریی نەتەوەیی و یەكگرتنیان لەگەڵ كوردی ناوچەكانی دی كوردستان كزە !

١٢. تێكچوونی رەوشت و گەندەڵی: ئەو هاووڵاتییانەی، كە هەموو بایەخ و مەراقێكیان پێكەوەنانی سامان و رابواردن بێ، كوردایەتی ناكەن... ئەوەی لە رەوشتی بەرز لایدابێ لە كوردایەتی لایداوە... خۆشی و رابواردن و بەرژەوەندی خۆیان لە سەرووی بەرژەوەندی گشتی دادەنێن. ئەوەی خراپە بە مرۆڤ دەكات و رەوشتی نزم دەكات و لە بەها

بەرزەکانی دوور دەخاتەوە دراوخوازیو زایەندە... ئەو جۆرە کوردانە ئومێدی ئەوەیان لێ ناکرێ، کە بۆ یەکگرتنی کوردو رزگارکردنی کوردستان کار بکەن، بەڵکو بۆ سوودی خۆیان ئامادەن یەکیەتی تێک بدەن.

لەم سەردەمەدا، کە ئاستی رۆشنبیریو هۆشیاری زۆری هاووڵاتییان پێشکەوتووە، سەرانی زۆر لە رێکخراوە کوردستانییەکانی هەموو بەشەکانی بە بیانووی پووچو درۆ وەك پێویستە یەکیان نەگرتووەو بەرەی یەکگرتوویان لە ناوچەکانی کوردستان دژی داگیرکەرانیان پێك نەهێناوە.

لەبارەی هۆکارەکانی یەکنەگرتنی کورد، لە باری ئێستاماندا دەتوانم پتر جەختی هۆکاری جوگرافی، خێڵی، ئابووری، دەرەکی، رۆشنبیریو دەروونی بکەم، کە لە نەبوونی یەکگرتنی سەرجەمی کورد زۆر کاریگەرن... خۆخوازیو تەسکە پارتایەتیو ناوچەگەرییان لە سەرووی کۆمەڵخوازیو کوردایەتیو نیشتمانپەروەری داناوە.

لە وڵاتی ئێمە بەهۆی نەبوونی رای گشتی کاریگەرو دامەزرەی دەستووریو سەروەری یاساو کۆبڕیار، هۆکاری خێڵەکی لە هۆکاری بابەتی کاریگەرترو بڕێنەرەوەترە... لەلایەکی دی ئێمەی کورد پێویستیمان بە سەرکردەیەکی نەتەوەیی بەتواناو لێبوردو دانایە، کە سەرجەمی کورد لە باوەش بگرێ... دوور بێ لە خۆخوازیو ناوچەگەریو تەسکە پارتایەتی... تۆ بڵێی "باوکی کورد" لە نێو کورد پەیدا نەبێ ؟!... باوکێکی دانای نەتەوەییو دیموکراتو رۆشنبیرو لە خۆبردوو !!

هەواڵنامەی کتێب

# بەندی شەشەم

- رەوشی ئافرەتی کورد
- ئەرك و ماف
- کەم قسەکردن...زۆر کارکردن

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# رەوشی ئافرەتی کورد

رەوشی ئافرەتی کورد پێکهاتو بەری زنجیرەیەك رووداوو گۆڕانو هۆکاری مێژوویی - ئابووری - کۆمەڵایەتی - رامیاری - ئاینییە... باری ئافرەتی کورد پێش ئیسلام لەوەی پاش ئیسلام جیابووە... هەروەتر ئەو رەوشە بەپێی گۆڕانو جیاوازی سەردەمی عوسمانی داگیرکەر لەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتی ئینگلیزی داگیرکەر جیابوون. لەلایەکی دی باری ئافرەتی کورد لە ماوەی نەخوێندەواری لەگەڵ خوێندەواربوونی جیاوازی بەخۆیەوە دی... لە پاش راپەڕینە پیرۆزەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ی باشووری کوردستانو دامەزراندنی دەسەڵاتی نیشتمانی گۆڕانو وەرچەرخانێکی باشتر بەسەر رەوشی ئافرەتی کورددا هات.

باری ئافرەتی کورد لەم سەردەمەدا، سەرەڕای گۆڕانو پێشکەوتن، کەموکورتیو لایەنی نەرێو خراپ ماون، کە بۆ هۆکاری ئابووریو کۆمەڵایەتیو ئاینیو هۆکاری دی دەگەڕێتەوە... نەخوێندەواریو ناهۆشیاری بە گشتی، ناهۆشیاری یاسایی بەتایبەتی، بەشداری لە چەوساندنەوەو پێشێلکردنی مافەکانی ئافرەتی کورد دەکەن... پەیڕەوکردنی توندوتیژی دژی ئافرەتی کورد لە باوەڕو دابو نەریتو بیرتەسکی سەری هەڵداوە... سەروەری یاساو پەیڕەوکردنی، دەستەبەری پاراستنی مافەکانە لەوان مافە شارستانیو یاساییەکانی ئافرەت... بۆیە زانینی ئەم راستییە لەلایەن ئافرەتی کوردەوە زۆر پێویستو مەرجە... بۆ نموونە ئافرەتی کورد دەبێ ئەو راستییە بزانێ، کە یاسا دژی لێدانو توندوتیژییەو بکەرەکەی سزا دەدرێ.

پێزانینو هەستکردن بە ئازارەکانی ئافرەتی کوردو باوەڕهێنان بە مافەکانی، سەرەتاو رێی وەدیهێنانیانە... پشتیوانیکردنی کێشەی ئافرەتو رێگرتن لە

پێشێلکردنی مافەکانیو دەستەبەرکردنی ئەو مافانە تەنیا لە ئەستۆی ئافرەتدا نییە، بەڵکو ئەرکی هەمووانە... دەبێ ئەوە بزانرێو باوەڕ بهێنرێ، کە ئافرەت نابێ تەنیا بە توخمو ئامرازی ناوماڵو هاوسەریو حەزی زایەند دابنرێ... بەڵکو دەبێ ئافرەت یەکسانی پیاو بێ لە مافو ئەرکدا... ئەندامێکی کاراو ڕاژەکار بێ لە کۆمەڵگەدا... مافی خۆیەتی، کە ئافرەت ڕاو دەنگی هەبێو لە هەموو بوارەکاندا کار بکات.

لە سەدەی هەشتەمەوە پاش داگیرکردنی کوردستان لەلایەن خێڵە کۆچەرە عەرەبەکان، ئافرەتی کورد تووشی زۆر نەهامەتیو ستەمو ماف زەوتکردن بوو، لەوانە :

- لە میراتگریدا (ماوەتگری- inheritance) ئافرەت نیوەی پیاو وەردەگرێ.
- لە دادگەدا دوو ئافرەت بە یەك دیتە (witness) دادەنرێن.
- مێرد بێ هۆو بەهۆ، مافی دەسبەرداریی ژنەکەی هەیە.
- ژن مافی دەسبەرداریی مێردی نییە.
- پیاو لە یەك کاتدا دەتوانێ چوار ژنی ببێ !... بواریش هەیە دەسبەرداریان بێو ژنی دی بهێنێ !!
- ئافرەت لەسەر نامەردی دەکوژرێ، کەچی پیاوی نامەرد ناکوژرێ
- بە نەزانیو ساویلکەیی جۆرە پیرۆزییەك بە وتنی دەسبەرداری (divorce) دراوە بە شێوەیەك ئەگەر پیاوێ لەو وتنە پەشیمان بێتەوە، زۆربەی مەلایانی کورد، ئەگەر نەڵێم هەموویان، ڕێی بە جاشکردنی ژنەکەی نیشان دەدەن، کە ئەمە ستەمێکی ئاژەڵانەی گەورەیە لە ژنو پیاوەکە دەکرێ !!... ئەمە لەجیاتی ئەوەی بە مێردی پەشیمان بڵێ، کە هاوسەری (marriage) ڕێکەوتنی ژنو پیاوە، تا بە ویست یەکدییان بوێ بەدەمهاتنی وشەی دەستبەرداری لە توڕەیی، یان بێزاری هاوسەرییەکە هەڵناوەشێ. شایەنی وتنە هاوولاتی نەزانو نەخوێندەوارو دواکەوتوو وشەی دەسبەرداری لە کاتی ناکۆکیو توڕەیی بەکاردەهێنێ... لەم سەردەمەدا هەندێ گۆڕان بەسەر ئەو بارەدا هاتووە، لەوانە:

- بەپێی "یاسای شارستانی" بەشی ئافرەت لە میراتگری وەك پیاوە.
- ئافرەت بەپێی یاسای شارستانی دەتوانێ داوای دەسبەرداری بکات.

ئافرەتی کورد لە رێکخستنی ژیانی خێزانو کاروباری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە کاریگەرە... بێجگە لە ئەرکەکانی خۆی وەك هاوسەرو دایكو ماڵ بەڕێوەبردن، بەشداری پیاوی لە کارو بەرهەمهێنانو بگرە بەرگریش کردووە... ستەمێکی گەورەیە بە هەر بیانوویێك بێ رێ لە ئافرەت بگیرێ نەخوێنێو کار نەکات... ئافرەت وەك پیاو مافی فێربوونو پێشکەوتنی هەیە... نەخوێندەواری دەردێکی کۆمەڵایەتی گەورەیە، رێژەی ئافرەتانی کوردی نەخوێندەوار بەرزترینە لە کوردستان... ئەمەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، لەوانە : خراپی باری ئابووری خێزان، زوو بەشوودانی کچ، کەمتر بایەخدان بە خوێندنی کچ، ئاراستەی خراپی هەندێ پیاوانی نەزانی ئاینی لەم رووەوە. ئەگەر بتەوێ نەتەوەیەك پێبگەیەنیو پێشیبخەی ئافرەتەکانی فێربکە... ئێستا لە باشووری کوردستان بەهۆی خوێندنی تەوزیمییەوە، کە چەند ساڵێکە دەستی پێکردووە، ئافرەتی کورد سوودی وەرگرتووە.

ئافرەتی کورد لە گوندەکانی کوردستان، بێجگە لە ئەرکی ماڵو مێردو منداڵ بەخێوکردن، زۆر ئەركو کاری دی دەکاتو بەجێیان دەگەیەنێ، لەوانە : نانکردن، چێشتو چا لێنان، خاوێنکردنەوەو هەڵبژاردنی ماڵ، جێ راخستن، شتنو ئوتوکردنی جل، مەڕو بزنو مانگا دۆشین، مەشکە ژەنین، لەهەندێ شوێندا ئاوهێنانو کۆکردنەوەی چیلکەو دار، بەروبووم کۆکردنەوە، خوری رستنو گوریسو دۆخین هۆنینەوە، بژارو چنینو شەنکردن، وشك کردنەوەی بەرو میوە، جۆلاییکردن، ساوەرکردنو ئەم شێوانە... هەرچی ئافرەتی کوردی شارییە کارو ئەرکی زۆر کەمترە، کە بێجگە لە کاروو پیشەی خۆی ئەرکی ماڵو مێردو منداڵ بەخێوکردنی لەسەرە.

هەولنامەی کتێب

نەتەوەی کورد وەك نەتەوەیەکی ئاری دابو نەریتو بەهای کۆمەڵایەتی خۆی هەیە، کە جیان لە عەرەبو تورکو فارس... لەو شتانەی، کە جیان جلو بەرگە... جلو بەرگی ئافرەتی کورد وەك شاخەکانی کوردستان رەنگاڵەیەو خشڵیش بەخۆیەوە دەکات... لە کراس، ژێرکراس، سوخمە، کەوا، سەڵتە، دەسماڵ، کۆڵوانە، کڵاو، تاس، دەرپێی درێژ، سەرپۆشو پێڵاو پێکهاتووە... هەرچی باڵاپۆشە "عباءة" بەرگێکی عەرەبی سەپاوە، کە تا نیوەی سەدەی بیستەم زۆر لە ئافرەتی کوردی شارەکانی کوردستان بەخۆیاندا دەدا... "پەچە"ش بەرماوەی سەپاوی عوسمانییە دوابڕاوەکان بووە، کە هەندێ ئافرەتی کوردی شار تا نیوەی سەدەی بیستەم دەیانپۆشی... گوایا باڵاپۆشو پەچە بۆ ڕێزو شەرمو خۆپۆشینە، کە بە پێچەوانەوە ئەو ئافرەتەی بەکاریانی هێنابا گومانی بێ شەرمی لێدەکرا !!... مستەفا کەمالی ئەتاتورك لە ساڵی ١٩٢٥دا باڵاپۆشو پەچەی قەدەغەکرد... ڕەزا شای ئێران لە ساڵی ١٩٣٦دا بە سێ هەفتە باڵاپۆشو پەچەی نەهێشت*[1]. ئافرەتی کوردی گوندی، کە زۆرینەی ئافرەتی کورد پێکدەهێنن، هەرگیز باڵاپۆشیان بەخۆدا نەداوەو پەچەشیان نەگرتۆتەوە... شایەنی وتنە بەرگی کوردی ئەوەندە پۆشراوو ڕێکوپێکە پێویستی بە پۆشینێکی دی وەك باڵاپۆش نییە... زۆر لە ئافرەتی کوردی شاریش باڵاپۆشو پەچەیان، یان بەکاریان نەهێناون یاخود زوو فڕیان داون... لەو ئافرەتە کوردە شارییانەی، کە لە فڕێدانی باڵاپۆشو پەچە لە بیستەکانی سەدەی بیستەم دەسپێشکەر بوون "حەپسە خانی نەقیب" بوو.

ئەرکی ئافرەتی کورد بەهۆی خەباتی سەختو درێژخایەنی نەتەوەکەی زۆر قورسو گەورە بووە... بە زۆر شێوە کاری کردووەو بەختکردنی بووە... شان بە شانی پیاو هاوکارو هاریکار بووە... ئافرەتی دیاری لێ هەڵکەوتووە... جار بووە هەندێ ئافرەتی کورد دەسەڵاتی گرتۆتە دەستو وڵاتی بەڕێوە بردووە... نموونەی ئەو جۆرە ئافرەتە "خانزاد" بوو، کە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم میری

---

- *[1] هینی هارولد هانسن   ژیانی ئافرەتی کورد   بەغدا ١٩٨٣   وەرگێڕ : عەزیز گەردی   لاپەڕە ٤٠٠ – ٤٠١

میرنشینی ناوچەی سۆران بوو... "قەدەم خێر" لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، لە سەردەمی رەزا شای ئێران، بۆ وەدەسهێنانی مافی نەتەوەیی، سەرکردایەتی لووڕی رۆژهەڵاتی کوردستانی کرد. لە ساڵی ١٩١٩دا ئافرەتانی کورد یەکەم رێکخراوی ئافرەتانیان لە ئەستەنبول دامەزراند، کە قودرەت خانم، دیە میر مەحموود، دەلال خانم، ئەنجوم مستەفا یامولکی، ئەمینە خانمو کەسانی دی لە دامەزرێنەرەکانی بوون. "مەستورە" لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەمدا هۆنەر بووە... "خاتو هارتمان" لە سەرەتای سەدەی بیستەم فەرمانڕەوای ناوچەی هەکاری بووە... "عادیلە خاتوون"ی هەڵەبجە "خانمی عوسمان پاشا" بەشداری دەسەڵاتو بەڕێوەبردنی ناوچەی هەڵەبجەی کردووەو لە ساڵی ١٩٢٤دا کۆچی دوایی کردووە. "حەپسە خانی نەقیب"یش یارمەتی هەندێ خوێندکاری دەست کورتی داوە، لە ساڵی ١٩٢٦دا پشتیوانی دامەزراندنی خوێندنگەی کچانی کرد، لە ساڵی ١٩٣٠دا دامەزرێنەرەکی سەرەکی یەکیەتی ژنانی کورد بوو، یەکەم ئافرەتی کورد بووە لە سلێمانی پەچەی فڕێداوە، بەشداری راپەڕینەکەی ٦/ئەیلوول/١٩٣٠ کرد، لە ساڵی ١٩٤٢دا لیژنەی یارمەتی هەژارانی پێکهێنا... "لەیلا قاسم، کە کچە کوردێکی خەباتکەر بوو، دەسەڵاتی بەعسی فاشی لە ١٣/ مایس/ ١٩٧٤ لەسەر کوردایەتی بە ناڕەوایی لە قەنارەی دا... ئافرەتی کوردی دی وەك بەهیە مەعروف، ناهیدە شێخ سەلام، لوتفیەی مەلا سدیق، مونیرەی ساڵح قەفتان، لەیلا زانا، زیلان، هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، مارگریتو سەدان ئافرەتی کوردی پێشمەرگەی دیو هەروەها دەیانو سەدان لە ئافرەتی کوردی هەڵکەوتووی دی، کە لە بواری کوردایەتیو خەباتی رامیاریو چەکداریو پەروەردەکاریو راژەکاری کۆمەڵایەتی دیارو هەڵکەوتوونو بەشداری چاکیان بووە. ئەو جۆرە کەڵەئافرەتە کوردانە مۆمی سوتاونو دەوروپشتی خۆیان رووناك کردۆتەوە... دەبا ئافرەتانی کوردستان چاویان لێبکەن.

ئافرەتی کورد هەر لە کۆنەوە وەك نەریتێکی کوردەواری ئەوپەڕی دەسرۆك، یان چارشێویان بەسەردا داوە... لە نێو ئافرەتانی گەلانی رۆژهەڵات لە هەموویان

ئازادتر بووە، هەروەك ئافرەتی ئەوروپایی ئازادن*[2]... تورکە عوسمانییەکان پەچەو بالاپۆشیان هێنایە نێو شارەکانی کوردستان*[3]... کوڕو کچی کورد لە دەشتو گوندی کوردستان ئازادانە تێکەڵن و بە حەزلێکردن هاوسەری دەکەن... لە کوردستاندا یەك ژنی باوە... فرەژنی زۆر کەمەو بەشی زۆری لە نێو گوندیو هۆزگەرو نەخوێندەوارو دواکەوتوواندا ئەگەر هەبێ.

دەبێ کورد ئازاد بێ، ئازادییەکەشی بە ئازادی ئافرەتی کورد تەواو دەبێ... ئازادی بەرەڵلایی ناگەیەنێ... ئازادی یەکسانی تەواوی پیاوو ئافرەتی کوردی دەوێ... ئازادبوون لە دابو نەریتو بەهای کۆمەلایەتی خراپو دواکەوتوو... ئازادبوون لە کاریگەری بەرماوە کات بەسەرچووەکان، کە ئەگەر هەندێکیان شیاوی رۆژگاری کۆن بووبن، وا بۆ ئەم سەردەمە دەست نادەن.

بەهۆی خوێندنو دامەزراندنی ئافرەتی کوردو کارکردنی لە بواری جیاجیا، بە پێشکەوتنی باری ئابووری - کۆمەلایەتی - رۆشنبیری – رامیاری کۆمەڵگەی کوردستان، رەوشەکەی لەم سەردەمەدا گۆڕاوەو گاڤی باشی بەرەو پێش ناوە... ئافرەتی کورد بازنەی ماڵو نێو خێزانی خۆی تێپەڕکردووە، لە پەنجایەکانی سەدەی بیستەمەوە بووەتە فێرکار، نۆشدەر، پەرستیار، بنووس (clerk)، یاساکار، کشتوکاڵی، شیکارکار، پۆلیس، ئەفسەر، پارێزەر، ئەندازیار، دادیار، پەرلەمانتار، وەزیر، بەڕێوەبەری گشتی، بریکاری وەزارەت، مامۆستای زانکۆو هەتا دوایی. لەگەڵ ئەوانەشدا بۆ ئەوەی ئافرەت بە تەواوی یەکسانی پیاو بێ لە کوردستان، دەبێ نایەکسانییەکانو پێشێلکردنەکانی مافەکانی نەهێڵدرێن و ئەم گاڤانەی خوارەوە بنرێن:

هەولێرنامەی کتێب

---

- *[2] هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٢٥
- *[3] هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٢٦

١. ئافرەت میراتگری (ماوەتگری- inheritance) بەپێی یاسای شارستانی وەك پیاو وەربگرێ.

٢. دیتەی یەك ئافرەت لە دادگەدا بە یەك دیتە (witness) دابنرێ.

٣. ئافرەت وەك پیاو بە بیانووو بەلگەی بەجێو دروست مافی دەسبەرداری هاوسەرەکەی ببێ.

٤. مێرد نابێ لێدانو توندوتیژی لەگەڵ هاوسەرەکەی بەکار بهێنێ.

٥. لە مافو ئەرکدا لەگەڵ پیاو یەکسان بێ.

٦. فرەژنی بە یاسا قەدەغە بکرێ.

٧. ئافرەت خۆشی ستەم لە ئافرەت نەکات بە تایبەتی لە مێردکردن بە پیاوی خاوەن ژن.

٨. نەهێشتنی ژن بە ژنێ.

٩. قەدەغەکردنی مارەبڕینی دەری دادگە.

١٠. نابێ کچ لە تەمەنی ١٨ ساڵ کەمتر مارە بکرێ.

١١. کچ بێ رای خۆی نابێ بە شوو بدرێ.

ئێستا بەهۆی پێشکەوتنەوە، بەشێکی ئەو بڕگانەی سەرەوە بەپێی "یاسای شارستانی" لە باشووری کوردستان پەیڕەو دەکرێن... دەبێ کار بۆ ئەوە بکرێ، کە سەرجەمی ئەو بڕگانە بە تەواوی لە سەرجەمی کوردستان پەیڕەو بکرێن.

# ئەرك و ماف

لێرەدا "ئەرك"م پێش "ماف" خستووە بەو باوەڕەی، کە ئەو هاووڵاتییەی، یان ئەو نەتەوەیەی لە ئەرك بەجێگەیاندن ڕێکوپێك‌و گورج‌و پابەند نەبێ، فەڕی نابێ‌و جێی ئومێد نییە، بێ گەڵك‌و سوودەو شایەنی ڕێزو پایەو ماف نییە، کەس‌و نەتەوەی تەمەڵ‌و کەمتەرخەم، بێباك‌و ئەرك بەجێنەگەیەنەر ڕاژەی نابێ‌و پێش ناکەوێ.

بەجێگەیاندنی کارو ئەرك بە ڕێکوپێکی لە کات‌و ماوەی خۆیدا، نیشانەی بەرپرسیاری‌و بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری‌و هوشیارییە... ئەو نەتەوەی لە کارو ئەرکدا کاراو چالاك بێ، بۆ مافەکانیشی سوڕو چوست‌و پەرۆشە... ڕۆشنبیری‌و شارستانێتی پێشکەوتوو بەری کارو ڕەنجی هاووڵاتییانی ئەو نەتەوانەن، کە لە کارو ئەرکدا بە گوڕو ڕێکوپێك پابەندن. کارو ئەرك هەن تایبەتن‌و هەشن گشتین، کە دەتوانرێ بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلپۆل بکرێن :

١. ئەرك بەرامبەر خۆ.
٢. ئەرکی خێزانی.
٣. ئەرکی کارو پیشە.
٤. ئەرکی کۆمەڵایەتی.
٥. ئەرکی نیشتمانی.

پێش هەموو کەس‌و لایەنێ، هاووڵاتی بەرامبەر بە خۆی ئەرکی لەسەرە... بایەخدانی مرۆڤ بە خۆی بۆ زۆرکردن‌و بەرزکردنەوەی تواناو زانیاری‌و کارامەیی‌و کارابیەکەی، ڕاستەوخۆ سوود بە نەتەوەکەی دەگەیەنێ‌و ڕاژەی هاووڵاتییانی دەکات... سەرەتا هاووڵاتی دەبێ لە ئەرکی خوێندنی ڕێکوپێك بێ... هەموو تواناو

رەنجی ئاراستەی خوێندنەکەی بکات بۆ ئەوەی نەك هەر سەرکەوتوو بێ تێیدا، بەڵکو لە ئەنجامیدا ببێتە پسپۆڕێ، کەلێنێ لە کۆمەڵگەکەی پڕ بکاتەوەو راژەی نەتەوەکەی بکات... مرۆڤ لەسەریەتی کات بەفیڕۆ نەداو ئەرکی خۆی بزانێ... هەروەها لە ژیاندا دەبێ حەزی چاكو بەسوودی ببێ... هەوڵ بدا بێجگە لە ئەرکی خوێندنی یان کاری یاخود پیشەکەی کاتی دی بە حەزێکی بەکەڵکی وەك مۆسیقا، نیگارکێشی، وێنەگری، رازاندنەوە، یان گوڵبازی، باخکاری، مەلبازیو ئەم شێوانە بباتەسەر. هاووڵاتی لە کارو پیشەو ئەرکیدا رێکوپێك بێو بە دڵسۆزی توانای خۆی تەرخان بکات بۆیو کەمتەرخەمی تێدا نەکاو ئەگەر کەموکورتی هەبێ نەیهێڵێ... هاووڵاتی پێویستە خاوێنو پۆشتەو رێك بێو نموونەی چاك بێ... ئابڕووی خۆی بپارێزێو رەفتار جوانو رەوشت بەرزو کارمەندێکی کاراو بەتوانا بێ.

مرۆڤ وەك باوك، دایك، هاوسەر، کوڕو کچ چەندین ئەرکی بەرامبەر بە خێزانەکەی لەسەرە... وەك باوك بێجگە لە دابینکردنی خانوو، خۆراك، بەرگو پێڵاوو پێویستی دی بۆ خێزانەکەی، لەسەریەتی منداڵەکانی پەروەردە بکاو ئاگای لێیان بێو پێیان بگەیەنێو خوێندنیان پێ تەواو بکاو دایانبمەزرێنێو هاریکارییان بکات تا خێزان پێکەوە بنێنو ماڵی خۆیان ببێ... وەك هاوسەر، مێرد بێ، یان ژن، دەبێ ئەرکی هاوسەری بەجێ بگەیێنێو ئابڕوو و ناوی خێزان بە دڵسۆزی بپارێزێ. منداڵیش چ کچو چ کوڕ لەسەریانە گوێڕایەڵی دایكو باوکیان بن، لە ماڵو دەرەوە رێکوپێك بن، خاوێنیو رێکی ماڵو خێزانەکە بپارێزن... هەریەکەیان بەپێی تەمەنی کارێکی شیاوی ناو ماڵ بکاو هەندێ لە بارگرانی دایكو باوك کەم بکەنەوە... هەروەها منداڵ لەسەریەتی ناوو ئابڕووی خۆیو خێزانی بپارێزێو بە شەرمو رەفتار جوانو رەوشت بەرز بێ.

هاووڵاتی سەرکەوتووو بەکەڵك لە کارو ئەرکی دەبێ رێکوپێك بێ، هەوڵ بدا کارمەندو پیشەوەرێکی کارامە بێو کەلێنێ لە کۆمەڵگەکەیدا پڕ بکاتەوە... دەبێ لە بەجێگەیاندنی کارو ئەرکیدا دڵسۆز بێو کات بەفیڕۆ نەدا... رێك بێ لە

بەڵێندانو بە دڵسۆزی ڕاژە بکات... لە دیاریکردنی نرخو کرێو ڕاژانە لە مافی خۆی پتر وەرنەگرێ... بەزەیی بە نەدارو لێقەوماودا بێتەوەو یارمەتییان بدا... بزانێ پیاوەتی لەگەڵ هاووڵاتییانی برایەتیو خۆشەویستی دروست دەکاتو خۆشی دەخاتە دەروونەوە.

هەرکەس دەبێ ئەوە بزانێ، کە ئەرکی کۆمەڵایەتی لەسەرە... پێویستە لە خۆشیو ناخۆشیدا هاوبەشی هاووڵاتییانی بێ... لە بۆنە خۆشەکانی نەتەوەیی وەك جەژنی نەورۆزو زەماوەندو سەیران بەشدارو هاوکاری ڕۆڵانی نەتەوەکەی بێ... لە ناخۆشیو تەنگانەدا بەدەمیانەوە بچێو ئەوەی پێی بکرێ بیکات... لە پرسەیان ئامادە بێو دڵنەواییان بکات... لە هەرەوەزی دەردو باریان سووك بکات... ئەندامێکی کاراو سوودبەخش بێ لە بواری کۆمەڵایەتیدا.

مرۆڤ لەبارەی نەتەوەو نیشتمانی ئەرکی گەورەی لەسەرە... دەبێ هاووڵاتییەکی نەتەوەییو نیشتمانپەروەر بێ بەو واتایەی، کە کار بکاو ڕەنج بدا بۆ نەتەوەکەیو بەشدار بێ لە دروستکردنو بەرگریکردن لە نیشتمانەکەی... لە ناوەوەو دەرەوەی وڵاتەکەی ناوی بەرز بکاتەوە... هەوڵی ئەوە بدا شاکاری، یان داهێنان یاخود دروستکارییەکی بۆ کوردو کوردستان ببێ... بۆ ڕزگاریو یەکیەتییەکەی خەباتو بەختکردنی ببێ... لەگەڵ هاووڵاتییانی لە ڕووی هێرشو پەلاماری دوژمنو داگیرکەری بوەستێ... دەبێ ئەو ڕاستییە بزانێ، کە خۆشیو سەربەرزیو پێشکەوتنی بە سەروەریو سەربەخۆیی نەتەوەکەیەوە بەندە.

چەند هاووڵاتی لە کارو ئەرکیدا ڕێك بێ، ئەوەندەش بۆ مافەکانی سوڕو پەرۆشو بەرگر دەبێ. مرۆڤ بە ئازادی لە دایك دەبێو ژیریو "نیهاد"ی (conscience) هەیە، دەبێ بە گیانی برایەتیو خۆشەویستیو مرۆڤایەتی سەوداو ڕەفتار لەگەڵ یەکدی بکەن... مافی خۆیەتی ئازادی بنۆشنو مافەکانیان پارێزراو بن... نابێ بەهۆی جیاوازی ڕەگەز، نەتەوە، ڕەنگ، زمانو ئاین جیاوازییان لەگەڵ

بکرێ، یان بچەوسێنرێنەوە، یان ئەشکەنجەو ئازار بدرێن... یەکسانی مرۆڤو پاراستنی سەربەرزییەکەی بنچینەی دادوەریو ئازادیو ئاشتییە... پێشێلکردنی مافی مرۆڤ خراپەو دڕندەیی لێ دەکەوێتەوەو شەرمەزارییە بۆ مرۆڤایەتی. مرۆڤ دەیەوێ ئازادی وتنو باوەڕو کاری ببێ... لەناخۆشیو ترس رزگاری بێ... پێویستە دەستوورو یاساش مرۆڤ بپارێزنو رێ لە ستەمو زۆرداری بگرن... مرۆڤ بەرامبەر یاسا بێ جیاوازی یەکسانن، دەبێ بێ جیاوازی بپارێزرێن.

ئەرکو ماف هاوبەندی یەکدین... پابەندبوون بە ئەرک بەجێگەیاندنو بوونی پرسینەوە لە هەر سەرپێچکارییەکو کەمتەرخەمییەک لەو رووەوە، جۆرە کۆتکردنی ئازادییە... واتا ئازادی رەها نییەو مرۆڤ ناتوانێ بە هەوەسی خۆی بێ سنوور کارو رەفتار بکات. یاسا، کە ئەرک دیاری دەکاتو رادە بۆ ئازادی دادەنێ، بەڵام هیچ مافێ بێ ئەرک نییە... هەرمافێ شێوە ئەرکێ دەسەپێنێ... لە ماوەی ئەرک بەجێگەیاندندا وەدەبێ سەرپێچی لێ دەکەوێتەوەو سەرپێچیش ئازادی پێشێل دەکات... مرۆڤ بە دەست هەڵگرتن لە بەشێ لە ئازادییەکەی مافی دەست دەکەوێ... چەند ماف سوودی ببێو کۆتکردنی ئازادیش کەم بکرێتەوە، ئەوەندە پتر نەتەوە پێشدەکەوێ.

ئەرک هەیە مافییە و هەشە رەوشتییە... ئەرکی مافی یاسا دیاری دەکات، هەرچی ئەرکی رەوشتییە بەهاو رەوشتی کۆمەڵایەتی دیاری دەکەن... بۆ نموونە مافی سواڵکەرێ لە پارەی دەوڵەمەندێ یاسا دایناوێ، بەڵکو دەوڵەمەندەکە بەپێی رەوشتو نیهادی خۆی یارمەتی دەدا. ئەرکی رەوشتی بەرامبەر بە ماف نییە، هەرچی ئەرکی مافییە بەرامبەر بە مافە، بۆ نموونە کرێ بەرامبەر بە کارە، یان مووچەی خانەنشینی بەرامبەر بە راژەیە.

ماف کەڵکو چێژی لێ وەردەگیرێو وەرگرەکەی، یان بەکارهێنەرەکەی بە ئارەزووی خۆی سوودی لێ دەبینێ... مافەکان بە چەندین شێوە پۆلپۆل کراون...

ماف هەیە بنچینەییە، هەشە لاوەکییە... هەیە گشتییەو هەشە تایبەتییە... ماف هەیە رەهایەو هەشە رێژەییە... مافی شتیو ماڵی هەیە هەشە کەسیو ورەییە... هەروەها مافی ئەرێیو مافی نەرێی، مافی تەواوو مافی ناتەواو هەن.

مافی کۆمەڵگە گشتییەو مافی کەسی تایبەتە... مافی تایبەت، مافی هاوولاتییە وەك مافی کارکردنو خانەنشینیو گەشتو گوزارو کڕینو فرۆشتنو هتد، هەرچی مافی گشتییە لەسەر هاوولاتییان سەپێنراوەو بۆ یاساو باجدانو ئەم شێوانە ملکەچیان دەکات. مافی کەرەستەیی "شتی" مافی خاوەنی خانووو زەویو کەلوپەلو ئۆتۆمبیل (car)و ئەسپو هتد. هەرچی مافی کەسییە ئەو مافەیە، کە دەکەوێتە سەر کەسان، بۆ نموونە مافی وام (loan)... مافی دارایی بە مایەو ماڵ دیاری دەکرێ... مافی ورەیی (morale) مافی ژیانە، ئازادییە، پایەی کۆمەڵایەتیو ئەرکە، هاوسەرییە (marriage)، دەسەڵاتی دایكو باوکە بەسەر منداڵ... مافی ئەرێی (positive) وەك مافی تێپەڕبوون (pass)... مافی نەرێی مافی پابەندبوونە بە ئەرك، یان بەشتێ. بە شێوەیەکی گشتی دەتوانرێ مافەکانی مرۆڤ بەم شێوەی خوارەوە پۆلپۆل بکرێن :

- مافی سروشتی : وەك مافی ژیان، کارکردن، ئازادی بیرو راو باوەڕو دەربڕین، حەسانەوە، گەشت، گوزار، سەیرانکردن، ئاسایشو ئارامی، نێشتەجێبوون، فێربوونو زانیاری وەرگرتن، مافی خاوەنی، مافی هاوسەری.
- مافی کۆمەڵایەتی : مافی پێوەندی خێزانیو کۆمەڵایەتی، چالاکی رۆشنبیریو رامیاری، مافی بەرهەمهێنانو دروستکاری، مافی بازرگانی، مافی بەشداری لە رێکخستنو دامەزراندنی رێکخراوو کۆمەڵە و، یانە، مافی دەنگدانو هەڵبژاردنو خۆپالاوتن بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیو بەشداریکردن لە بەڕێوەبردنی وڵات، مافی یاسایی.

♦ مافی چینایەتی بۆ پاراستنو دەستەبەرکردنی مافەکانی توێژو چینی خۆ.

♦ مافی نەتەوایەتی لە کەمترین مافی نەتەوەیی وەك خوێندن بە زمانی خۆو بەڕێوەبردنی کاروباری خۆ تا مافی بڕیاردانی چارەنووسو سەربەخۆیی.

مافی سروشتی ئەو مافانە دەگرێتەوە، کە پێوەندییان بە ژیانێکی ئاسوودەو حەساوەی مرۆڤەوە هەیە، دوور لە ترسو هەڕەشەو تۆقاندنو چەوساندنەوەو داپڵۆساندن... ژیانێکی ئازادو ئارامو دابینکراو... مافی نیشتەجێبوونە لە وڵاتی خۆ بە سوود وەرگرتن لە خاكو ئاوو هەوای نیشتمان... مافی کارکردنو بەرهەمهێنانی سەرچاوە سروشتییەکانی وڵات... مافی حەسانەوەو خۆشی نۆشتنو گەشتو گوزارو سەیرانو گواستنەوە... مافی ئازادی بیروباوەڕو دەربڕین... مافی فێربوونو زانیاری وەرگرتن... مافی هاوسەریو خێزان پێکەوەنان... مافی شاکاریو داهێنانو دروستکاری... مافی هەبوونیو خاوەنی.

هاووڵاتی چەندین مافی کۆمەڵایەتی هەیە... مافی پێوەندی خێزانو کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریو رامیاری هەیە... کەس بۆی نییە دەست بخاتە کاروبارو ژیانە تایبەتەکەی... مافی بەرهەمهێنانو دروستکاریو بازرگانی هەیە... مافی بەشداری لە ڕێکخستنی ڕێکخراوو کۆمەڵە و یانەو دامەزراوە هەیە... هیچ کەسو لایەنێ بۆی نییە بەزۆر ئەرکی بەسەردابدا... مرۆڤ مافی دەنگدانو هەڵبژاردنو بەڕێوەبردنی وڵاتی هەیە... هاووڵاتی دەبێ پێناسو وڵاتنامەی خۆی هەبێو نابێ بە ناڕەوایی لێی زەوت بکرێ... بۆ پاراستنی مافەکانی بۆی هەیە پەنا بباتە بەر یاساو دادگە... نابێ هەڕەمەکی بگیرێ، یان دوور بخرێتەوە... مرۆڤی گوناهبار، یان تاوانبار بەپێی یاسا سزا دەدرێ... بێ تاوانە تا بە بەڵگە دەردەکەوێ تاوانبارە.

لەبارەی مافە نەتەوایەتییەکان ئەو مافانەن، کە نەتەوەیەك هەیەتی... ئەم مافە نەتەوایەتییانە لە بچووکترین مافی وەك خوێندنو فێربوون بە زمانی خۆ تا "مافی بڕیاردانی چارەنووس" (self - determination right)و سەربەخۆیی دەگرێتەوە... مافی نەتەوایەتی مافی ئازادیو رزگاربوونە لە ژێردەستیو چەوسانەوە... مافی بەکارهێنانی زمانی نەتەوایەتییە لە بواری فێرکاریو راگەیاندنو بەڕێوەبردنو دادگەو بازرگانیو پێوەندی... مافی راژەکردنی رۆشنبیریی نەتەوایەتیە، لەوانە کەلەپوور... مافی نەتەوایەتی نەتەوەیەك ئەوەیە، کە هاوولاتییانی بە یەکگرتوویی لەگەڵ یەکدی بژین... لە سەرووی ئەو مافە نەتەوایەتییانەشەوە سەربەخۆییو دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوایەتییە.

هاوولاتیو نەتەوەی هۆشیار لە کارو ئەرکدا چوستو رێکوپێکن... بۆ مافەکانی خۆشیان سورو گوردن... بۆ وەدەستهێنانو پاراستنیان رەنج دەدەنو خەبات دەکەنو خۆیانی بۆ بەخت دەکەن.

# کەم قسەکردن... زۆر کارکردن

بیرو قسە هاوبەندی یەکن... بیر قسەی بێ دەنگەو قسەش بیری دەنگدارە... هەندێ بیر وتەی بەدوادا دێ... هەروەها بیرو وتەش کار (work)و کردار (action)و "کردە"یان (process) لەدوا دێ... وەدەبێ ئەوەی دەوترێ دەکرێ، بەڵام زۆر جار قسە دەکرێ پەیڕەو ناکرێ، یان بەجێناگەیەنرێ یاخود قسەکەر قسەکە دەکاتو ناتوانێ بیکات !... هەیە قسە دەکاتو تواناو وێرایی نییە بەجێی بگەیەنێ... بۆیە ئەوەی بیری لێدەکرێتەوە، یان دەوترێ مەرج نییە کاری پێبکرێ، یان ببێتە کردارو کردەوە. مرۆڤ بە ئاسانی قسە دەکاتو بە قسە دەوێرێ. بەڵام مەرج نییە هەرچی بوترێ بکرێ... بۆیە وتراوە "دەڵێنو نایکەن"... لەلایەکی دی هەموو قسەیەك کاریگەر نییە، بۆیە پێشینانی کورد وتوویانە "قسە هەزارە یەکی بەکارە !"... لە راستیدا قسە شتێکەو کارو کردارو کردەش شتێکی دین... قسە هیچی تێناچێ، بەڵام کارکردن تواناو پێویستی خۆی دەوێ.

هاووڵاتی مافی خۆیەتی قسە لە کەموکورتیو ناڕێکیو گەندەڵی دەسەڵات بکا، بەڵام دەبێ کەموکورتیو کەمتەرخەمی خۆشی بزانێ... بێجگە لەمە نابێ هەر قسەی هەبێو کرداری نەبێ... زۆر هاووڵاتی هەن قسە دەکەن کەچی خۆیان نموونەی چاك نینو بێ هەڵوێستن. ئەوەی قسە دەکاتو رەخنە دەگری پێویستە لە هەڵسوکەوتو ئەرکیدا رێکوپێك بێ... لە کارو پیشەیدا دڵسۆزو کاراو کارامە بێ... لەگەڵ هاووڵاتییانی پاكو بەنیهاد (conscience) بێ... نابێ هەر رەخنە بگرێو قسەی گەورە بکاو خۆشی هاووڵاتییەکی بێ کەڵكو خراپو دواکەوتوو بێ... بێجگە لەوانەش ئەو قسانەی، کە دەیکات دەبێ بشێ بکرێنو بەجێ بگەیەنرێن چ بەخۆی، یان لەلایەن کەسانی دییەوە.

هەواڵنامەی کتێب

زۆر گوێمـان لـه گلـەیی‌و ڕەخنـه دەبـێ، کـه بەشـێکیان ڕاسـت‌و دروسـتن... هەنـدێکیان "زۆرڕەوی"یـان (exaggeration) تێـدا دەکـرێ‌و وەك خۆیـان باسـیان لێنـاکرێ !... هەندێکیـشیان درۆو هەڵبەسـتن‌و دژی بەرژەوەنـدی کوردسـتان دەوتـرێن‌و ڕاژەی داگیرکـەران دەکـەن. باشـە، کـه ئـەو جـۆرە هاووڵاتییانـه هـەر خـەریکی قـسەکردنن‌و وا ئـازاو خێـران ڕەخنـه بگـرن‌و قـسه لـه کـەموکورتی‌و کەمتەرخەمی کاربەدەستانی خۆیان بکەن، با بەرامبەر بە خۆشیان ڕەخنـەگر بـن‌و بە خۆیاندا بچنەوەو بزانن چەند کەڵکیان بۆ نەتەوەکەیان هەیەو چەندیش ڕاژەی کوردستانی نیشتمانیان دەکەن... بابزانین :

- چەندمان لە کارو ئەرك‌و پیشەمان ڕێکوپێك‌و کەمتەرخەم نین ؟
- چەندمان بە دڵسۆزی‌و خێراو بێ دواخستن کاروبارو خواست‌و پێویستی هاووڵاتییانمان بەجێدەگەینین ؟
- چـەند لـە هاووڵاتییانمـان خـاوێنی کـۆڵان‌و شـەقام‌و شـوێنە گـشتییەکان دەپارێزن‌و وەك ماڵی خۆیان بایەخیان دەدەنێ ؟
- چەند لەوانەی هەر قسەیان هەیە، باخ‌و سەیرانگەو میوانگەو فەرمانگە بە پاکی جێدەهێڵن‌و دەست لە هیچ نادەن ؟
- چـەندمان درەختـی شۆسـتەو شـەقامەکان دەپـارێزین‌و چـڵەکانیان ناشکێنینەوە ؟
- چەند لە هاووڵاتییان بایەخ بە سامانی سروشتی کوردستانی نیشتمانیان دەدەن. درەخت نابڕنەوەو ڕاژەی دەکەن‌و دەزانن چۆن لـە وەرزی خۆیـدا هەڵیانپاچن‌و سوودی پێ بگەینن‌و بای پێویستی خۆشیان کەڵك لە لقی وشك‌و نزم‌و زۆر چڵ وەربگرن ؟
- چەندمان سامانی کوردستان لە ئاژەڵە کێوی‌و باڵندە دەپارێزین ؟
- چـەندمان سـامانی ماسـی نیـشتمانمان دەپـارێزین بـە ڕاو نـەکردنی لـە وەرزی گەرادانان‌و بەکارنەهێنانی تەقەمەنی، کە وردو گەورەی دەکوژێ؟
- چەندمان درەختمان لە شۆستەی خانووەکانمان ناشتووە ؟

♦ چەند ماڵ تورەکەی خاشاك بەكار دەهێنن‌و دەیخەنە قەفەسێكی بەردەرگەیان ؟

♦ چەند لە نۆشدەرەكانمان سەرەڕای دەسكەوتی زۆر، "نۆشدەرگە"ی (clinic) رێكوپێك‌و شایستەیان هەن ؟

♦ چەند ماڵ ئەگەر لە كۆلانیاندا "ئاوەڕۆ"یان (sewage) نەبووبێ خۆیان بە هەرەوەزی لوولەی ئاوەڕۆیان راكێشاوە ؟

♦ چەند لە هاووڵاتییانمان بە ئارەزوو، بێ چاودێری پەیڕەوی رێنماییەكانی هاتوچۆ دەكەن ؟

♦ چەندمان لەسەر شۆستە نەك لە ناوەندی شەقام دەڕۆین ؟

♦ چەندمان لە شوێنی پەڕینەوەو هەڵبوونی چرای سەوز دەپەڕینەوە ؟

♦ چەند هاووڵاتی بە ئارەزوو نەك بە ناچاری لە كاتی خۆیدا بە رێكی باج دەدا ؟

♦ كام دانیشتووانی گوندێك، یان شارۆچكەیەك یاخود شارێكی كوردستان كۆڵانێكی، یان رێگەیەكی خۆڵ‌و گڵیان بەردڕێژ، یان چەوڕێژ كردووە ؟

♦ چەند لە هاووڵاتییانمان یارمەتییان بۆ كوردی لێقەوماوو ئاوارەو دەربەدەری پارچەكانی كوردستان ناردووە ؟

♦ چەند هاووڵاتی وەك "عەلی كەمال"ی گەورە خوێندنگەو نەخۆشخانەیان بۆ هاووڵاتییانی دروستكردووەو یارمەتی خوێندكارو كەسانی نەداریان داوە ؟

♦ كام دوكاندار بە رۆژی رووناك دەست بە كارەباوە دەگرێ‌و چرای ناو دوكان‌و پێش دوكانەكەی هەڵناگیرسێنێ ؟

ئەو هاووڵاتی‌و نەتەوەیەی قسەیان لە كارو كرداریان زۆرتر بێ، چاوەڕوانی فەڕو كەڵكیان لێ ناكرێ... با هەر رەخنە لەمو ئەو لایەنە نەگرین، بە خۆشماندا بچینەوەو پرسینەوە لەگەڵ خۆمان بكەین... با بزانین چەند كارو كرداری چاكمان هەن‌و چەندیش قسەكانمان كردۆتە كردەوە... چەند راژەی نەتەوەی خۆمان‌و

نیشتمانی کوردستانمان دەکەین... با نموونەی چاك بین لە کارو ئەرك بەجێگەیاندن، لە راژەکردنی کۆمەڵگەکەمان، لە رەفتاری جوانو رەوشتی بەرز.

فەرمانبەرو کاربەدەست رۆڵەی ئەم نەتەوەیەن... تا تێکڕای هاووڵاتییانمان رێکوپێكو نموونەی چاك نەبن، چاوەڕوانی لەوان باشتر لە کارمەندان نەکەین... پێویستیمان بە خۆداچوونەوەو چاودێریو بەدواداچوونو پرسینەوە هەیە !!

خۆمان چۆن بین کاربەدەستانیش، کە لە ئێمەن ئەوها دەبن... چاکسازی دەبێ لە هەموومانەوە دەست پێبکات.

هەواڵنامەی کتێب

# سەرچاوەکان


١. فوئادی تاهیر سادق، هۆشیاریی ئابووری، سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩.

٢. فوئادی تاهیر سادق، هۆشیاریی زمانەوانی، زاموا، سلێمانی، ١٩٩٩.

٣. فوئادی تاهیر سادق، کۆمەڵزانی و کورد، چاپ و بلاٌوکردنەوە، سلێمانی، ١٩٩٩.

٤. فوئادی تاهیر سادق، هۆشیاریمان، چاپ و بلاٌوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠٠١.

٥. فوئادی تاهیر سادق، رۆشنبیریمان، چاپ و بلاٌوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٦. د. عەبدولڕەحمان قاسملو، کوردستان و کورد، وەرگێڕ: عبدالله حسن زادە، بنکەی پێشەوا، ١٩٧٣.

٧. تۆما بووا، ژیانی کوردەواری، وەرگێرشانی: ئاواز زەنگەنە، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، ١٩٨٠.

٨. بورهان قانع، بنچینە کۆمەلأیەتییەکانی ئافرەتی لادێ، چاپخانە ئیرشاد، بەغداد، ١٩٧٩.

٩. هیتنی هارۆڵد هانس، ژیانی ئافرەتی کورد، وەرگێڕ: عەزیز گەردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری، بەغداد، ١٩٨٣.

١٠. أ. شامیلۆف، حول مسألة الأقطاع بین ألکرد، ترجمة: کمال مظهر أحمد، مطبعة ألحوادث، بغداد، ١٩٨٤.

١١. د. علي ألوردي، طبیعة ألمجتمع ألعراقي، دار ألحواء، بغداد، ٢٠٠٥.

١٢. د. علي ألوردي، مهزلة ألعقل ألبشري، دار ألحواء، بغداد، ٢٠٠٥.

١٣. د. علي ألوردي، وعاظ ألسلاطین، دار ألحواء، بغداد، ٢٠٠٥.

١٤. د. علي ألوردي، لمحة إجتماعیة عن تأریخ العراق الحدیث، ج، ١-٦ ، مطبعة الأدیب، بغداد، ١٩٧٨.

١٥. د. جورج حنا، ألوعي الأجتماعي، دار ألعلم للملایین، بیروت، ١٩٥٨.

١٦. د. محمد عاطف غیث، علم الأجتماع، دار المعارف، اسکندریة، ١٩٦٣.

١٧. حافظ الجمالي، علم الأجتماع، مطبعة الجامعة السوریة، دمشق ١٩٥٤.

١٨. د. ر. ماکیڤر و د. چارلس ج. پیچ ، المجتمع مکتبة النهضة المصریة، قاهرة، ١٩٤٩.

١٩. عبدالفتاح إبراهیم، دراسات في الأجتماع، مطبعة الرابطة، بغداد، ١٩٥٠.

٢٠. أرمان کوفیلیه، مقدمة في علم الأجتماع، دار المعارف، اسکندریة، ١٩٦١.

٢١. د. محمد أحمد الزعبي، التغییر الأجتماعي، قاهرة، ١٩٧٦.

هەواڵنامەی کتێب

# له بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی

## • بەرهەمی نوسین

١) فەرهەنگی رێزمانی کوردی، د. کەمال میراودەلی.
٢) فەرهەنگی زەویزانی، جەمال عەبدول.
٣) حرکات الخوارج فی غربی اقلیم الجبال و شهرزور و الجزیره الفراتیه: عطا عبدالرحمن محی الدین.
٤) سۆفیزم و کاریگەریی لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورددا: ١٨٨٠- ١٩٢٥، د. جەعفەر عەلی رەسوڵ
٥) قچـاو هەڵـەبجـە، دراسه فی الجغرافیه الاقلیمیه: عطا محمد علاءالدین.
٦) رۆڵی هۆکـــارە سیاســـییەکان لە دابەشبوونی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانیدا: جاسم محەمەد محەمەد عەلی.
٧) پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا، ١٩٩١-١٩٩٨: هێرش عەبدوڵڵا حەمەکەریم.
٨) رۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپاو ئەمریکا، ١٩٤٩-١٩٩١، لێکۆڵینەوە لە مێژووی رۆژنامەگەریی، نەوزاد عەلی ئەحمەد.
٩) هوشیاری کۆمەڵایەتی، فواد تاهیر سادق
١٠) شاری سلێمانی ١٩٣٢-١٩٤٥ ، د. ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی.
11) Report on the Sulaimani District of Kurdistan, E.B. Soane.

## • بەرهەمی وەرگێڕان

١) کۆمەڵکوژییەکەی دەرسیم، حوسێن یڵدرم، لە سوێدییەوە: کاوە ئەمین.
٢) جەنگی عێراق، کاپلان و کریستڵ، لە ئینگلیزییەوە: عەبدولکەریم عوزێری.
٣) یاسا دەستوورییەکانی تورکیا و کورد لە سەردەمی نوێدا، م. ئە. حەسرەتیان، لە روسییەوە: د. دلێر ئەحمەد حەمەد.
٤) سلێمانی ناوچەیەك لە کوردستان، ئی.بی. سۆن، لە ئینگلیزیەوە: مینە.

• گۆڤاری کوردۆلۆجی، ژمارە یەکی ساڵی ٢٠٠٨

هەواڵنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب